پەیامی قیبلە

زنجیرەی
٣٨



# پەیامەکانی قورئان

## (بەرگی یەکەم و دووەم)

د.عومەر عەلی

٢٠٢٠

زنجیره (٣٨)

# پەیامەکانی قورئان
# (بەرگی یەکەم و دووهەم)

د. عومەر عەلی

٢٠٢٠

پەیامی قیبلە

ڕۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان


ناوی کتێب: پەیامەکانی قورئان (بەرگی یەکەم و دووهەم)

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە ( )ی ساڵی ( )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا

واتە: ئایا ئەوە بۆچی ئەوانە وردبینی لەقورئاندا ناکەن و گوێی بۆ ناگرن ؟! یان ئەوەیە دڵەکان لەئاستی ڕاستیدا قفڵ دراوە؟!

سورەتی محمد ئایەتی ٢٤

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين، ولا عدوان إلا على الظالمين، والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين وعلى آله وصحبه أجمعين.. له پاشان

**دەروازە؛**

هۆکاری وڵات و کەسە سەرکەوتووەکانی جیهان ئەو زانستانەیە کە بەهۆی خوێندن و خوێندەواریەوە بەدەستیانهێناوە، وە پێچەوانەکەشی بەپێچەوانەوە.

لە جیهاندا بەردەوام جارِ دەدرێت بۆ خوێندەواری و خوێندنەوە، هیچ کەسێکی ژیر نی یە ناکۆکی لەگەڵیدا هەبێت، ئەوەشی گرنگی پێ نەدات بەهەر هۆکارێك بێت پاساوی بۆ دەهێنێتەوە، نەك لەوەی خوێندەواری و خوێندنەوە کارێکی نایاب نەبێت.

کە سەیری قورئانی راست و پیرۆز دەکەین یەکەم ئایەت و دواندن بە بخوێنە دەستی پێکرد.

. ( اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ) (سورەتی العلق)

سەرەتای پێغەمبەرێتی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم): بەم ئایەتانە دەستی پێکرد: اقرأ باسم ربك الذى خلق ئەی محەممەد! (صلى الله عليه وسلم) بخوێنە ئەوەی وەحیت بۆ دەکرێ بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە، کە هەمووشتێکی دروستکرد. سەرنج بدە! ئەم دینە چەندە ئایینێکی بەرزوو روو لەپێشکەوتن و شارستانیەتە،

یەکـەم نیـگا فەرمـان بەخوێنـدن ئـەداو هانـی مـەردوم بـۆ خوێندنـەوە دەدا.
بـە وردبوونـەوە تەنها لـەو ئایەتـە، کلیلـی سـەرکەوتن و پێشـکەوتنەکانمان نیشـان دەدات کە:
یەکەم: بخوێنە.
دووهەم: بەناوی خواوە، ئەو خوایەی کە دروستی کردوویت.
دواتـر بـە وردبوونـەوە لـە سـورەتەکە ئـەو خوایـە گـەورە بـە روونـی فێرمـان دەکات کـە:
یەکەم: چۆن بخوێنین.
دووهـەم: چـۆن ئێمـە نـەزان بوویـن و خـودی فێربـوون لـە کەرەسـتەو نیعمەتەکانـی ئـەوە.
سـێهەم: نمونـەی گومـڕای مرۆڤمـان دەخاتـە پێـش چـاو کـە چـۆن بـە نیعمەتـی خـوا لـە سـنوری خـوا دەردەچـن.
چوارهـەم: دەماندوێنـێ کـە سـەرەنجامی ئـەو گومڕاییـە چەنـد بەسۆیەو ئایـا گـەر پێچەوانـە بوایـە باشتر نەدەبـوو؟.
پێنجهـەم: لـە کۆتایـدا بەبیرمـان دەهێنێتـەوە کـە شـوکرانە بژێـری بیـن و کڕنوشـی بـۆ بەریـن.
تەنهـا لـەو سـورەتە سـەرەتاییەدا دەبینیـن خـوای گـەورە ڕێڕەوەکانـی پێشـکەوتن و سـەرەنجامەکەی خسـتووەتە پێـش چاومـان، نیشـانی داوین ئەگـەر بخوێنیـن و بەنـاوی ئـەوەوە بێـت کۆتـا بـەچ دەگەیـن، خـۆ گـەر بەنـاوی ئەویشـەوە نەبێـت کـە تەنها بخوێنەکـە وەرگریـن کـە بەشـێکە لـە ئایەتەکـە، ئەوسـا بەشـێکی ژیانمـان هـەر خـۆش دەبێـت، نابینـی کەسـێك بـێ باوەڕیشـە لـە دونیـادا چـوون خوێندوویەتـی یـان بەشـێوەیەکی تـر بڵێیـن پەیـڕەوی بەشـێکی ئـەم ڕێنوماییـەی کـردووە، ئەوسـا بەشـێك لـە

ژیانیدا بەخۆشی بووەو سەرکەوتوو بووە، نابینی کەسێك دەخوێنێت لەگەڵ کەسێکی تردا کە ناخوێنێت جیاوازیان هەر لە دونیادا چۆنە؟ بێگومان ئەنجامی خوێندن و خوێندنەوە هەر لە دونیادا دیارە.
ئەوەشی کە ناخوێنێت باجەکەی دەدات هەر لە دونیادا با مسوڵمانیش بێت و باوەڕێکی پتەوی بە خوای گەورەش هەبێت، باجەکەشی ئەوەیە بێ بەش دەبێت لەو نیعمەتە گەورە خواییە لە دونیادا، ژیانی زۆرجار بە ئیشی قورس و نارەحەتیش دەباتە سەر، خوێندنیش هەر ئەو پلە بەندیە نی یە ئەمڕۆ پەیڕەو دەکرێت، دەکرێت خوێدنێکی کەم و بیرکردنەوەیەکی زۆربێت، کە قورئان هانمان دەدات بۆ جوڵانی ئەقڵ بە گشت شێوەکانیەوە.
گەربێت و هەردووکی پێکەوە گرێدرا، ئەوسا کەسەکە هەم دونیا دەباتەوە، هەمیش قیامەت، هەمیش بە نیعمەتە خواییەکان باوەڕ پتەوتر دەبێت و زیاتر چێژی لێ وەردەگرێت، زیاتر بیروهۆشی بێ گەردەو دڵ ساف وئارامە، لەبری ئەوەی بیربکاتەوەو هەوڵ بدات لە ڕێڕەوی بنەڕەتی خۆی لایبدات بیر لە گەورەیی دروستکەرەکەی دەکاتەوە.
وەك چۆن هەرچۆنیش بیری لێ بکەیتەوەو بە قوڵی بچیت بە خەیاڵدا بۆی دەگەیت بەو ئەنجامەی کە ئەم گەردونە دروستکەری هەیە، ناکرێت ئەم گەردوونە بەم پارسەنگی و رازاوەیی و بەڕێوەچوونیەوە هەروا هەوانتە بێت، ژیری خۆی یارمەتی دەری تەواوە لە گەشتن بەو ئەنجامە، هەربۆیە لە مێژە کە نکۆڵیش لەوە کرابێت تەنها بیرێکی هەرزەیی بووەو زوو پوچ بوونەتەوە هەر لەلایەنی ئەوانەشەوە کە هێشتا پەییان بە راستیەکانیش هەمووی نەبردووە پوچەڵ کراوەتەوە.
کە سەیری قورئانیش دەکەیت رێك لەم گەردونە دەچێت، ئایەتەکانی

لەگەڵ یەك گونجاوە، دژایەتی تێدا نی یە بەرانبەر یەك، چوون حەق نابێت دژی حەق بێت، لەگەڵ پێداویستیەکانی مرۆڤایەتیدا گونجاوە، ناخی مرۆڤەکان دەدوێنێت و ئاوی دەدات، ئەوەی لە ژیانیدا گرنگ بێت پارێزگاری لێ کراوە، هەندێکی یاسای توندی بۆ داناوە بۆ رێگری کردن لێی، هەندێکیشی ئەوەی یاسا ناتوانێت بیدۆزێتەوە هەڕەشی قیامەتی لێ کردووە، چوون دادگا دونیایەکان بێگومان ناتوانن هەموو کێشەکان یەکلای بکەنەوە، بۆیە ئەنجام دادگای عەدالەتی خوایی پێویستە، بە شێوەی رابردوو واتە وەك ئەوەی شتەکە هەمووی بووەو تەواو بووە ئەنجامەکانمان دەخاتە پێش چاو.
کەسێك کە ئیماندارە سەرکەوتووە (قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ) سورەتی المؤمنون ئایەتی (١)، واتە: بە ڕاستی ئەو بڕوادارانە سەرکەوتوو سەرفراز بوون.
لێرەدا هیچ موناقەشەی تێدا نی یەو مەجالی ئەوەی تێدا نی یە کە بڵێی ئیماندار سەرکەوتوو نابێت، یان لەوانەیە سەرکەوتوو نەبێت، یان هەر گومان و یانێکی تر، چوون شتەکە گوزەشتە، تەواو رۆشتووە، کاتێك باس لە رابردووش کرا خۆ ناگەڕێتەوە چوون تازە بووە، سەیر ئەو یەقینە تۆ هێشتا لە ژیاندایت ئەنجامەکەت بە رابردوو دەبینی، چ هێزێك هەیە بەم شێوەیە وزە ببەخشێ بە مرۆڤ و متمانە لە دڵیدا دروستبکات بۆ داهاتووی.
هەموو ئایەتەکانی قورئان چوون لەلای خوای گەورەوە هاتووە بە سیقەو جورئەتەوە دەمانجوڵێنێت، چوون کتێبی نووسەرێك نی یە دواتر لە چاپەکانی تردا دیسان دەستکاری بکرێتەوە، ئەم کتێبە کۆتا کتێبەو چاپی تری نی یە.
لە هەر پێگەیەکی ژیاندا بیت، بە دەستەڵات بیت، بێ دەستەڵات بیت،

هـەر پێگەیەکـی کۆمەڵایەتیـت هەبێـت، کـە سـەیری قورئـان دەکەیـت بەچەندیـن شـێوە لەگەڵتـا دەدوێـت، بەرپرسـیارتی خۆتـت نیشـان دەدا بەرانبـەر خـۆت و بەرانبـەر بـە کۆمەڵگـە، بۆیـە قورئـان کتێبێـك نـی یـە تەنهـا بـۆ ماڵـەکان و مزگەوتـەکان بێـت، قورئـان دەبێـت لـە رەفـەی سـەری سـەرەوەی هەمـوو زانکـۆو کتێبخانەکانـدا بێـت، تەنهـا کتێبێکـە لـە جیهانـدا کـە پێویسـتی بـەوە نـی یـە تـازە بکرێتـەوە، کۆتـا فێرژنـەو بـەو ئەپدەیتیـەش دەمێنێتـەوە، لـە هەرجێگەیەکـدا کەسـانێك بەهـۆی نەخوێندەواریانـەوە لـە قورئـان رەخنەیەکیـان گـرت لـە جێگەیەکـدا، حەتمـەن کۆمەڵێـك دووچـاری دەردێـك بـوون لـەو خاڵـەدا، بۆیـە لەبـری ئـەوەی خۆیـان چارەکـەن دێـن قسـە لەسـەر قورئانەکـە دەکـەن، بـۆ نمونـە کەسـێك نەخۆشـینێك بگرێـت دەبێـت چـارەی نەخۆشـیەکەی بـکات نـەك رەخنـە لـە دەواکـە بگرێـت، وە کەسـێکیش کـە نەخۆشـی شـێرپەنجەی گـرت دەبێـت بەرگـەی دەوای کیمیاویـش بگرێـت گەرچـی کوشندەشـە، چـوون نەخۆشـینەکەش کوشـندەیە، تـا لاپەڕەکانـی قورئـان بـە شـێوەیەکی دروسـتی هـەڵ نەدەینـەوەو لێـی تێنەگەیـن و تێبیڕانەمێنیـن نازانیـن کـە چ نیعمەتێکـە ئـەم قورئانـە، تـۆ سـەیر بکـە، دەتوانیـت قورئـان وەك کتێبێکـی پیـرۆزو رۆحـی بەدەسـتیەوە بگریـت و بیخوێنیـت و لەگەڵ رۆحتـدا تێکـەڵ دەبێـت و ئـاوی دەدات، بەشـێوەیەك وا دەزانیـت کـەس نـی یـە لـە تـۆ زیاتـر، ئینگلیـز دەڵـێ:

Over the moon

واتـە: لەسـەر مانـگ، ئەوەنـدە دڵخۆشـت دەکات تەعبیـر لێـی زۆر ناڕەحەتـە، لەیـەك کاتـدا هـەم دەتگرێنـێ و هەمیـش پێتدەکەنێنێـت، هـا نابینـی زۆرجـار کەسـێك کـە خۆشـیەکی گـەورەی لەنـاکاو رووی تێـدەکات دەگـری و فرمێسـك لەچاوەکانـی دەبارێـت وە لێویشـی بـە خەندەوەیـە،

ئـەو دۆخانـە زۆر ناوازەیـە لـە ژیانـداو گـەر کەسـێکمان لـە ژیانـدا لـەو دۆخـەدا دیبێـت لـە یادمـان ناچێـت، گریانەکانـی کاتـی قورئـان خوێنـدن هەسـتکردن بەخۆشـیەکە پێکەنیـن و خەنـدەی روکـەش ناتوانێـت تەعبیـری لـێ بـکات، بۆیـە پێکەنینەکـە لـە ناخـەوە دێـت و بـە فرمێسـك دەردەکەوێـت، هەتـا ترسـیش لـە قیامـەت و گریـان هـۆی شـەرمەزاریە بەرانبـەر ئـەو خوایـەی کـە چەنـد ئێمـەی خـۆش ویسـتووەو ئێمـە چەنـد نمـەك بـە حـەرام بوویـن لـە ئاسـتیدا.

کاتێکیـش قورئـان وەك کەسـێکی سـەرکردە دەگریتـە دەسـت، رێـك بەجوانـی نیشـانت دەدات کـە چـۆن سـەرکردەیەکی سـەرکەوتوو بیت، چـۆن ئـاگات لـە ژێـر دەستەکانت بێـت، چ بەرپرسـیاریەتیەکی گەورەیـە کـە پێـت سـپێردراوەو لـە خـۆ بایـی نەبیـت و خزمـەت بکەیـت، چـوون ئـەو تەختـەی لەسـەری دانیشـتووی تەختـی دانیشـتن نـی یـە، تەختـی ئیشـکردنە، باوکێـك تـا منداڵێکـی زیاتـر بێـت بەرپرسـیاریەتی زیاتـرە، ئێسـتە تـۆ بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵێـك، قەبیلەیـەك، حیزبێـك، یان تـا دەگاتە وڵاتێـك و بگـرە زیاتریـش بـە دەسـتی تۆیـە، بۆیـە دەبێـت غەمەکەشـت گەورەتـر بێـت یـان قبوڵـی مەکـەو مەچـۆ ژێـر ئـەو بەرپرسـیاریەتیە.

وەك کەسێکی زانـاو بیرمەنـد کـە سـەیری قورئـان دەکەیـت، دەڵێـی ئـەم کتێبـە بـە تایبەتـی هـەر بـۆ تـۆ هاتـووە، دونیایـەك سـود بـە زانسـت و قـوڵ بیرکردنـەوەت دەدات، رێڕەوێکـی جوانـی بـۆ کێشـاویت.

وەك کەسێکی بازرگان و کاسب سـەیری دەکەیت، رێنومایەکانی بەجوانی بـۆت کێشـراوە، کـە چـۆن بازرگانـی بکەیـت و چـۆن ئـاگات لـە هـەژار بێـت و بـۆ سـودی زیاتـری خـۆت هـەژار نەخەیتـە ژێربـاری دانـەوەی سـو، چـۆن فێـڵ لـە کاڵاکانتـدا نەکەیـت، چـۆن کێشـانەکانت سـوکتر نەبێت.

وەك لایەنـی کۆمەڵایەتـی سـەیری دەکەیـت، چـۆن هەتـا وردەکاری

چپەشی باسکردووە، کە چۆن خەڵکی دەبێت نەك لە دەست و دەمت بەڵکو ختورەکانی دڵیشت ئەمین بن.
وەك پەیوەندی جنسی سەیری دەکەیت چۆن چوارچێوەیەکی بۆ داناویت کە ئەو غەریزەی بە دروستی تێدا تێر بکەیت، نە مافی خۆت نە بەرانبەر نە ئەو منداڵانەی کە دێنە دونیاوە پێشێڵ ببێت، مافی هەمووی لەبەرچاو گیراوە نەك تەنها غەریزەکە.
وەك کەسێکی تاوانبارو خراپەکاریش سەیری قورئان دەکەیت عیلاج و چارەسەرەکانتی تێدا دەبینی و ئومێدێکی گەورەشت پێ دەبەخشێت لەگەڵیدا.
بۆیە کە کۆی گشتی قورئان لێك دەدەیتەوەو زەرب و تەقسیمی بکەیت هاتووە بۆ پاراستنی پێنج ئامانجی سەرەکی کە ئەوانیش بریتین لە:
**پاراستنی دین، پاراستنی جەستە، پاراستنی ژیری، پاراستنی وەچە، پاراستنی ماڵ.**
**حفظ الدین، حفظ النفس، حفظ العقل، حفظ النسل، حفظ المال.**
هەموو کایەکانی دونیاش لەسەر ئەو پێنج مەبەستە دادەمەزرێت و بەهێز دەبێت، هەر هەمووی پێداویستی و جێگەی گرنگی مرۆڤەکانە لە ژیاندا، قورئانیش بە رەچاوکردنی پێداویستیە مرۆییەکان هەمووی بۆ دابین کردووەو رێگەی پاراستنیشی دەستنیشان کردووە.
یانی من ئێسە نازانم چەند لایەنی قورئان باس بکەم، تەنها بۆ ئەوەی تۆزێك بەخۆماندا بێینەوە، هەتا لە قورئان خۆیدا لە زۆر جێگەدا وەك راوەشاندن رامان دەوەشێنێت لەوەی:
-ژیری بەکار بهێنین
-بیر بکەینەوە

-تێفکرین بکەین
-وردبینەوە
-سەرنج بدەین
-بەراورد بکەین
-ئەنجامەکان ببینین
لـە پەرتوکەکانـی ترمانـدا زۆر چەمکی گرنگـی قورئانمـان هەڵداوەتـەوە، وەك کتێبی ئەنفالی قورئـان و ئەنفالی سـەدام، پەیامی ئیسلامی قیبلـە، وە کتێبـی تریـش، کـە زۆر لـەو باسـانە گونجـاوە لێرەشـدا هەبێـت، بـەڵام لەبـەر دووبـارە نەبوونـەوەی وازیـان لـێ دەهێنیـن.
لێـرەوە دەسـت دەکەیـن بـە هەڵدانـەوەی لاپەڕەکانـی قورئـان، هەرجـارە لـە خزمـەت بەشـێك لـە ئایەتێـك، ئایەتێـك، چەنـد ئایەتێـك، سـورەتێك، بـۆ ئێـوەی زانسـتخواز بخەینـە روو، دەخوێنیـن و دەخوێنینـەوە تەنهـا بەنـاوی ئـەو خوایـەی کـە خـۆی نـاوی خـۆی بـردووە بـە الله.

# گرنگی قورئان

زۆر ڕێی رازاوەی دونیام گرتە بەر
بەرەو بەرزی کێو، نزمیی دەشت و دەر
نەگەیشتمە مەبەس، گشت فریودان بوون
رەنجی چەن ساڵەش ڕۆیی بەهەدەر
بە تیشکی قورئان کەوتمە سەر ڕێ
دڵ ئارام بیر ساف ڕێگەی ڕاست ئەگرم
بەشادی هەنگاو ئەنێم بەرەو جێ
تاکو ئەو کاتەی ئەجەل دەستی دێ[1]

مـرۆڤ وەك دروسـتكراوێك كـە ژيـری پێـدراوەو جياكراوەتـەوە لـە بونەوەرەكانـی تـر بەهـۆی ژيريـەوە، زۆرجـار تەنها وشـەيەك دەبێتـە خاڵی وەرچەرخـان لـە ژيانيـدا، زۆرجـار خوێندنـەوەی بابەتێـك كاری تـێ دەكات و بڕيـاری گۆڕيـن لـە خۆيـدا دەدات، زۆر هەيـە بـە خوێندنـەوەی كتێبێـك كاريگـەری لەسـەر دروسـت دەبێـت و ژيانـی سـەرتاپا دەگۆڕێـت، لـە كاتێكدا كتێبەكـە تاقەتـی نـی يـە جارێكـی تريـش بيخوێنێتـەوە، زۆرێـك هەيـە بـە نەسـيحەتی كەسـێكی لـە خـۆی گەورەتـر يـان بـە ئەزموونتـر بـڕوا دەهێنێـت و دەيـكات بـە ڕێـڕەوی كار لـە ژيانيـدا، بـە گوشـراوی مرۆڤـەكان گـەر ژيريـان بەكاربهێنـن سـود زۆرە لـە چـواردەوردا، خـوای گـەورە قورئانـی بـۆ ئـەو خـاوەن ژيرانـە نـاردووە تـا بەلاڕيـدا نـەڕۆن و دواتـر تەمەنێـك سـەرف بكـەن بـەدوای ڕێگـەی راسـتداو ژيـان لـە سـەرگەردانيدا بەسـەر بـەرن، تـۆی مـرۆڤ چـۆن بـە پەيـڕەوو پرۆگرامـی

---

(١) سروەی بێداری

کەسێك قەناعەت ئەکەیت کە ئەویش مرۆڤێکە وەك تۆ بەڵام لە ئاست قورئاندا لوت بەرزو لە خۆ بایت جا چ قورئانێکیش، قورئانێك خوای گەورە تێیدا دەفەرموێت: (لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا الْقُرْآنَ عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ اللَّهِ ۚ وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ)(سورەتی الحشر ٢١) . واتە: ئەگەر ئەم قورئانەمان دابەزاندایە بۆ سەر کێوێ (وە تێگەیشتنمان بدایەتێ) دەتبینی بە ملکەچی و لەت لەت بوو لە ترسی خوا ئەم جۆرە نموونانە دەیان هێنینەوە بۆ خەڵکی بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە.

تۆ سەیر قورئان چۆن مرۆڤەکان ئەدوێنێ و مێشمان دەبزوێنێت بە چەندەها نمونەی جوان، بۆ ئەوەی بەخۆماندا بێینەوە بە هۆش و ئاگایی زیاترەوە ئیش بکەین، وەك دەفەرموێت: (أَفَمِنْ هَٰذَا الْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ*وَتَضْحَكُونَ وَلَا تَبْكُون*وَأَنتُمْ سَامِدُونَ*فَاسْجُدُوا لِلَّهِ وَاعْبُدُوا) ( سورەتی النجم ٥٩-٦٢).

واتە: ئایا ئێوە سەرتان لەم قورئانە سورِ دەمێنێت و بە لاتانەوە سەیرە؟. وە بیر لە ئاکامی خۆتان ناکەنەوەو گاڵتەتان پێی دێت و پێدەکەنن و لەجیاتی ئەوەی بۆ حاڵی خۆتان بگرین، لوتبەرزیی دەکەن و گەمەتان پێی دێت و گۆرانی دەڵێن؟. (سمد): یاریکردن و بێ ئاگاییە. کە وایە سوجدە بۆ خودا ببەن و تەنها ئەو بپەرستن و، واز لە هاوەڵدانان و بتپەرستیی بهێنن و یەکتاپەرست بن.

بۆیە کەسێکی دەشتەکەی کە گوێی لەم ئایەتانە دەبێت دادەبەزێت لە حوشترەکەی و یەکسەر سوجدەی بۆ دەبات، چوون بە جوانی تێدەگات و لە دڵەوە گوێی لە قورئانەکە گرتبوو.

بەڵام بەردەوام کەسانێك هەن نایەنەوێت ئەم قورئان بڵاو نەبێتەوە، ماناکانی دەشێوێنێت، دەیکەن بە هەراو هوریاو قاڵە قاڵ تا خەڵکی

گوێـی لـە قورئـان نەبێت، لـە گرنگـی و ئەهمیەتـی قورئـان کـەم دەکەنەوە، تایبەتـی دەکـەن بـە مـردووە، چەندیـن وەسـائیل بـەکار دەهێنـن بۆئـەوەی قورئـان وەك خـۆی نـەگات و خەڵکـی گـوێ بیسـتی نەبێـت، خـوای گـەورە لـە قورئانـدا دەفەرموێـت: (وَقَـالَ الَّذِيـنَ كَفَـرُوا لَا تَسْـمَعُوا لِهَٰـذَا الْقُـرْآنِ وَالْغَـوْا فِيـهِ لَعَلَّكُـمْ تَغْلِبُونَ)(سـورەتی فصلـت ٢٦) . واتـە: بـێ بـاوەڕان دەیانـوت: گـوێ مەگـرن بـۆ ئـەم قورئانـە و بیکـەن بەگاڵـە و هـەرا و هوریـا (لـەم سـەردەمەدا ئـەو ڕاگەیاندنـەی بەدەسـت ناحەزانەوەیـە ئـەو ڕۆڵـە دەبینێـت) بـۆ ئـەوەی ئێـوە زاڵ ببـن و بیبەنـەوە.

قورئـان فێرمـان دەکات بـۆ ئـەوەی سـودی لـێ وەرگریـن دەبێـت بـە ئەدەبـەوە نـەك تەنهـا گوێـی لـێ بگریـن بەڵکـو بێدەنگیـش بیـت لـە کاتـی گوێگرتنەکـەدا، چـوون دەکرێـت کەسـێك گـوێ بگرێـت و قسـەش بـکات، بـەڵام بـۆ قورئـان دەبێـت نـەك تەنهـا گـوێ بگریـن بەڵکـو بـێ دەنگیـش بیـن لـە کاتـی گـوێ گرتنـدا.

(وَإِذَا قُـرِئَ الْقُـرْآنُ فَاسْتَمِعُوا لَـهُ وَأَنصِتُـوا)( سـورەتی الأعـراف ٢٠٤) . واتـە: کاتێـك کـە قورئـان خوێنـدرا دەبـێ گـوێ ی لـێ بگـرن و بێدەنگیـش بـن بـۆ ئـەوەی خـوا میهرەبانیتـان لەگـەڵ دا بـکات.

جگـە لـەوەش وتـەی کافرەکانـە کـە دەڵێـن کـە قورئـان خوێنـرا قاڵەقـاڵ بکـەن و کارێـك بکـەن کـە خەڵکـی گوێـی لـێ نەبێـت، یـان گوێـی نەداتـێ، وەك لـە سـەرەوە باسـمانکرد.

قورئـان تاکـە کتێبـە کـە تەنهـا خوێندنەوەکـەی چاکـەی بـێ شـومارت لیـوەی دەسـت دەکەوێـت، ئارامـی بـە ڕۆحـت دەبەخشـێت و ڕێگـەی بـۆ ژیانـت دادەنێـت، خێـری دونیـاو قیامەتیشـتی دەوێـت.

سا خوایە قورئان بکەیت بە بەهاری دڵمان و شیفاکارمان لە قیامەتدا.

## نامەی کردەوەکانمان

زۆر زانکۆی بەرزو قوتابخانەم دی
بیری فەلسەفی و چەن ئەفسانەم دی
زانست و هونەر چەن دەستوورم دی
نەگەیشتنە ئەوەی لەم قورئانەم دی[٢]

رۆژێـك دێـت نامـەی کردەوەکانـت دەدەنـە دەسـتەوەو پێـت دەوترێـت (اقْرَأْ كِتَابَـكَ كَفَىٰ بِنَفْسِـكَ الْيَـوْمَ عَلَيْـكَ حَسِـيبًا)( الأسـراء ١٤). واتـە: دەی نامـەی کردەوەکانـت بخوێنـەرەوە و تەماشـای بکـە، ئەمـڕۆ هـەر خـۆت بڕیـار بـدەو حسـاب بـۆ خـۆت بکـە (شایسـتەی چ جـۆرە پاداشـتێکیت؟!). پێغەمبـەر درودی خـوای لەسـەر بێـت لـە فەرمودەیەکـدا دەفەرموێـت (الكَيِّـس مَـنْ دَانَ نَفْسَـهُ، وَعَمِـلَ لِمـا بَعْـدَ الْمـوْتِ)[٣] . واتـە: مرۆڤـی ژیـرو ئاقـڵ ئەوەیـە نەفسـی خـۆی بخاتـە ژێـر کۆنترۆڵـی خـۆی و وە ئیـش بـۆ دوارۆژ بـکات.

تـۆش سـەیر دەکەیـت ئەگـەر کەسـێکی چـاك بـوو بێتـی، دەبینـی لاپەڕەیـەك نوسـراوە نوێژەکانـی بەچاکـی کـردووە، سونەتیشـی هەیـە، نوێـژی جەماعەتیشـی زۆر تیایـە، شـەو نوێـژی تیایـە، نوێـژی تیایـە لـە ماڵـەوە لەگـەڵ خێـزان و منداڵـەکان بـە جەماعـەت کردووتـە، دڵـت زۆر پێـی خـۆش دەبێـت، دەبینـی لاپەڕەیەکـی تـر رۆژووی تیایـە، رەمەزانـت گرتـووە، ورد دەبیتـەوە لێـی دەبینـی جگـە لـە رەمـەزان رۆژووی تریشـی زۆر تیایـە، رۆژی عەرەفـە، تاسـوعاو عاشـورا، پێنـج شـەممەو دوو شـەممە، ئـای چەنـد دڵخۆشـکەرە، فێنکـی بـە دڵـدا دێـت، لاپەڕەیەکـی تـر هـەڵ

(٢) سروەی بێداری جمال حبیب الله
(٣) ئیمامی ترمذی دەیگێڕێتەوە

دەدەیتــەوە دەبینــی حەجــی تیایــە، ئیتــر بــەو شــێوەیە...
ئەگــەر کەســێکی چاکــەکار نەبــوو بێتــی، دەبینــی نوســراوە نوێژەکانــی نەکــردووە، ئــەی قــوڕ وەبانــی ســەرم هــەر لــە یەکــەم لاپــەڕەدا بــە بەدبەختــی دەســتی پێکــرد، دواتــر دەبینــی شــتی وای تێــدا نوســراوە هــەر ئەســڵەن بەبیریشــدا نەدەهــات، جــا ئەوســا دەڵێــی (يَـا وَيْلَتَنَـا مَـالِ هَٰـذَا الْكِتَـابِ لَا يُغَـادِرُ صَغِيـرَةً وَلَا كَبِيـرَةً إِلَّا أَحْصَاهَـا)( الكهف ٤٩). واتــە: هــاوار لــە ئێمــە ئــەم نامــەو دۆســیەیە چیــە؟! هیــچ گوناهێکــی وردو درشــت بەجــێ ناهێڵێــت بەڵکــو هەمــووی تۆمــار کــردوە، ئــەو خەڵکــە هەرچیــان کــردووە (بەدەنــگ و ڕەنگــەوە) ئامادەیــە.
قــوڕ وەبانــی تەوقــی ســەرم، خــۆ ئەمــە هیچــی لەبیــر نەچــووە، نــە گــەورە، نــە بچــووك هەمــووی نووســراوە.
جــا گوناحــی وای تێــدا نوســراوە تــۆ هــەر بــۆ خۆشــی وتووتــە هیــچ گرنگیشــت پــێ نــەداوە، بیــر دەکەیتــەوە ئــەی خــوا گیــان باشــە ئەمــەم بــۆ کــرد، بــۆ ئــەوەی دەســتکەوتێکی کەمــی دونیایــم دەســت کەوێــت، بــۆ ئــەوەی دەستخۆشــیەکم لــێ بکــەن، بــۆ ئــەوەی بڵێــن بەخــوا زیــرەك و ڕۆشــنبیرە، بــۆ ئــەوەی لەقەبێکــی دینیــت پێــوە نەنێــن، شــەرمت ئەکــرد لــەوەی بــە دینــدار بتناســن، عەیبــت لــێ دەهــات بگەڕێیتــەوە بــۆ ئیســلام، دوای هــەواو ئــارەزوو دەکەوتــی، بیردەکەیتــەوە ئــەی چەنــد بەدبەخــت بــووم، خــۆ ئــەم تاوانانــە لــە کاتــی خۆیــدا زۆر ئاســانیش بــوو کــە نەمکردایــە، یــان چــارەم کردایــە پێــش ئەمــڕۆژە.
ئەزیەتــی خەڵکــت دابــوو، دەســتەڵاتت هەبــوو خــراپ بــەکارت هێنابــوو، ڕۆشــتبوویتە ئەوروپــا بــۆ ئیقامــە خــۆت کردبــوو بــە مەســیحی و خــۆت بــە دەمــی خــۆت دانــت نابــوو بــەوەی کــە تــۆ مســوڵمان نیــت، ئیتــر هــەروا دەبینــی شــتی وای تێدایــە، هــەر ئــەوە نــی یــە دڵــت بتەقێــت کــە بــۆ

هەروا بە سادەیی ئەو کارانە بەسەرتا تێپەڕیوە، بەڵام فایدەی نی یە، هیچ دەرچوونیشت نی یە، کەس ناتوانێت نامەیەکی پشتگیریت بۆ بنوسێ و بڵێ عایدی ئێمەیە، هەر ئەندامەکانی جەستەی خۆشت لێت دەبن بە دوژمن و شایەتیت لە دژت دەدەن، خۆ دونیا نی یە دوو قورئان خۆر قورئانت بۆ بخوات.

جا ئێستە هێشتا کتێبەکە بە دەستمانەوەیە، کاتمان هەیە بۆ ئەوەی موراجەعەی بکەینەوە، هەرچی شتی خراپی تێدا بێت بیسڕینەوەو کاری باشی تێدا تۆماربکەین، عەهد بدەین بەخوای گەورە هەر لەم ساتەوە، بەڵێ هەر لە ئێستەوە، ئیتر تەلەبەیەکی زیرەك و گوێڕایەڵ و چوست و چالاك بین، تا بە مردنمان شەهادەی ئیسلام بەدەست بهێنن، چوون تاکە شەهادەیە کە لە قیامەتدا بخوات و موستەقبەلی هەبێت.

کە سەیری قورئان دەکەیت بە چەندین شێوە شێوەی مردن، کاتی مرد، دوای مردن و حساب و کتاب و چۆنیەتی وەرگرتنی نامەی کردەوەکان و دۆخەکان بە گشتی دەخاتە روو، رێك دەڵێی فلیمێکی ترسناکە، لەگەڵ هەر چرکەیەکدا خورپە بە دڵدا دێت و چاوەڕوانی کارەساتێکی گەورە دەکات، ئەمڕۆ رۆژێکە بتوانیت ئەو رۆژەی پێ رووناک بکەیتەوە، کارێك بکەیت ترست لەوە نەبێت کتێبەکەت چی تێدا نوسراوە، دەستت لەسەر دڵت نەبێت گەر نامەی کردەوەکانت ئاشکرا کرا ئابڕووت بچێت و ئەنجامی چاکی نەبێت.

خوایە گیان لە قیامەتدا دڵمان بە نامەی کردەوەکانمان خۆش کەیت و عاقیبەتمان بەخێر بگێڕی.

## کەسی سەرکەوتوو

یاسای چەندەها چین و هۆزم خوێند
بیردۆزی قووڵ و پڕ لە سۆزم خوێند
بەڕاستم زانین، هەڵە دەرچوون کە:
یاسای قورئانی زۆر پیرۆزم خوێندن

کێن ئەو کەسانەی کە سەرکەوتوون لە ژیاندا؟ قورئان دەستنیشانی دەکات و دەفەرموێت (قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا)(الشمس ٩). واتە: بەڕاستی ئەو کەسە سەرفرازە کە نەفسی پاک و پوختە کردووە و ئیمان و ترسی خوای تیادا ڕواندووە.
لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت (أَتَدْرُونَ مَا الْمُفْلِسُ قَالُوا: الْمُفْلِسُ فِينَا مَنْ لا دِرْهَمَ لَهُ وَلا مَتَاعَ ، فَقَالَ : إِنَّ الْمُفْلِسَ مِنْ أُمَّتِي يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِصَلاةٍ وَصِيَامٍ وَزَكَاةٍ وَيَأْتِي قَدْ شَتَمَ هَذَا وَقَذَفَ هَذَا وَأَكَلَ مَالَ هَذَا وَسَفَكَ دَمَ هَذَا وَضَرَبَ هَذَا فَيُعْطَى هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ وَهَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ فَإِنْ فَنِيَتْ حَسَنَاتُهُ قَبْلَ أَنْ يُقْضَى مَا عَلَيْهِ أُخِذَ مِنْ خَطَايَاهُمْ فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ)[٤]. واتە: ئایا دەزانن موفلیس کێیە؟ وتیان: موفلیس لەناو ئێمەدا کەسێکە پارو شتی نەبێت، ئەویش فەرمووی: بەراستی موفلیس لە ئومەتی مندا ئەوەیە لە رۆژی قیامەتدا دێت و نوێژی هەیە، رۆژی هەیە، زەکاتی هەیە، بەڵام قسەی بە کەسێك وتووە، تانەی لە کەسێك داوە، تۆمەتی بۆ کەسێك هەڵبەستووە، ماڵی خەڵکی خواردووە، خوێنی رژاندووە، داویەتی لە خەڵك، ئەمە لە کردەوە

(٤) مسلم عن أبي هريرة

چاکەکانی دەخرێتە سەر چاکەی ئەو کەسەی کە ئەمانەی بەرانبەر کردووە، دواتر کە چاکەی نەما خراپەی ئەوانەی کە خراپەی بەرانبەر کردوون دەخرێتە سەر خراپەکانی ئەم کەسەو دەچێتە جەهەنم.
مرۆڤی ژیرو ئاقل لە ژیانیدا دەبێت چەندین وێستگەی هەبێت بۆ بەخۆدا چوونەوە، وەك چۆن هەتا بۆ سەرکەوتنە دونیاییەکان وێستگە هەیە، بۆ خوێندنە تاقیکردنەوە دانراوە، هەم خوێندنەکە کاتەکەی دیاری کراوە، هەمیش تاقیکردنەوەکە، بۆ کارە کرداریەکانە تاقیکردنەوەی کرداری دانراوە، هەم راهێنانەکە کاتی دیاری کراوەی هەیە، هەمیش بۆ تاقیکردنەوەکە، هەتا پسپۆر بەسەرتەوەیەو چاودێریت دەکات و هەڵت دەسەنگێنێت کە تۆ چەند شیاوی سەرکەوتنیت لەو کارەدا، وە پلەشت پێ دەدرێت.
دەبێت تۆش بەردەوام وێستگەت هەبێت و خۆت لە فلتەر بدەیت بۆ دەرچوون، دەبێت زۆریش وریا بیت، بڕیارەکەی تۆ بڕیار نی یە لەسەر کەسێکی تر، بڕیارە لەسەر خودی خۆت، ئەوە خۆتی چ پلەیەك بەخۆت دەدەیت، لە دیندا دەبینی رۆژانە ٥ جار نوێژت بۆ دانراوە، لە حەفتەیەکدا رۆژی جومعەت بۆ دانراوە، لە ساڵێکدا رەمەزانت بۆ دانراوە، لە تەمەنتا حەجێکت بۆ دانراوە، ئایە ئەمانە هەمووی ئیتر بەس نی یە بۆ ئەوەی کە مردی پلەی ئیمتیاز بهێنێت.
لە نوێژێکدا توشی غەفڵەت بوویت و نەتکرد ئەی نوێژی دوای چی، جومعەیەك خۆت گێل کرد ئەی جومعەکانی تر چی، رەمەزانێك عوزرێکی نابەجێت بۆ خۆت هێنایەوە ئەی رەمەزانەکانی تر چی، کاریگەر بوویت بە بیرۆکەکەی پوچ لەوەی حەجەکەت نەکەیت ساڵێك، ئەی ساڵەکانی تر چی.
خوای گەورە کە دەرفەتێکی پێداویت و بە ئاسانی ساڵت بەسەردا

تێدەپەڕێت سوپاسی بکە، بۆ بۆ تاقیکردنەوەیەکی دونیایی ئەگەر کاتێکی کەم لەسەرمان بوەستن دونیایەك مەمنونی مامۆستاکەمان دەبین، لە کاتێکدا دەبێت تەکلیفی لێ بکەین، بە نووسین داوا بکەین، بەڵگە بخەینە روو کە بۆ ئەو تاقیکردنەوە لەکاتی خۆیدا پێمان ناکرێت، دواتریش چەند جارێك مۆڵەتی کردنەوەی تاقیکردنەوەکەمان پێ دەدرێت گەر کەوتین ئیتر تەواو.

رۆژانە خوای گەوە بانگمان دەکات، بانگمان دەکات بۆ سەرکەوتن، تۆش سەرپشکی لەوەی بەدەم ئەو بانگەوە دەچیت یان خۆتی لێ گێل دەکەیت تا دەکەویتە ناو چاڵەکەوە.

سەرکەوتنی راستیش ئەوەیە کە لەم تاقیکردنەوە سەرکەوین، گشت سەرکەوتنەکانی دونیا کاتیەو کۆتایی پێ دێت، لە قورئاندا جوان وەسفی ئەم سەرکەوتنە کراوە، جا دەکرێت مرۆڤ لە گشت تاقیکردنەوە دونیایەکاندا سەرکەوتوو نەبێت بەڵام لەمەیاندا سەرکەوتوو بێت، تەنها سەرکەوتنێکیش کە جێگەی خۆشحاڵی تەواو بێت ئەم جۆرە سەرکەوتنەیە، هەیە لە دونیادا ئەم سەرکەوتنە حەقیقە دەکاتە قوربانی بەناو سەرکەوتنێکی دونیایی! قورئان جوان و گشتگیرانە دۆخەکەی خستووەتە پێش چاومان و سەرکەوتنی حەقیقیمان نیشان دەدات، بەڵام کەسێکی دەوێت بە حەقیقیش لەو قورئانە بگات و بە ئاگاییەوە لە وشەکانی وردبێتەوە.

داواکارم لە خوای گەورە چاڵەکەمان بۆ بکاتە باخێك لە باخەکانی بەهەشت، و لەو کەسانە بین کە بەدەم داواکاریەکانی خوای گەورە دەچن و پلەی بەرز لەم تاقیکردنەوەدا بەدەست بهێنین.

# گرنگی بەردەوامی لەسەر خواپەرستی

ڕۆڵە بە دایم رووکەرە خوا
هەرچی گا کێڵای نابێت گا بیخوا
نیوەی دەسڕەنجت هەر بۆ بێ نەوا
خۆت ریسوا مەکە بۆ کراس و کەوا

کاتێك مردن تەنگ بە مرۆڤ هەڵ دەچنێت و ئیتر بێ نیاز دەبێت لە دونیاو بە نیاز دەبێت بۆ قیامەت، دوو ترس رووی تێدەکات، هەم ترسی دونیا بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم خەمخۆریان بووە، وەك خێزان، منداڵ، دایك و باوك، خوشك و برا، هەرکەس کە ئەم تا ئێستە خەمی هەڵگرتوون، وە خەمی خۆشیەتی کە نازانێت ئەنجامی چ دەبێت، چوون ئەوەتا ئیتر هەنگاوێکی ماوەو تەواو لە دونیا دەردەچێت، کۆتایی دونیاو سەرەتای قیامەت، جا بۆ کەسێك کە خوای گەورەی بە خوا ناسی بێت و بەردەوام بوو بێت لە سەر پەرستنی ئا لەو کاتەدا کە دوو ترسی زۆر گەورەی هەیەو چواردەور ماڵ و منداڵ و سەروەتەکەی ناتوانن هیچی بۆ بکەن، لەو کاتەدا خوای گەورە بە تەنهاو بەو خەمەوە پشتی تێ ناکات بەڵکو، هەر لەوێدا متمانەی بێ خەمی پێ دەدات بۆ ئەوەی دوای خۆی جێیهیشتووە، مژدەی ئەنجامێکی باشیشی پێ دەدات هەر لەو کاتەدا وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ) (سورة فصلت ٣٠) واتە: ئەوانەی بەڕاستی وتیان: پەروەردگارمان (الله) یە، لەوەودوا بەردەوام پابەندی ئەو ڕێبازە ڕاستە بوون، ئەوە لە سەرەمەرگدا دەستە دەستە فریشتە دادەبەزن بۆلایان، پێیان دەڵێن:

هیـچ تـرس و بیمێکتـان نەبێـت لـە داهاتـوو، هیـچ غـەم و پەژارەیەکتـان نەبێـت بـۆ ڕابـردوو، مژدەتـان لـێ بێـت بـەو بەهەشـتەی کـە لـە کاتـی خـۆی بەڵێنتـان پـێ دەدرا.

لـە فەرموودەیەکیشـدا لەسـەر ئیمـان بەخـوای گـەورەو بەردەوامـی لەسـەر ئـەو ئیمانـە هاتـووە لـە وەڵامـی پرسـیاری هاوەڵێکـی پێغەمبـەر درودی خـوای لەسـەر بێـت کـە داوای کـرد لـە پێغەمبـەر شـتێکی فێربکات لـە ئیسـلامدا ئیتـر پێویسـتی بـە هیچـی تـر نەبێـت، پێغەمبەریـش درودی خـوای لەسـەر بێـت فەرمووی:(قُـلْ: آمَنْـت بِـاَللَّهِ ثُـمَّ اسْـتَقِمْ) واتـە: بڵـێ ئیمانـم هێنـا بـە اللەو وە پاشـان بەردەوامبـە لەسـەری.

کەواتـە بـۆ ئـەوەی شایسـتەی ئـەو دوو مـژدە خۆشـە بیـن، دوو کارمـان لەسـەرە بیکەیـن کـە ئەوانیـش:

یەکەم: ناسینی خوای گەورە.

دووهەم: بەردەوامی لەسەری.

خـوای گـەورە ئیمـان لـە دڵمانـدا جێگیـر بـکات و بەردەوامیمـان پـێ ببەخشـێت لەسـەری امیـن.

## وەکو قەومی موسا (علیه السلام) مەبن

ڕۆڵە عیسایی یاخود موسایی
مەڕۆ بە گژیا هەربەخۆڕایی
هەتا ئەتوانی بە دڵ نەوایی
بیهێنە سەر ڕێ ڕێگەی برایی(٥)

مرۆڤی ژیرو ئاقڵ سود لە ئەزموونی باو باپیراون و کەسوکارو دەوروبەر وەردەگرێت، نایەت هەڵەیەك ئەوان دووبارەیان کردووەتەوەو پێیدا تێپەڕیوون ئەویش هەمان هەڵە بکات، لە مێژە وتراوە گوێ لە پیرەکان بگرن، چوون ئەوان قسەی ئەزموون و سەرەنجامی کردارەکان دەکەن.
جا وەرە کەسێك باسی ئەزموونی رابردووت بۆ بکات کە خاوەنی ئەرزو ئاسمانە، خاوەنی رابردوو وە داهاتووشە، چ عەقلێکە بە ئاگاییەوە گوێی بۆ نەگرێت و بە گوێی نەکات! خوای گەورە لە چەندین جێگەدا لە قورئاندا باسی ئەنجامی گەلانی پێشوومان بۆ دەکات، گەر سەیریش بکەین قورئان بیکەیت بە سێ بەشەوە یەك بەشی چیرۆکە، هەر لە ئەزموون و ئەنجامی گەلانەوە هەتا نمونەی تاکە کەسیشی تێدایە، چەند گرنگەو لە ژیانماندا بە قازانج دەوەستێتەوە گەر بە وریایەوە هەنگاوی لەگەڵدا هەڵگرین، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ آذَوْا مُوسَى فَبَرَّأَهُ اللَّهُ مِمَّا قَالُوا ۚ وَكَانَ عِندَ اللَّهِ وَجِيهًا)(سورەتی الأحزاب ٦٩) واتە: ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە: وەکو ئەوانە

---

(٥) قانع

مەبن کە ئازاری موسایان دا (تۆمەتیان بۆ دروستکرد، بوختانیان بۆ هەڵبەست) خوای گەورەش (لەو تۆمەت و بوختانەیان) پاڕاستی و پاکیی ئاشکرا کرد وە ئەو لای خوا زۆر بەڕێزو ئازیزە.
لە فەرمودەیەکیشدا هاتووە لەسەر ئەم ئایەتە کە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی: (إن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) قال: إن موسى كان رجلا حييا ستيرا، لا يرى من جلده شئ استحياء منه، فآذاه من آذاه من بني إسرائيل فقالوا: ما يتستر هذا التستر إلا عيب في جلده إما برص، وإما أدرة - انتفاخ الخصيتين - وإما آفة، وإن الله أراد أن يبرأه مما قالوا لموسى، فخلا يوما وحده فخلع ثيابه على حجر ثم اغتسل، فلما فرغ أقبل إلى ثيابه ليأخذها وإن الحجر عدا بثوبه، فأخذ موسى عصاه وطلب الحجر، فجعل يقول: ثوبي حجر، ثوبي حجر، حتى إنتهى إلى ملأ من بني إسرائيل فرأوه عريانا أحسن ما خلق الله -عز وجل- و أبرأه مما يقولون وقام الحجر، فأخذ ثوبه فلبسه، وطفق بالحجر ضربا بعصاه، فوالله إن بالحجر لندبا - أثرا- من أثر ضربه ثلاثا أو أربعا أو خمسا)(٦) واتە: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: بەڕاستی مووسا پیاوێکی زۆر بەشەرم و خۆداپۆشەر بوو، هەرگیز هیچ شتێکی -لەشەرمدا- نەدەبینرا، جا بەنی ئیسرائیل وتیان: ببێ و نەبێ؛ موسا یا توشی نەخۆشی بەڵەکی بووە، یا قۆڕە، یا گرفتێکی تری هەیە! بۆیە ئەوەندە سوورە بۆ خۆ داپۆشین! ئەو جا خوا ویستی پاکانەی بۆ بکات لەو بوختانە، بۆیە رۆژێ مووسا بەتەنیا لەچۆڵییەکا خۆی دەشۆرێ و جل وبەرگەکەی لەسەر بەردێ دادەنێ، جاکاتێ لێبوویەوەو چوو جلەکانی لەبەر بکاتەوە؛ و رۆیشت، مووسایش دار دەستەکەی بەدەستەوە گرت و

---

(٦) صحیحی بوخاری

دوای کـەوت وهـەر ئـەی وت: بەردەکـە! جلەکانـم. و ئەوانیـش بـەرووت و قووتـی دیتیـان و بۆیـان دەرکـەوت کـە هیـچ عەیـب و نەنگێکـی پێـوە نییـە. بەکورتیـی: موسـا (علیـە السـلام) پیاوێکـی زۆر بـە شـەرم بـوو، زۆر هەوڵـی ئـەدا لەشـی نەبینـرێ، بۆیـە زۆریـش خـۆی دائەپۆشـێ، جـا لەبەرئـەوە جوولەکـەکان وتیـان: دیـارە لەشـی عەیبـدارە بۆیـە ئەوەنـدە سـورە لەسـەر خـۆ داپۆشـین! جـا خـوای گـەورە کارێکـی بـۆ سـازان - ئـەوەی فەرموودەکـە- و جوولەکـە بەچـاوی خۆیـان دیتیـان کـە جوانتریـن و بێعەیـب تریـن تـەن و لەشـی هەیـە.

جـا گـەر سـەرنجی قەومـی موسـا بدەین لـە قورئانـدا زۆر وێستگەی گرنگ دەبینیـن لـە ژیانـی پێغەمبەرەکەیـان موسـا سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت و گەلەکـەی کـە جولەکـە بـوون، جولەکـە قەومێکـی ترسنۆك و خـۆ پەرسـت و دونیـا ویسـت بـوون، لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو هەمـوو موعجیزەشـیان لـە پێغەمبەرەکەیـان دەبینـی و کەچـی ئەوەنـدە پشـتیان دەگـرت کـە لەگـەڵ حـەزی خۆیانـدا بگونجێـت.

موسـا سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت بـە گاڵۆکەکـەی هەرچـی سـیحری ساحیرەکانە پوچـی کـردەوە کـە ئەوەنـدە گەورەبـوو هەتا سـاحیرەکانیش باوەڕیـان پێکـرد، دواتـر فیرعـەون و دەسـتەو دائیرەکـەی کەوتنـە شـوێنیان، گەلەکـەی وتیـان بـرا بـۆ کـوێ دەچیـت موسـا، ئەوەتـا جێشـێك لـە دوامانەوەیـەو بەحرێکیـش لـە پێشـمانەوە، کەچـی لـە جێشـەکەش رزگاریـان بـوو لـە بەحرەکـەش رزگاریـان بـوو، نـەك هـەر ئـەوە بەڵکـو فیرعـەوت و دەسـتەو دائیرەکەشـی تیاچـوون کەچـی خەڵکەکـە لـەو بـەر ئاوەکـەوە دوای ماوەیـەك داوای گوێرەکـە پەرسـتیان دەکـردەوە. جـا وەرە دڵـت بـەم قەومـە خـۆش بێـت، کـە کاتـی شـەڕیش دەهـات بـە موسـایان دەوت تـۆ خـۆت بـڕۆ شـەڕ بکـە ئێمـەش لێـرەدا بـۆ خۆمـان ئەوەسـتین،

پشـتی حەقیـان نەدەگـرت، زۆر سـیفاتی خراپـی تـری ئـەو قەومـە لـە قورئانـدا بـاس کـراوە.
جـا خـوای گـەورەش ئێمـە ئـاگادار دەکاتـەوە کـە وەکو ئـەوان نەبیـن، بەڵام کـە سـەیری ژیانـی خۆشـمان دەکەیـن رێـك لـە قەومـی موسـا دەچیـن، تـۆ سـەیر بکـە لـە ئەوروپـا پڕیەتـی لـە کـورد، لـە دەسـتی سـتەم رایکـردووە، لـە بەحـری ئیجـەش پەڕیوەتـەوە، گەشـتووەتە ئەوروپـاو خـوای گـەورە دەروی لـێ کردووەتـەوە، کەچـی لـە ئەوروپـاش دەبنـەوە پاڵپشـتی زاڵـم و پشـتگیری هەمـان ئـەو کەسـانە دەکـەن کـە لـە داخـی ئـەوان وڵاتیـان بەجـێ هێشـتووەو ئـاوارە بـوون.
لـە کوردستانیشـدا بینیمـان چـۆن حوکمە یـەك لـە دوای یەکـەکان کۆتاییان پـێ هـات و تـا کۆتـای حوکـم سـەدام لـە ناوچـوو، کەچـی دوای سـەدام خەڵکـی پشـتیگری بەچکـە سـەدامەکان دەکات، ئەمانـە سـود وەرنەگرتنـە لـە قورئـان، خـۆ فەوتانـە لەناو ئـەو ئەزمونـە سـەرنەکەوتوانەی کـە گەلانی تـر پێیـدا تێپەڕیـوون و قورئـان بـۆی تۆمارکردوویـن، هەمووشـی بـۆ چـی؟ بـۆ پارەیەکـی کەمـی دونیایـی، کەچـی هـەر چیرۆکـی موسا لەگـەڵ قارونـدا نمونەیەکـی تـری ئـەو ئەزموونەیـە، لێـرەدا مـن باسـی چێرۆکەکان ناکـەم، چـوون دەکرێـت لـە جێگـەی تـردا چیرۆکـە قورئانیـەکان بزانین، کە بـە چەندیـن شـێوەی جـۆر بەجـۆر هەیـەو گرنگـە چیرۆکـە قورئانیـەکان بـە جوانـی هەمـووی بزانیـن و سـودیان لـێ وەرگریـن.
جـا سـەیری قورئـان بکـەن، تێڕامـان بکـەن لـەو ئایەتانـەی کـە بـەم شـێوە دوانـە دەمـان دوێنێـت و لـە دوای: لَا تَكُونُـوا كَالَّذِيـنَ
بزانـن چـی دێـت، وەك ئـەم ئایەتـە بیـری لـێ بکەنـەوە، بـۆ نمونـە کـە سـەیرێکی قورئـان دەکەیـت ئـەم ئایەتانـەت بەرچـاو دەکەوێـت کـە لـە خـوارەوە هاتـووە:

١. وَلَا تَكُونُـوا كَالَّذِيـنَ تَفَرَّقُـوا وَاخْتَلَفُـوا مِـن بَعْـدِ مَـا جَاءَهُـمُ الْبَيِّنَـاتُ ۚ وَأُولَئِـكَ لَهُـمْ عَـذَابٌ عَظِيـمٌ (آل‌عمـران:١٠٥)

٢. يَـا أَيُّهَـا الَّذِيـنَ آمَنُـوا لَا تَكُونُـوا كَالَّذِيـنَ كَفَـرُوا وَقَالُـوا لِإِخْوَانِهِمْ إِذَا ضَرَبُوا فِـي الْأَرْضِ أَوْ كَانُـوا غُـزًّى لَّـوْ كَانُـوا عِندَنَـا مَـا مَاتُـوا وَمَـا قُتِلُـوا لِيَجْعَـلَ اللَّهُ ذَٰلِـكَ حَسْـرَةً فِـي قُلُوبِهِـمْ ۗ وَاللَّهُ يُحْيِـي وَيُمِيـتُ ۗ وَاللَّهُ بِمَـا تَعْمَلُـونَ بَصِيـرٌ (آل‌عمران:١٥٦)

٣. وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ قَالُوا سَمِعْنَا وَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ (الأنفال:٢١)

٤. وَلَا تَكُونُـوا كَالَّذِيـنَ خَرَجُـوا مِـن دِيَارِهِـم بَطَـرًا وَرِئَـاءَ النَّـاسِ وَيَصُـدُّونَ عَـن سَـبِيلِ اللَّهِ ۚ وَاللَّهُ بِمَـا يَعْمَلُـونَ مُحِيـطٌ (الأنفـال:٤٧)

٥. يَـا أَيُّهَـا الَّذِيـنَ آمَنُـوا لَا تَكُونُـوا كَالَّذِيـنَ آذَوْا مُوسَـى فَبَـرَّأَهُ اللَّهُ مِمَّـا قَالُـوا ۚ وَكَانَ عِنـدَ اللَّهِ وَجِيهًـا (الأحـزاب:٦٩)

٦. وَلَا تَكُونُـوا كَالَّذِيـنَ نَسُـوا اللَّهَ فَأَنسَـاهُمْ أَنفُسَـهُمْ ۚ أُولَئِـكَ هُـمُ الْفَاسِـقُونَ (الحشـر:١٩)

٧. مُنِيبِيـنَ إِلَيْـهِ وَاتَّقُـوهُ وَأَقِيمُـوا الصَّـلَاةَ وَلَا تَكُونُـوا مِـنَ الْمُشْـرِكِينَ (الـروم:٣١)

بـا فێربیـن بـۆ گرفتەکانمـان قورئـان بکەینـە سـەرچاوەو لەوێـوە چارەسـەرەکان وەرگریـن، چـوون قورئـان یەکـەم سـەرچاوەو وە گرنگترین سـەرچاوەی شـەریعەتە.

سـا خوایـه نـه دڵمـان، نـه زوبانمـان، نـه دەسـتمان لەگـەڵ سـتەم و خراپەکاریـدا نەبێـت و لـەو کەسـانە بیـن کـە مەیلـی دڵیشـیان هـەردەم بـەلای زوڵـم و سـتەمدا ناچێـت.

## هاوڕێیەتی کێ دەکەیت

ڕۆڵە پیاو خراپ مەگرە بە برا
خۆت بسوتێنەو ببە بە چرا
بۆ سودی هۆزت دەستکە بە هەرا
درۆو دەلەسە نا پیاو دەرەخا

بـۆ کاروبـاری دونیاییمـان زۆرجـار زۆر وریایـن، یەکـێ داوای کـچ یـان خوشـکمان دەکات، پرسـیاری دونیـای لـێ دەکەیـن، دەپرسـین لـە کەسـوکاری، لـە بـارەی ئەخـلاق و خـو ڕەوشـتی چۆنـە دەپرسـین، کـێ مامەڵـەی لەگەڵـدا کـردووەو کـێ سـەفەری لەگـەڵ کـردووە تـا باشـتر ناخـی بناسـین، بمانەوێـت شـەراکەت لەگـەڵ کەسـێکدا بکەیـن زۆر بـە جـدی وەری دەگریـن، هەمـوو ئەمانـەش بـۆ چـی یـە؟ بـۆ سـودێکی کاتـی دونیاییـە، بـۆ ئـەوەی ئـەو کـچ و کـوڕە ئـەو ماوەیـەی کـە پێکـەوە دەبـن بـە خۆشـی بێـت، بـۆ ئـەوەی شـەریکەکەمان خیانەتمـان لـێ نـەکات و زیاتـر لـە حەقـی خـۆی ببـات و ئێمـە ڕەنجمـان بـە خەسـاردا بـڕوات.
کەچـی سـەیری قورئـان دەکەیـن ئەوەنـدە بـە جوانـی بـۆی باسکردووین کـە هاوڕێیەتـی کـێ دەکەیـن! ئەگـەر هەڵبژاردەکەمـان هەڵەبـوو چـۆن ڕاسـتی بکەینـەوە، لـە قورئانـی بـەرزو ڕاسـتدا هاتـووە: (وَيَـوْمَ يَعَـضُّ الظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْـهِ يَقُـولُ يَـا لَيْتَنِـي اتَّخَـذْتُ مَـعَ الرَّسُـولِ سَبِيلً)(سـورەتی الفرقـان ٢٧) . واتـە: ڕۆژێـک دێـت سـتەمکار قـەپ دەکات بەهـەردوو دەسـتی خۆیـدا وگاز لـە هـەردوو دەسـتی خـۆی دەگرێـت (لـە پەشـیمانیدا و) دەڵێـت: خۆزگـە لەگـەڵ پێغەمبـەردا ڕێبـازی ئیمانـم بگرتایـە.
عوقبـەی کـوڕی ئەبوموطیـع، شـەهادەی هێنـاو مسـوڵمان بـوو، دواتـر پەشـیمان بوویـەوە بەهـۆی ڕازی کردنـی ئوبـەی کـوڕی خەلـەف، ئـەوە حاڵەکەیەتـی لـە قیامەتـدا ئەوەنـدە پەشـیمانە کـە دەیەوێـت هـەردوو

دەستی خۆی بگەزێت نەك تەنها پەنجەیەكی.[٧]
قورئان چەند جوان فێرمان دەكات كە هاوڕێیەتی حەق بكەین، بۆ ناحەقیش پەشیمان نەبینەوە هەرچەند كەسە ناحەقەكە خۆشەویست و كەسی نزیكیشمان بێت.
لە فەرموودەیەكدا هاتووە: (المرء على دين خليله فلينظر أحدكم من يُخَالِل)[٨]. واتە: مرۆڤ لەسەر دینی هاوڕێكەیەتی، هەریەك لە ئێوە سەیر بكات بزانێت كە هاوڕێیەتی كێ دەكات.
ئەڵبەت هاوڕێیەكی جۆری زۆرە، بە گشتی ئەوەی پەیوەستە بە باوەڕو دوارۆژمان نابێت هیچ كەسێك بتوانێت كاریگەریمان لەسەر دروست بكات، گەرنا دەبێت لێی دووركەوینەوە، دەكرێت مرۆڤی مسوڵمان كە خاوەنی پەیامێكی گەورەی وەك قورئانە، قورئانەكە بكات چەكێكی زانستی و لۆژكی بۆ سودی خۆی و هاوڕێكانی، تا وەك عوتبە نەبێت و بە دوو قسە پەشیمان ببێتەوە لەر ڕێبازێكی حەق، وە نە وەك ئوبەی بێت كە خەڵك پەشیمان بكاتەوە لە ڕێگەی حەق، چوون ئەوانەی كە پەشیمان دەبنەوە ئەوە حاڵیان بێت لە قیامەتدا، دەبێت ئەوەی كە خەڵك پەشیمان دەكاتەوە حاڵی چۆن بێت.
زۆركەس لەو نیعمەتە گەورەی كە پێی دراوە لە كەرەستەو خزمەتگوزاری كەچی هەمان كاری عوتبەو ئوبەی دەكات، هەیە زوو شتی سادە كاریگەری لەسەر دەكات و لەسەر باوەڕەكەی بە گومان دەبێت و پەشیمان دەبێتەوە، هەیە هەموو كارو كرداری بووەتە خەڵك پەشیمان كردنەوە، بەبێ ئەوەی خۆی خاوەنی هیچ پەیامێك بێت.
سا خوایە لەو كەسانەمان بگێڕیت كە یارمەتی دەری بەرانبەربن لەسەر حەق و ڕاستی و لەو كەسانە نەبین كە توشی پەشێمانی دەبن لە قیامەتدا.

(٧) لە تەفسیری جەلالەیندا هاتووە

(٨) ئەبی داود

# چۆن زمانت بەکار دەهێنیت

دەتەوێت دوور لە جەنگ بیت
دەبێت وریاو بێ دەنگ بیت
ئارام و لەسەر خۆ بە
بێ دەنگ بە یان باش گۆ بە
رەحمەتی خوا لەوانە
زمانیان ژێر دەستیان[٩]

بێگومـان هـەر بەشـێك لـە جەسـتە جگـە لـە دروسـتکردنی پێکهاتـە جەسـتەییەکە کـە بـە باشـترین شـێوەیە وەك لـە قورئانـدا هاتـووە، بەرپرسیاریەتیشـی لەسـەرە لـە چۆنیەتـی بەکارهێنانـی، دوو بەشـی گرنگـی جەسـتە هەریەکەیـان زۆرتریـن بەرپرسـیاریەتی لەسـەرە، زمـان کـە یەکێکـە لـەو دوانـە، لـە قورئانـدا جـوان بۆمـان دەستنیشـان کـراوە کـە ئـەم زمانـە چـۆن بـەکاری بهێنـن و لـە فەرمودەکانیشـدا ئەڵبـەت زۆر وردەکاری باسـکراوە، خـوای گـەورە لـە قورئانـی پیـرۆزدا دەفەرموێـت: (لَّا خَيْـرَ فِـي كَثِيـرٍ مِّـن نَّجْوَاهُـمْ إِلَّا مَـنْ أَمَـرَ بِصَدَقَـةٍ أَوْ مَعْـرُوفٍ أَوْ إِصْـلَاحٍ بَيْـنَ النَّـاسِ ۚ وَمَـن يَفْعَـلْ ذَٰلِـكَ ابْتِغَـاءَ مَرْضَـاتِ اللَّهِ فَسَـوْفَ نُؤْتِيـهِ أَجْـرًا عَظِيمًـا)( سـورەتی النسـاء ١١٤) . واتـە: لـە زۆربـەی چپـە و سـرتە و قسـە نهێنییەکانیانـدا هیـچ خێرێـک بـەدی ناکرێـت و تیایـدا نیـە، مەگـەر چپـەی ئـەو کەسـەی کـە فەرمـان بـدات بەبەخشـێک، یـان چاکەیـەک، یـان رێکخسـتن و چاکسـازی و ئاشـتبوونەوەیەکی نێـوان خەڵکـی، جـا ئـەوەی (ئـەو شـێوازە چاکەیـە) ئەنجـام بـدات و مەبەسـتی تەنهـا

(٩) ئەم پارچە هۆنراوە هی منداڵیە لەبیرم ماوە، سەرچاوەکەیم بۆ نەدۆزراوە

دەستکەوتنی ڕەزامەندی خوا بێت، ئەوە لە ئایندەدا پاداشتی زۆرو بێ سنوور و گەورەی پێدەبەخشین.
لە فەرموودەیەکیشدا هاتووە: (مَن كان يُؤمِنُ باللهِ واليومِ الآخرِ، فليَقُلْ خيرًا، أو لِيَصْمُتْ)[١٠]. واتە هەرکەس باوەڕی بە خواو ڕۆژی دوای هەبێت، با چاکە بڵێ یان بێدەنگ بێت.
چ فەلسەفەیەکی جوانە ئیسلام رامان دەهێنێت کە زمانمان چۆن بەکار بهێنن، چۆن بیکەین بە ئالەتێك بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دروست، چۆن کۆمەڵگەی پێ جۆر بکەینەوە پێکەوە، چۆن ئەگەر نەشمانزانی بێ دەنگبین، بێ دەنگی باشترە لە زۆر بڵێی و هەڵیت و پڵێت وەك لە بەرانبەر فەلسەفەی ئیسلامیدا دەبینین ئەمڕۆ قسە دەکات هەر بۆ ئەوەی بڵێن قسەی کردا! قسەی پڕوپوچ بڵاو دەکاتەوە هەر بۆ ئەوەی بڵێن چالاکە! دەچێتە سەر شاشەکان و قسە دەکات هەر بۆ ئەوەی ناوێك دەرکات! قسەی ئەم و ئەو بۆ یەکتر دەبات بۆ ئەوەی نێوانیان تێك بدات! قسە دەبات بۆ دەستەڵات و جاسوسی دەکات بۆ ئەوەی سودێکی مادی دەستکەوێت! چەندین پۆخڵەواتی تر کە چۆن شیرازەی کۆمەڵگە تێك دەدات.
خوایە لە تاوانەکانی زوبانمان خۆش بیت و یارمەتی دەرمان بیت کە لەو چوارچێوەیەدا بەکاری بهێنن کە لە قورئاندا هاتووە.

---

(١٠) بوخاری

# پەیامی حوکم و حوکمڕانی لە قورئاندا

گوڵ و گوڵاڵەی گوڵشەن و بێستان
هەڵاڵەی باغان، سەوزە گیای دەشتان
ئای بە تاسەوە چەندم بۆن کردن!
نەگەشتنە بۆی پیتێکی قورئان

هەمـوو جیهـان لەسـەر ئـەوە کۆکـە کـە بـۆ بەڕێوەبردنـی کۆمەڵگـە دەستور پێویستە، ناکرێت کۆمەڵگە بەبێ بنەماو هەر لەسەر متمانەو ویژدانـی کەسـەکان رابوەسـتێ و بەرکەوتـن و کاولـکاری روونـەدات، ئەوەتـا هەتـا لەگـەڵ هەبوونـی ئـەو کۆکیەشـداو بـە یاسـای زۆر توندیـش کاولکاریـەکان لاپەڕەکانـی مێـژوو گەواهـی لەسـەر دەدات، گەرچـی مرۆڤ بونەوەرێکـی ژیـرەو بـە ژیریەکـەی لـە بوونەوەرەکانـی تـر جیاکراوەتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەدا بنەمـای پتـەو نەبێـت بـۆ رێگەگرتـن لـە خراپەکاریەکانـی بـۆ ئاسـتێك دادەبەزێـت هەتـا دێتـە خـوار ئاژەڵانیشـەوە، ئـەوە نـی یـە خۆمـان زۆرجـار کـە کارێـك لـەو کارە قێزەونانەمـان بەرچـاو دەکەوێـت لـە میدیاکانـەوە بـە دەم سـەیکردنەوە دەڵێیـن ئاژەڵیـش شـتی وا نـاکات، لـە قورئانیشـدا رێـك وەك کەمتـر لـە ئـاژەڵ نمونـەی هاتـووە، وەك خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿لَقَدۡ ذَرَأۡنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِۖ لَهُمۡ قُلُوبٞ لَّا يَفۡقَهُونَ بِهَا وَلَهُمۡ أَعۡيُنٞ لَّا يُبۡصِرُونَ بِهَا وَلَهُمۡ ءَاذَانٞ لَّا يَسۡمَعُونَ بِهَآۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَٱلۡأَنۡعَٰمِ بَلۡ هُمۡ أَضَلُّۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡغَٰفِلُونَ﴾ {١٧٩ الأنعام}.

واتـە: بەڕاسـتی ئێمـە زۆرێـك لـە جنۆکـەو ئادەمیزادەکانمـان بەهـۆی بـێ باوەڕیـی و خراپەکاریـی خۆیانـەوە بـۆ ئاگـری دۆزەخ هێناوەتـە دی، خـۆ ئەوانـە بیـرو هۆشـیان هەیـە، بـەڵام وورد نابنـەوەو بـەکاری ناهێنـن تـا ڕێـگای ڕاسـتی ئایینیـان بـۆ دەربکەوێـت و چـاك و خراپیـان لا ئاشـکرا

ببێت. هەروەها چاویان هەیە، بەڵام سەرنج نادەن تا ڕێگای ڕاستی پێ ببینن، گوێیشیان هەیە، بەڵام زەین نادەنە قسەی باش و نابیستن تا تێی بگەن. ئەوانە لە نەفامی و تێنەگەیشتندا وەکو ماڵات وان، بەڵکو لە ماڵاتیش گومڕاترن، چونکە ماڵات بە پێی ئەو زانیین و فیترەتەی کە خودا پێی داوە ژیانی خۆی دەباتە سەر، بەڕاستی ئەوانە بەهۆی خراپی کردەوەی خۆیانەوە، ئاگایان لە خۆیان نیەو، غافڵن لەو سزا سەختەی کە لە ڕۆژی دواییدا چاوەڕوانیان دەکات.
ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای مێژووی دروستبوونی زۆر لە وڵاتان، دەبینین چەند ستەم و خراپەکاری بەردەوامی هەبووە تا بۆ زۆری لە تاوانەکان بە تەجروبە بگەن بەو بڕوایەی کە کۆمەڵگە دەشێوێنێت و پێویستە یاسا دابنرێت بۆ ڕێگەگرتن لێی، دەکرێت کارێك لەو کارە خراپانە بەهۆی نەبوونی یاسا چەند ستەم لە خەڵکەکە کرابێت تا دواتر ڕێکارێك گراوەتەبەر بۆ ڕێگەگرتن لێی، لەوەیە یەکەمجار حاڵەت بوو بێت، دواتر  بووە بە دیاردەو دواتر کۆمەڵگەی بەرەو وێرانکاری بردووە، ئەگەر وێرانیشی نەکردبێت، دەبێت سستمی حوکمڕانیەکەی چەند ماندوو بووبێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگەگرتن لێی.
گەر بە وردی و ویژدانەوە بیری لێ بکەینەوە دەگەین بەو بڕوایەی دەبێت حاڵی ئەو گەلانە چۆن بوو بێت تا بەلانی کەمەوە هەندێك ڕێڕەوی یاساییان وەرگرتبێت، وە ئێستەش کە هەر میللەتێك لە بەشێك لەو حاڵەتانەدا بێت.
خوای گەورە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەسەرگەردانی و نەزانێت چی بکاتدا نەژی، کۆڵەکەکانی دامەزراندنی ژیان و کۆمەڵگەی لە دەستورێکی قورئانیدا پێداوین، ئەوەی گرنگە بۆ ڕاگرتنی ئەو کۆمەڵگە لە دەستورە قورئانیەکەدا خستوویەتیە ڕوو، پایەکانی نەداوە بە دەستی

کەس دروستی بکات، چوون پایە بە وەستای دڵسۆز دەکرێت، کە نە فێڵی تێدا بکات، نە گەندەڵی، چوون روخانی پایە میللەتێك لە ژێریدا دەبن بە قوربانی، بەڵام جوانکاریەکانی جێهێشتووە بۆ مرۆڤەکان، بۆ سەرکردەو یاسا ناسەکان و خەمخۆرانی کۆمەڵگە، ئەوان گەر لەسەر هەمان رێڕەو بڕۆن دواتر گەر هەڵەش بکەن هەڵەکان قوربانی زۆری لێ ناکەوێتەوە، بۆ نمونە پەنجەرەیەك هەوا بکێشێت خەڵکەکە سەرمای دەبیت، کارەبا نەبێت بەرچاو روناك نابێت بەڵام دڵ هەر روناك دەبێت، بەڵام گەر سەقفەکە بڕوخێت خەڵکەکە پان دەبێتەوە.
لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لە ژێر هەرناوێکدا دەستبرابێت بۆ پایەکانی راگرتنی کۆمەڵگە کە لە دەستوری قورئاندا چەسپی بێت ئەوا هەرگیز نەیان توانیوە وەك پایەو دەستورە قورئانیەکەی دروستی بکەنەوە، کۆمەڵێکی زۆر بووە بە ژێر ئاستی گەورەیی ئەو پایەوە.
لە قورئاندا بنەمای دادگەری و حوکم و حوکمڕانی بە پایەی قایم داکوتراوە، نەگۆڕەو بە گۆڕینی ژیان و سەردەم ئەوان گۆڕانیان بەسەردا نایەت، چوون گۆڕینی عەدالەت دەبێتە نا عەدالەتی، هەرگیز ناکرێت نا عەدالەتی لە جێگەی عەدالەتدا دابنرێت، گەرچی کۆمەڵێك بچنە سەر پایەیەك و بڵێن ئەوەتا ئێمە ئەم پایەیەمان دروستکردووە، بەڵام بێ ئاگا لەوەی کۆمەڵگە خراوەتە ژێر ئەو پایەوە، وە پایەکەش هەرگیز وەك پایەو دەستورو پایە قورئانیەکەی قایم وقوڵ نابێت و جێگە ناگرێت.
ئەوەی زۆر گرنگیشە هەموو ئەو پایانەی کە قورئانیش داینــاوە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە دەستورە دونیایەکانیشدا هەمووی کۆکە لەوەی ئەو پایانە پێویستەو دەبێت ئیلا ئەو پایانە هەبێت، بەڵام هەندێکی ناکۆکە لەو موادەی کە پایەکەی لەسەر دروسکتراوە، کە

دێـن و خۆیـان بونیـادی دەنێـن گەرچـی لەسـەر بنەمـای کوردایەتـی بێـت، حیزبایەتـی بێـت، خزمایەتـی بێـت، بنەماڵەیـی بێـت، خـۆی و ناوخـۆی بێـت ئەنجامەکـەی درێـژە ناکێشـێت و زیانەکانـی پایەکـە هـەر زوو دەردەکەوێـت ئەوەشـی نەبوبێتـە قوربانـی هـاوار دەکات لـە دەسـتی.

عەجـەب مرۆڤایەتـی کاری ئاسـانی پـێ سـپێردراوە، کارێـك لـە قودرەتـی خۆیـدا بێـت، کەچـی دەچێتـە ژێربـاری کارێـك کـە لـە بنەڕەتدا بـە جوانـی بـۆی کـراوە، بەردێـك کـراوە بـە بنەغەیەکـی قایـم بـۆی ئـەم دێـت و دەیەوێـت هەڵـی بگرێـت، لـە ئەنجامـدا نـە بەردەکـەی بـۆ هەڵدەگیرێـت و نـە لـەو بـەردە جوانتـرو باشـتری دەسـت دەکەوێـت کـە بنچینـەی لەسـەر دابمەزرێنێـت.

زۆر قسـە لەسـەر قورئـان و دەسـتوری قورئانـی دەکرێـت بـۆ حوکـم و حوکمڕانـی و لـە دونیـای دیموکراسـی و قەومـی و زۆر نـاوی تـردا نەفـی دەکرێـت، دەزانـن ناتوانـن ئـاوی دڵـی خەڵکـی بـدەن لـەوەی نەفـی لایەنـی رۆحـی خەڵکـی بکـەن لەگـەڵ خـوای گـەورەدا، دێـن و بـەو شـێوە دەیانخەڵەتێنـن کـە دیـن شـتێکی جوانـەو بەینـی خـۆت و خوایـەو بـۆ خـۆت نوێـژ بکـە، بـەڵام دیـن پەیوەسـت نی یـە بـە حوکـم و حوکمڕانیەوە.

کـە سـەیری قورئانیـش دەکەیـت هـەر بـە خێرایـش چەندیـن وشـەت بەرچـاو دەکەوێـت هـەر بـە دەقیـش لەسـەر حوکـم بەنـاوی حوکم، هـەر بە دەق دەیبینـی لەسـەر حوکمڕانـی هـەر بەنـاوی حوکمڕانیـەوە، کـە سـەیری تـەواوی ئایەتـەکان و پـاش و پێشـیان دەکەیـت، گشـت پایـەو دەسـتورە قورئانیەکـەی تێـدا دەبینی بـۆ بەڕێوەبردنـی کۆمەڵگـە، کـە گـەر کۆمەڵگـە ئـەو دەسـتورو پایانـە رەچـاو بـکات، چەنـد سـەرکەوتوو دەبیـت، تـا زیاتـر پەیـڕەوی بـکات ماڵەکـەی جوانتـرو رازاوەتـر دەبێـت، جیـاوازی نـی یـە لـەوەی ئـەو کۆمەڵگـە چ ناوێـك لـە خـۆی دەنێـت، ئیسـلامی عەلمانـی،

مەلایـی جەلالـی، گرنـگ دەسـتکاری پایەکانـی نەکردبێـت، خەریکـی دیکـۆرات و جوانکاریـەکان بـوو بێـت، زیرەکـی خـۆی لـەوەدا نیشـان بـدات و زووتـر ماڵەکـە رونـاك و گـەرم بکاتـەوە، نـەك پایەکانـی بڕوخێنێـت، چـوون دواتـر دەبێـت هـەر خەریکـی دروسـتکردنی پایەکـە بێـت و بۆشـی دروسـت ناکرێتـەوە، بـۆ نمونـە یـەك پایـەی عەدالـەت دەسـتپاکیە، گـەر ئـەم پایـە گـۆڕا دەبێتـە دەسـت پیسـی، دواتـر لەژێـر ئـەم دەسـتپیسیەدا، هەتـا خـاوەن پێداویسـتیە تایبەتەکانیـش مافیـان دەخورێـت.
بـەڵام ئێمـە سـیقەمان بـە کـەس نـی یـە، کەسـێك دەبێتـە مەسـولی شـارەوانی کارەکانـی بـە باشـی نـاکات، مەجـاری و جـادەو بانەکـە بـە یـەك دونیـا کەموکورتیـەوە جـێ دەهێڵێـت، دواتـر ئـەوەی دوای ئەویـش دێـت و ئەوانـی پێـش خـۆی تێـك دەداتـەوەو بـە شـێوازێکی تـر دروسـتی دەکاتـەوە عەجـەب ئەویـش هـەر سـەقەت، بـەو شـێوە میللەتێـك دەبێـت لـە دەور بازنەیەکـدا بخولێتـەوە، بازنەیـەك پڕیەتـی لـە چـاڵ و چۆڵیـش، عەجـەب کامیرەشـی لەسـەرە بـۆ کەسـی سـەرپێچی بـکات!
ئیتـر بـەو شـێوەیە بـۆ گشـت پایەکانـی تـر، تەنهـا سـەیری ئـەو ئایەتانـە بکـەن کـە باسـی حوکـم و حوکمڕانـی کـردووە، وەڵامـی ئـەوە وەردەگـرن کـە رۆژانـە بەنـاوی سیاسـەت و جۆربەجـۆرەوە درۆ بەنـاوی قورئانـەوە دەکرێـت، بـەڵام عەجـەب قورئانەکـە لەبەردەسـتە، بـە کەرەسـتەی سەردەمیشـەوە، کەچـی خەڵکـی لێـی بـێ ئاگایـە، قورئانـە تاکـە کتێبـە لـە هەمـوو جێگەیـەك هەیـەو دەسـت دەکەوێـت و هەمووشـی یـەك جـۆر چاپـە، دەتوانیـت خـۆت سـەیری بکەیـت، پایەکانـی ببینیـت، چەنـد خۆشـە بەچـاوی واقـع خـۆت سـەیری بکەیـت نـەك باسـی بکـەن بـۆت.
خـوای گـەورە بنەمـای بەڕێوەبردنـی بـۆ کۆمەڵگـە لـە دەسـتورە قورئانیەکـەدا کێشـاوەو داوای کـردووە کـە هـەر لـە دونیـادا رەچـاو بکرێـت

و مافـەکان لـە یەکـەم دادگایـدا یـەکلا بکەنـەوە، گـەر ئـەوە نەکـرا کۆتـا دادگای نادرێتــە دەســت مرۆڤــەکان خــوا بــۆ خــۆی یــەکلای دەکاتــەوە. فەرمــوون لەگــەڵ هەندێــك لــەو وشــانەی کــە بــە دەق لەســەر حوکــم و حوکمڕانیانــەی کــە لــە قورئانــدا هاتــووەو ڕۆژانــە پێچەوانەکــەی دەبیســتین، ئەفســول هەیــە باوەڕیشــی پــێ دەکات.

١. إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ يَقُصُّ الْحَقَّ وَهُوَ خَيْرُ الْفَاصِلِينَ ۞{٥٧ الأنعام}۞

حوکـم و فەرمانڕەوایـی (هەمووشـت) هـەر بەدەسـت خوایـە، ئـەو زاتـە ڕاسـتی و حەقیقەتـەکان دەخاتـە ڕوو، چاکتریـن جیاکەرەوەشـە (لـە نێـوان حـەق و بەتاڵـدا).

٢. أَلَا لَهُ الْحُكْمُ وَهُوَ أَسْرَعُ الْحَاسِبِينَ ۞{٦٢ الأنعام}۞

ئاگاداربـن کـە حوکـم و فەرمانڕەوایـی هـەر بەدەسـت ئـەوەو ئـەو زاتـە خێـراو لەماوەیەکـی کەمـدا لـە هەمـووان دەپرسـێتەوە.

٣. إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ۞{٤٠ يوسف}۞

بەڕاسـتی حوکـم و فەرمانڕەوایـی جگـە لـە خـوا شایسـتەی کەسـی تـر نـی یـە، فەرمانیشـی داوە جگـە لـە خـۆی کەسـی تـر نەپەرسـتن.

٤. إِنِ الْحُكْـمُ إِلَّا لِلَّهِ عَلَيْـهِ تَوَكَّلْـتُ وَعَلَيْـهِ فَلْيَتَـوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُـونَ ۞{٦٧ يو سـف}۞

هیـچ فەرمـان و بڕیارێـک بـۆ کـەس نـی یـە، تەنهـا بـۆ خـوا نەبێـت، پشـتم هـەر بـەو بەسـتووە و پشـت و پەنـام هـەر ئـەوە، جـا دەبـا ئەوانـەی کـە پاڵپشـت و پشـتیوانیان دەوێـت هـەر پشـت بـەو ببەسـتن.

٥. يَا يَحْيَىٰ خُذِ الْكِتَابَ بِقُوَّةٍ وَآتَيْنَاهُ الْحُكْمَ صَبِيًّا ۞{١٢ مريم}۞

ئـەی یەحیـا کتێبـی (تـەورات) بەتونـدی بگـرەو پابەنـدی بـەو هـەر لـە تەمەنـی نەوجەوانیـدا، توانـای جیاکردنـەوەی ڕاسـت و ناڕاسـتمان پێبەخشـی، بـە دادوەرێکـی ڕێـک و پێـک کێشـەی خەڵکەکـەی چارەسـەر

دەکـرد.
٦. لَـهُ الْحَمْـدُ فِـي الْأُولَـىٰ وَالْآخِـرَةِ وَلَـهُ الْحُكْـمُ وَإِلَيْـهِ تُرْجَعُـونَ ·{٧٠ القصـص}·
سـوپاس و سـتایش لـە سـەرەتا و کۆتاییـدا، لـە دنیـا و قیامەتـدا، هـەر شایسـتەی ئـەوە، حوکـم و فەرمانرەوایـش هـەر بەدەسـت ئـەوە، هـەر بـۆلای ئەویـش دەبرێنـەوە .
٧. كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ لَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ·{٨٨ القصص}·
هەرچـی شـت هەیـە تیاچـووە لەناوچـووە جگـە لـەو زاتـە، فەرمانڕەوایـی هـەر شایستەی ئـەوە، هەمووانیـش هەر بـۆ لای ئـەو دەبرێنەوە.
٨. فَـاللَّهُ يَحْكُـمُ بَيْنَهُـمْ يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ فِيمَـا كَانُـوا فِيـهِ يَخْتَلِفُـونَ ·{١١٣ البقـرة}·
خوایـش لـە ڕۆژی قیامەتـدا دادگایـی نێوانیـان دەکات لـەوەی کـە ناکۆکـن تیایـدا.
٩. وَأَنْـزَلَ مَعَهُـمُ الْكِتَـابَ بِالْحَـقِّ لِيَحْكُـمَ بَيْـنَ النَّـاسِ فِيمَـا اخْتَلَفُـوا فِيـهِ ·{٢١٣ البقـرة}·
پێغەمبەرانــی ڕەوانەکــرد، تــا مــژدەدەرو ترســێنەربن هــاوڕێ لەگــەڵ کتێبــی ئاســمانیدا، بــۆ ڕوون کردنــەوەی حــەق و ڕاســتی، تــا لەنێــوان خەڵکیـدا فەرمانڕەوایـی و دادوەری ئەنجـام بـدات لەسـەر ئـەو شـتانەی کـە بۆتـە کێشـەیان و ڕاو بۆچوونیـان لەسـەری.
١٠. فَاللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ·{١٤١ النساء}·
خوا لە ڕۆژی قیامەتدا دادوەریی دەکات لە نێوانتاندا.
١١. إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ مَا يُرِيدُ ·{١ المائدة}·
بەڕاستی خوای گەورە فەرمان دەدات بە هەر شتێک کە بیەوێت.
١٢. وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ·{٤٤ المائدة}·

ئـەوەی حوکـم و داوەری بـەو بەرنامەیـە نـەکات کـە خـوا دایبەزانـدووە، ئائەوانـە بـێ بـاوەڕن.

١٣. وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ·{٤٥ المائدة}·

بێگومـان ئـەوەی حوکـم و داوەری نـەکات بـەو بەرنامەیـەی کـە خـوا دایبەزانـدوە، ئائەوانـە هـەر سـتەمکارن.

١٤. وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ·{٤٧ المائدة}·

ئـەوەی حوکـم و داوەری نـەکات بـەو بەرنامەیـەی کـە خـوا دایبەزانـدوە، جـا ئـا ئەوانـە ناپـاک و تاوانبـارو لـە سـنوور دەرچـوون.

١٥. يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِنْكُمْ ·{٩٥ المائدة}·

دووکەسی شارەزای دادپەروەر لە خۆتان بیدەن.

١٦. فَاصْبِرُوا حَتَّىٰ يَحْكُمَ اللَّهُ بَيْنَنَا وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ ·{٨٧ الأعراف}·

چـاوەڕێ بـن هەتـا خـوا خـۆی داوەری دەکات لـە نێوانمانـداو هـەر ئـەو زاتـە خـۆی چاکترینـی دادوەرانە.

١٧. وَاتَّبِعْ مَا يُوحَىٰ إِلَيْكَ وَاصْبِرْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ اللَّهُ ·{١٠٩ يونس}·

تـۆ (ئـەی پێغەمبـەر صلـی الله علیـە وسـلم) هـەر شـوێنی ئـەو (بەرنامەیـە) بکـەوە کـە لـە ڕێگـەی وەحـی و نیـگاوە بـە تـۆ دەگات و ئارامگـرو خۆگربـە (لەبەرامبـەر هـەر کێشـەیەکەوە کـە خوانەناسـان بـۆت پێـش دەهێنـن) هەتـا خـوا خـۆی داوەری دەکات و ئـەو زاتـە چاکتریـن و دادپەروەرترینـی دادوەرانـە.

١٨. فَلَـنْ أَبْـرَحَ الْأَرْضَ حَتَّـىٰ يَـأْذَنَ لِـي أَبِـي أَوْ يَحْكُـمَ اللَّهُ لِـي وَهُـوَ خَيْرُالْحَاكِمِيـنَ ·{٨٠ يوسـف}·

ئـەم سـەر زەمیـن و وڵاتـە بەجـێ ناهێڵـم هەتـا باوکـم مۆڵەتـم دەدات، یاخـود خـوا فەرمانێـك بـدات لـە قازانجـم بێـت، ئـەو زاتـەش چاکترینـی دادوەرانـە.

١٩.	وَاللَّهُ يَحْكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ وَهُوَ سَرِيعُ الْحِسَابِ ﴿٤١ الرعد﴾.
خـوا خـۆی داوەریـی دەکات و (گۆڕانکاریـەکان تاوتـۆی دەکات)، کـەس ناتوانێـت موحاسـەبەی بـکات و کۆسـپ و تەگـەرە بهێنێتـە ڕێـی وئەوزاتـە زۆر بەخێرایـی هەمـوو شـتێك تاوتـۆی دەکات و لـە هەمـووان دەپرسـێتەوە.
٢٠.	فَيَنْسَخُ اللَّهُ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ ثُمَّ يُحْكِمُ اللَّهُ آيَاتِهِ ﴿٥٢ الحج﴾.
شـتی نابەجێـی تێکـەڵ بەئاواتەکـەی کـردووە، ئینجـا خوایـش فریـای کەوتـووە و ئـەوەی شـەیتان فڕێـی داوەتـە نـا ئاواتەکەیـەوە، سـڕیویەتیوە، لـەوەودوا خـوای گـەورە ئایـەت و فەرمانەکـەی خـۆی چەسـپاو دامـەزراو کـردووە.
٢١.	الْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ لِلَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ ﴿٥٦ الحج﴾.
ئـەو ڕۆژە پاشـایەتی و دەسـەڵات تەنهـا بـە دەسـت خوایـە و فەرمانـڕەوای لە نێوانیانـدا دەکات.
٢٢.	اللَّهُ يَحْكُـمُ بَيْنَكُـمْ يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ فِيمَـا كُنْتُـمْ فِيـهِ تَخْتَلِفُـونَ ﴿٦٩ الحـج﴾.
هـەر خـوا خـۆی لـە ڕۆژی قیامەتـدا داوەری دەکات لـە نێوانتانـدا لەسـەر ئـەو شـتانەی کـە ئێـوە کێشـە و جیاوازیتـان لەسـەر دەکـرد (لـەوێ ڕاسـتیەکان بەتـەواوی دەردەکەوێـت).
٢٣.	إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٣ الزمر﴾.
بێگومـان خـوا داوەری دەکات لـە نێوانیانـدا، لـەو شـتانەدا کـە کێشـەیان لەسـەری هەیـەو ڕایـان دەربـارەی جـۆراو جـۆرە.
٢٤.	ذَٰلِكُمْ حُكْمُ اللَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٠ الممتحنة﴾.
ئائـەوە حوکـم و فەرمانـی خوایـە، کـە خـۆی فەرمانڕەوایـی دەکات لـە نێوانتانـدا، خـوای گـەورەش هەمیشـە زانـا و دانایـە.

## گرنگی قورئان لە قەرزدان و وەرگرتندا

رۆڵە مەردێتی خۆڕایی نی یە
سەربەستی مانای ئاغایی نی یە
دوو چەکی ئەوێ باوەڕو نەزان
بە دەوڵەمەندی و گەدایی نی یە[١١]

زۆرمان هەم بەسەرهاتووەو ئەم دەبینین و دەبیستین کە فڵان ئەوەندە پارەی خورا، ئەوەندەی زەرەرکرد، توشی شەڕبوو لەگەڵ فڵان کەسدا، لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی خنکاند، سەری خۆی هەڵگرت و رۆی کەس نازانێت لە کوێیە، دوای مردنی بوو بە کێشە بۆ ماڵ و منداڵی، هەروا خەڵکەو دێن یەخەی کەسوکاریان دەگرن، ماڵەکەیان پێ فرۆشت و هیچی نەماوە، نا درۆ دەکات هەیەتی بەڵام خۆی دەرناخات، ئەی کورە نازانین ئەگەر تێهەڵدانیشی ئەکەیت هەر فایدەی نی یە، دای لەژێری قەرزەکەو سوێندو قورئان دەخوات کە هیچێ وەرنەگرتووە، یان سوێند دەخوات کە قەرزەکەی داوەتەوە بزان ئەو لەبیری نەماوە، کەس نی یە شاهیدی بدات ئەم ئەم قەرزپێدانە راستە یان نە، هیچ نوسراوێك لە بەیندا نی یە، ئیتر کابرا خۆی و زەمیری، بەو شێوەیە هەزارو یەك مشکیلەی جیاواز لەسەر قەرزدان و قەرزوەرگرتن و مامەڵەی دولادا ئەم کێشانە دێنە پێش، لە قورئانی پیرۆزیشدا درێژترین ئایەت باسی چۆنیەتی پێدانی قەرزو وەرگرتنی دەکات کە هەموو ئەو کێشانە دەبڕێنێتەوە بەڵام ئێمە جێ بەجێی ناکایەن بە هەزار بیانوی جیاوازەوە، تا دواتر هەزار کێشەی جیاوازمان بۆ

---

(١١) **سروەی بێداری**

دروست دەکات، وەك دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى فَاكْتُبُوهُ ۚ وَلْيَكْتُب بَّيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ ۚ وَلَا يَأْبَ كَاتِبٌ أَن يَكْتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ اللَّهُ ۚ فَلْيَكْتُبْ وَلْيُمْلِلِ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ وَلْيَتَّقِ اللَّهَ رَبَّهُ وَلَا يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْئًا ۚ فَإِن كَانَ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ بِالْعَدْلِ ۚ وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِن رِّجَالِكُمْ ۖ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَن تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَىٰ ۚ وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا ۚ وَلَا تَسْأَمُوا أَن تَكْتُبُوهُ صَغِيرًا أَوْ كَبِيرًا إِلَىٰ أَجَلِهِ ۚ ذَٰلِكُمْ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ وَأَقْوَمُ لِلشَّهَادَةِ وَأَدْنَىٰ أَلَّا تَرْتَابُوا ۖ إِلَّا أَن تَكُونَ تِجَارَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيْنَكُمْ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَلَّا تَكْتُبُوهَا ۗ وَأَشْهِدُوا إِذَا تَبَايَعْتُمْ ۚ وَلَا يُضَارَّ كَاتِبٌ وَلَا شَهِيدٌ ۚ وَإِن تَفْعَلُوا فَإِنَّهُ فُسُوقٌ بِكُمْ ۗ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۖ وَيُعَلِّمُكُمُ اللَّهُ ۗ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ)( البقرة ٢٨٢)، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر قەرزێكتان كرد لە یەكتر تا ماوەیەكی دیاری كراو، ئەوە بینوسن و با نووسەرێک کە دادپەروەربێت بەڕاستی و دروستی لە نێوانتاندا بینوسێت، با هیچ نوسەرێک سەرپێچی نەکات لە نوسین، هەر وەک چۆن خوا فێری کردووە با بنووسێت، (خۆ ئەگەر کەسێک خوێندەوار نەبێت) ئەوەی کە حەقەکەی بەسەرەوەیە و قەرزەکەی لایە با بەدەمی خۆی (ئەندازەی قەرزەکەی) بە کاتبەکە بڵێت و لە خوای پەروەردگاری بترسێت و چاوپۆشی لە هیچی نەکات و لێی کەم نەکاتەوە، خۆ ئەگەر ئەوەی قەرزەکەی لەسەرە هەڵەشە بوو، یا لاواز بوو (منداڵ یان بەساڵاچوو بوو) یا نەیدەتوانی دان بە حەقەکەدا بنێت (کەڕوڵاڵ بوو) با بەخێوکەر، یا سەرپەرشتیارەکەی دادگەرانە حەقیقەت و ڕاستی قەرزەکەی بڵێت و با دوو پیاو لە خۆتان شایەتی لەسەر (قەرزو مامەڵە)بگرن،

ئەگـەر دووپیـاو دەستنەکەوتن بـۆ شـایەتی، بـا پیاوێـک و دوو ئافـرەت شـایەتییەکە بـدەن لـەو کەسـانەی کـە ڕازیـن بـە شـایەتیدانیان، نەوەکـو یەکێـک لـە (ئافرەتـەکان) بیـری بچێـت، بـا ئـەوی تریـان بیـری بهێنێتـەوە و شـایەتەکان نابێـت کـە کاتێـک داواکـران خـۆ وێـڵ بکـەن و ئامـادە نەبـن، بێـزار مەبـن لـەوەی کـە (قـەرز) بنووسـن، کـەم بێـت یـان زۆر و تـا مـاوەی دیـاری کـراوی، بـە ڕوونـی بـا یاداشـت بکرێـت، ئەنجامدانـی مەسـەلەی قەرزتـان بـەو شـێوە دادپەروەرانەیـە و پەسـەندترە لای خـوا (لـە نەنووسـین)، ئەوسـا چاکتـر دەتوانـن شـایەتی ڕاگـرن و نزیکتـرن لـەوەی گومـان و دوودڵـی بـە یەکتـر نەبـەن (مافـی کـەس تیـا نەچێـت)، مەگـەر بازرگانیـەک بێـت لەبـەر دەسـتانداو لـە نێـو خۆتانـدا بیگێـڕن و کڕیـن و فرۆشـتن ئەنجـام بـدەن، ئـەوە گوناهتـان نـاگات کـە ناینووسـن، (چونکـە ئاسـان نیـەو مامەڵـە دوادەخـات، هەتـا بۆتـان دەکرێـت) شـایەت بگـرن کاتێـک کڕیـن و فرۆشـتنتان ئەنجامـدا و نابێـت نووسـەرو شـایەت ئـازار بدرێـن و بێـزار بکرێـن، خـۆ ئەگـەر شـتی وابکـەن ئـەوە بەڕاسـتی مانـای وایـە ئێـوە لـە چەندەهـا فەرمانبـەرداری دەرچـوون، جـا لـە خـوا بترسـن و خـۆ پارێزبـن و خـوا فێـری ئـەو شـتانەتان دەکات (کـە خێـری تیایـە بـۆ دنیـاو پاداشـتی قیامەتـی لـە دوایـە) و خـوا بـە هەمـوو شـتێک زانایـە.
لەبیـرم ناچێـت ڕۆشـتم بـۆ فینلەنـدا لـە لەندەنـەوە بـۆ کارێکـی پێویسـت لـەوێ بمێنمـەوە، داوای ئیقامـەم کـرد لـە حوکمەتـی ئـەو وڵاتـەو جەوازەکـەم دانـا لایـان، ڕۆژێـك پێویسـت بـوو بچـم موراجەعەیـان بکـەم برایـەك لـەوێ ناسـیم ناسـینێکی زۆر سـەرەتایی هـەر یـەك دوو جارێـك لـە مزگـەوت یەکمـان بینـی بـوو، بـەڵام پیاوێـك بـە مانـای پیـاو پیـاو بـوو، مـرۆڤ ئەبێـت بـە وەفابێـت و چاکـەی کەسـی لەبیـر نەچێـت، ئـەو پیـاوە وتـی: هەرکارێکـت هەبـوو مـن لـە خزمەتتـادام تـۆ لێـرە

تازەیـت و نەشـارەزایت، ئـەو رۆژە بردمـی بـۆ دائیـرەی پۆلیـس و پێـش ئـەوەی بڕۆمـە ژوورەوە وتـی ئەگـەر پـارەت پێیـە باشـترە لەگـەڵ خۆتـی نەبەیـت، بیـدە بـە مـن، منیـش لـە راسـتیدا پارەیەکـی زۆرم پـێ بـوو، کـە لـە لەنـدەن ئیشـم کردبـوو کۆمکردبوویـەوە بـۆ ئـەوێ کـە کارێکـی پـێ بکـەم، هەموویـم پێـداو رۆشـتم، پێشـم وت چاوەڕوان مەبـە نـەوەك زۆرم پـێ بچێـت، وابزانـم ئەویـش مەوعیـدو شـتی هەبـوو، هەتـا بـە سـەیارەی براکـەی هاتبـوو، پێـی وتـم کـە چـۆن بـە پـاس بگەڕێمـەوە، بەهەرحـاڵ خـوا حافیزیمـان لەیـەك کـردوو رۆشـتم، دوای هـەر لـە خۆیـەوە هـات بـە بیرمـدا وتـم باشـە خـۆ ئـەم پیـاوە مـن هـەر تـازە ناسـویمە، ئـەوکات ئـەم تـۆڕە کۆمەڵایەتـی و شـتانەش نەبـوو کـە زیاتـر ئاشـنای و لێـك نزیکـی دروسـت کردبێـت، لـە دڵـی خۆمـدا وتـم یـەك کـەس لـە نێوانمانـدا نەبـووە، پارەکـەش مەگـەر خـوای گـەورە خـۆی بزانێـت کـە بـە چ قوڕبەسـەریەك پەیـدام کردبـوو، شـەو نخونـی و ئەزیەتێکـی یەکجـار، لـە دڵـی خۆمـدا وتم خـۆ ئەگـەر بـدات لـە ژێـری خەڵکـی بـاوەڕ بـەو دەکـەن، ئـەو لێـرە خەڵـك دەیناسـێت و منێکـی منداڵـی دەمڕوت کـوردەواری دەڵـێ کـێ بـاوەڕم پـێ دەکات، بـە کورتیەکـەی مەبەسـتی بردنـی ببێـت بـە ئاسـانی دەتوانێـت ببیـات و منیـش پیـاو خـراپ و درۆزنیـش دەرچـم لای خەڵکـی، ئەڵبـەت سیقەشـم پێـی هەبـوو چـوون لـە مزگـەوت کـە ناسـیم، ئـەو بـە منـی وت تـۆ نوێـژ دەکەیـت؟! منیـش وتـم الحمـدلله، زۆری پـێ خـۆش بـوو، زیاتـر پرسـیاری لـێ کـردم کـە کێـم، وتـم تـۆ خەڵکـی کوێیـت وتـی سـلێمانی و ماڵمـان لـە فلانـە جێگایـە نزیکـی مزگەوتەکـەی مـەلا موسـا، منیـش وتـم دەی کاکـە منیـش قوتابـی مامۆسـتا مـەلا موسـاو مامۆسـتا مـەلا ئەحمەدی شـافعی بـووم، دکتـۆر ئەحمـەدی شـافعی ئێسـتە، لای مامۆسـتا حەسـەن شـەمێرانی خوێندوومـە، زۆر گەشـایەوە، کـە دینـداری و دڵسـۆزی پێـوە

دیاربـوو. بەهەرحـاڵ مـن ئـەو ختورانـە هـەر لـە دڵمـدا بـوو بـۆ پارەکـە، مانگـی رەمـەزان بـوو رۆشـتم بـۆ نوێـژی تەراویـح، ئـەو پیـاوەم بینـی بـە رووگرژیەکـەوە سـەیری کـرد، لـە دڵـی خۆمـدا وتـم تـەواو پارەکـە فـت، تـا ٤ رکات نوێـژی تەراویحمـان کـردو ئیسـراحەتێکی زۆر کـورت دەکەوێتـە بەینەکـەوە، بـە پەلـە هـات بـۆ لام و وتـی وەرە وەرە وەرە، دوو پیـاوی هێنـاو بردمیـە سـوچێکەوە، وتـم خـوا گیـان رەحـم بکەیـت، وتـی: وتـی کاکـە تـۆ پارەیەکـی زۆرت بـە مـن داوەو نـە نوسـین لـە بەینمانـدا هەیـەو نـە شـاهید، ئەگـەر مـن مـردم ئەوسـا چـی! بـە پەلـە بنوسـە مـن ئەوەنـدە پـارەم داوە بـەم کەسـە بـۆ ماوەیەکـی دیـاری نەکـراو و هـەرکات ویسـتم داوای بکەمـەوە، دوو نوسـخە بنوسـە، وتـم نـا کاکـە پێویسـت نـاکات، وتـی نـا زوو زوو بنوسـە، نوسـیم و مـن و ئـەو و دوو شـاهیدەکە ئیمزایـان کـردوو ئـەو نوسـخەی خـۆی هەڵگـرت و منیـش نوسـخەی خـۆم، بـە پەلـە گەڕاینـەوە بـۆ نوێژەکـە تەقریبـەن رکاتێکـی لـە نوێـژی دواتـر رۆشـت تـا ئـەم کارەمـان کـرد، دوای ماوەیـەك کـە ئیتـر هاتمـە سـەر ئـەوەی بگەڕێمـەوە بـۆ لەنـدەن، شـەو درەنگێکیـش بـوو تەلەفۆنـم بـۆ کـرد، وتـم مـن سبەی دەگەڕێمـەوە بـۆ لەنـدەن، نەیهێشـت قسـەکەم تەواوکـەم وتـی: هـەر ئێسـتە پارەکـەت بـۆ دەهێنـم، دوو کەسـی لەگـەڵ خۆیـدا هێنابـوو، پارەکـەی پێـدام و وتـی بیژمێـرە، وتـم پێویسـت نـاکات، وتـی نـا بیژمێـرە، ژمـاردم وتـم تـەواوە، وتـی دەی نوسـخەی نوسـراوەکەم بـدەرێ، پێمـداو ئەویـش ئـەوەی خـۆی دەرهێنـاو هەردووکـی لکانـد پێکـەوەو بـە بەرچاوی هەمووەمانـەوە دڕاندنـی.

ئـەم چێرۆکـە ئەفسـانەیی نـی یـە، لـە کتێبیشـەوە دەسـتم نەکەوتـووە، کەسـیش بـۆی نەگێڕاومەتـەوە، ئەمـە چیرۆکـی حەقیقـی خۆمـە لەگـەڵ ئـەو پیـاوەدا، وە پیاوەکـەش بەڕێـز حاجـی رزگار سـیوەیلی یـە کـە

ئێستە نوێنـەری کۆمەڵـی ئیسـلامی یـە لـە فینلەنـدا، ئەڵبـەت ئـەو کاتـە نـە حاجـی بـوو، نـە نوێنـەری کۆمەڵیـش بـوو! ئـەی ڕەحمـەت لـە دایـك و بـاوك و پـەروەردەو ئەخـلاق و ویژدانـت.
ساخوایە مـاڵ و تەمـاح و خۆشـی دونیـا نەبێتـە مایەی ئـەوەی حەقیقەتی قورئـان و ژیانـی کۆتایـی قیامەتمان لەبیـر بەرێتەوە.

# قورئان

سەرەتاییترین زانست بۆ تێگەشتن لە قورئان، چۆنیەتی خوێندنیەتی.
پیتەکان لە دەرچەی خۆیەوە بێتە دەرەوە، بۆ نمونە:
پیتمان هەیە سەر بە قورگەو دەنگەکەی لە قورگەوە دروست دەبێت.
پیتمان هەیە سەر بە زمانەو لەرەی زمان دەنگەکەی وەك خۆی دروست دەکات.
پیتمان هەیە سەر بە لێوەکانەو دەنگی دروستی خۆی دەردەکات.
پیتمان هەیە دەنگەکەی لە لوتەوە پەنگ دەخواتەوەو وەك خۆی دواتر دەردەچێت.
هەشە هاوبەشە لەنێواندا.
بۆ ئەوەی قورئان بزانیت بەباشی بخوێنیتەوە، دەبێت دیراسەی ئەو پیتانە بکەیت و ڕاهێنان لەسەری زانینی جێگەی دەربڕینیان، بەو شێوەیە دواتر دەربڕینێکی جوان دەردەچێت.
لەگەڵ هەوڵدان لەسەر ئەم وردەکاریانەداو زۆر شتی تر، کە قوڵای زیاترە، بۆ هەر پیتێك تۆ خێری خۆتت دەست دەکەوێت، بۆیە مامەڵە لەگەڵ قورئان و ڕۆچوون تێیدا هەم وانەو هەمیش چێژیشت پێ دەدات لەیەك کاتدا.
ئەمەی دەیبینن ئەمریکیەکەو گۆرانی بێژ بووە بوەتە مسوڵمان، بەشێوەیەك دەنگی قورئانەکەی دەردەبڕێت، قورئان خوێن دەزانێت کە حەقی بە دەرچەی پیتەکان داوە، کەواتە تۆ بۆ ڕاوەستاویت و قورئان لەبەردەستدایەو بە خۆشحاڵیەوە نایکەیتەوە، خۆشبەحاڵی ئەوەی خۆی بە دەستی خۆی قورئان دەکاتەوەو دەیخوێنێت، نەك بە پارە لەسەری بخوێنن!

## قورئان وەك یەكەم سەرچاوە

قورئـان تاکـە کتێبـە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا کـە زۆرتریـن کـەس لەبـەری کردووە.
نزیکی ٢٠ ملیۆن کەس لە جیهاندا قورئانیان لەبەرە.
تەنها پاکستان ١ ملیۆن حافز قورئانی تێدایە.
تاکە کتێبە هەم دەستوریەو هەمیش ڕۆحی.
هەم باسی دونیاو هەمیش باسی قیامەتیشی تێدایە.
قورسترین هاوكێشەكانی بە كەمترین دەق چارە كردووە.
پایەكانی حوكمڕانی و وردەكاریە كۆمەڵایەتیەكانی كێشاوە.
تاکـە کتێبـە هەمـوو چینەکانـی کۆمەڵگـە دەدوێنێـت و بۆ گشـت ئاسـتەکان دەبێت.
لێشی تێنەگەیت ئارامیت هەر پێ دەبەخشێت.
بە خوێندنی ئاوازی مۆسیقی دروست دەکات و جیاوازە دەقەکانی.

**بۆچی قورئان بۆ ئەو سەردەمە ناشێت؟**

گومانێـك کـە بەشـێوەیەکی گشـتی لەسـەر قورئانـی دروسـت دەکـەن، ئەویش ئەوەیـە کـەوا ئەڵێـن: ئـەم قورئانـە پێشـی (١٤٠٠)و، ئەوەنـدە سـاڵە هاتۆتـە خـوارەوە، بـۆ ئـەم سـەردەمە ناشـێ، ئێسـتا سـەردەمی تەکنـە لۆژیایـە، سـەردەمی عیلـم و مەعریفەتـە و، كۆمەڵە شـتانێی تازەیـە کەوا لە پێشـێندا نەبـووە، ئێسـتا هەیـە، بۆیـە ئـەم قورئانـە بەکەڵکـی حوکومڕانـی نایـە، بەكەڵكـی ئـەم سـەردەمە نایـە، کـۆن بـوە، بـۆ ئـەم سـەردەمە شـیاوی پەیـڕەوی کـردن نیـە، بـەڵام بـە یەقینیـەوە بەبـێ ئـەوەی کەوا یەك مسـقالە زەڕە گومانمـان لەسـەر ئـا ئـەوە هەبـێ، کـە قورئـان بـۆ ئـەم سـەر دەمـە

نابێ، بە هەمان شێوە ئەو کەسانەی کە ئەم گومانانە دروست دەکەن، شارەزاییان لە ناوەڕۆکی قورئان نیە، ئاگاداری ناوەڕۆکی قورئان نین، خۆ ئەگەر ئاگاداری بن و وابڵێن، ئەو کاتە فێڵبازن و ئەیانەوێ خەڵکی لەم حەقیقەتە پاکە ئیلاهیە دوربکەنەوە، هەر کەسێك کەوا، خوێنەواری هەیە زمانی عەرەبی بەباشی بزانێ، توانای بەدواداچون و خوێندنەوەی تەفسیرە موعتەبەرکانی ئەهلی سونەو جەماعەی هەیە، سەیری بکات و بیخوێنێتەوە، ئێستا لەم سەردەمەدا، مەجالێك نەماوە بۆ ئەوەی کە ئینسان تەمبەڵی بکات و، هەروەها بەڵگە بداتە دەستی ئەوانەوە کە ئەو گومانە دروست دەکەن، چونکە ئەواتە ئێستا بەزمانی شیرنی کوردی، بە زمانەکانی تر ئەبینین، باسی قورئان کراوە شیکراوەتەوە بۆمان، جگە لەوەی لێرەو لەوێ بەبەردەوامی کۆمەڵە حەقیقەتێك دەبینی زۆر جار لە زمانی ناحەزانی ئیسلامیشەوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، بەڵام وەك بە شێوەیەکی گشتی وەڵامی ئەو گومانە نارەواو چەپەڵە بدەینەوە، ئەویش کە دەڵێن: ئەو قورئانە کۆنە بۆ ئەم سەردەمە ناشێ، ئەگەر تۆ بێت و سەیری قورئان بکەی لەم پەڕەوە بۆ ئەو پەڕە هەمووی بخوێنیتەوە بەوردی بە ئاگاییەوە سەیری تەفسیرەکەی بکەی، مێشکت لە گەڵیا ئاگاداربێ، دڵت لەگەڵیا ئاگاداربێ، ئا ئەم قورئانە بە جوانی بخوێنیتەوە، لە کۆتاییدا دەگەیتە ئەو ئەنجامەی کەوا ئەو شتانەی کە ئەوان دەڵێن کۆنەو بۆ ئەو سەردەمە ناشێ ئەوە دەبێ قورئان بگورێ و دەبێ دەستکاری بکرێ، هەموو ئەوشتانەی کە لە قورئانی پیرۆزدا سابت بوە کەوا ناگۆڕێن، ئەوانە دەڵێن: دەبێ بگوڕێن، بۆ ئەوەی دنیا پێشکەوتەو، بۆ ئەوەیئێمەش پێش بکەوین، لە گوڕینەکەی ئەوەی کە لە قورئاندا هەیە، لەو پەڕی قیمەی پێشکەوتن دایە، بەڵگو گۆڕینەکەی دەبینی

دەبێتــە مایــەی ئــەوەی کــەوا ئینســانەکان، دەوڵەتــەکان، ڕێکخــراوەکان، ئەوانــەی کــەوا ئــەو شــتانەی لــە قوڕئــان نەگــۆڕە، ئــەوان گۆڕیویانــە، دەبێتــە مایــەی ئــەوەی کــەوا ئینســانیەت بــەرەو ســەر گەردانــی بــڕوا، ئەبێتــە مایيــەی ئــەوەی کــەوا ئینسـانەکان بــەرەو دواوە بــڕوا، نــەك بــەرەو پێشــکەوتن بــڕوا، ســەیری قوڕئــان بکــە بەجوانــی لێــی ورد ببــەرەوە، دەبینــی لــە ســەدا هەشــتای قوڕئــان، موحکەمــە، یانــی چــی موحکەمــە؟ یانــی سابتە، جوانــە، نــە گــۆڕە وەك خــۆی ئەمێنێتــەوە، وە ئــەم نەگۆڕینەی قیمــەی پێشکەوتێنیشــە، بــڵام وەك لــە ســەدا بیســتی موتەشابیهە، مانــای جــۆراو جــۆر هەڵدەگــرێ، وە هەمــوو ئەوانــەی کــە لــە دنیــا ئەبێتــە مایــەی پێشــکەوتن، دەبینــی لــەو ســەدا بیســتەی قوڕئــان خــۆی دەبینێتــەوە، بــۆ نمونــە: چەنــد نمونەیــەك دەهێنینــەوە لــە قوڕئانــی پیــرۆزدا، لــە قوڕئانــی ڕاســت و دروســتدا، خــوای پــەروەردگار حەقیقەتــی ناســینی خــۆی چەســپاندوە، کــەوا خوایەکــە نــاوی (الله)یــە، وە تــاك تەنهایــەو، ئــەو خــۆی ئــەم ئــەرزو ئاســمانەی دروســت کــردوەو بەڕێــوەی دەبــا، وە هــەر خــۆی بەرپرســیارە لــە دروســتکردن وبەڕێوەبردنــی، وە هەتــا وەکــو بــە کۆتــای هێنانــی، یانــی حەقیقەتــی یــەك خواناســی، خــوای پــەروەردگار لــە قوڕئانــدا ســابتە هــەر چەنــدی دنیــاش پێــش بکــەوێ، هەرچەنــدی تەکنەلۆژیاشــبەرەوپێش بــڕوا، هەرچەنــدی وەســائیلەکان فــراوان ببــێ و زۆر ببــێ، قوڕئــان هــەر یەکــەو نابێتــە دوو، خــوا هــەر یەکــە و نابێتــە دوو، ئەمــە ســابتەو ناگۆڕێــن، خــۆ ئەگــەر بێــت و بتــەوێ ئــەو حەقیقیەتــی (الله) کــە لــە قوڕئانــدا ســابت بــوەو بیگــۆڕی، ئەوکاتــە ئەبــێ لــە جیاتــی خویــەك، بکــەی بــە دوو خــوا، بیکــەی بــە ســێ خــوا، بکــەی بــە چــوار خــوا، بیکــەی بــە هــەزاران خــوا، کــەوا ئێســتا لەســەر عــەرزا دەبینــی زۆرێــك پەیــڕەوی ئــەو خــوا دەســتکردانە دەکات، ئەهــا بتێکــی دروســت کــردوە ئەیخاتــە باخەڵــی،

دەچێ ئەی پەرستێ، یانی شەهوەت و ئارەزوی خۆی دەپەرستێ، یانی ئەبینی کە واز لە حەقیقەتی ناسی (الله) دەهێنن، ئەبینی هەر خوای پەروەردگار خۆی سەر گەردانی دەکا بەوەی کەوا ئەم کەسە بەدوای خوا بگەڕێ و بەدەستیشی نەکەوێ، چونکە وازی لەو حەقیقەتە هێناوە کە ئەو ئەصلەکەیە، بۆیە حەقیقەتی خوای پەروەردگار یەکە ناگۆڕێ، وە ئەگەر بێت و بتەوێ بی گۆڕی، ئەو کاتە ئەبینی ئەبێ بیت بپەرستی، ئەبێ ماناگا بپەرستی، ئەبێ سەرکرردەکان بپەرستی، ئەبێ پیرەو پرۆگرامی حزبەکان بپەرستی، ئەبێ شەهوەت و ئارەزوو بپەرستی، ئەبێ موچەکەت بپەرستی، ئەبێ پەرستراوەکان، خواکان ئەوەندە زۆر دەبێ، هەر ئەبێتە مایەی سەر گەردانی بۆ ئینسانەکان، بۆیە کە تۆ واز لەپەرستنی(الله) دەهێنی، خوای پەروەردگار عقوبەت ئەدا بەوەی کەوا پەرستراوێکی تر دەست ناکەوێ وەك(الله)، دەبینی ئائەمە کە بەحیسابی تۆ گۆڕان کاریان بۆتە مایەی سەر گەردانی و، هەتا خۆی بۆ خۆی واز هێنان لە (الله) ئەبینین بۆتە عقوبەیەك بۆت هەر لە دنیا پێشی قیامەت، بۆ نمونە:

**دزی و دەست پاکی:**

دەست پاکی: دەست پاکی لە قورئاندا سابتە، دەبێ ئینسانی مسوڵمان دەستی پاك بێ، ئەم دەستەی لەشتێکدا بەکار نەهێنی، کەوا خوای پەروەردگار چوارچێوەیەکی شەرعی بۆ داناوە، کە تۆ واز لەم دەست پاکیە دەهێنی، کە ئەمە سابتە هەرچەند دنیا پێش بکەوێ، ئەم وەك خۆی دەمێنێتەوە، ئەو کاتە گۆڕینی دەست پاکی بەرامبەرکەی چیە؟ بەرامبەرکەی دزیە، بەرامبەرەکەی خیانەتە،بەرامبەرکەی ماڵی خەڵکی خواردنە بەناحەق، ئەی ئایە ئەوە پێشکەوتنە! کە تۆ واز لە دەست

پاکـی دەهێنـی، یانـی دەسـتت پیـس دەبـێ، دزی دەکـەی، ماڵـی خەڵـك دەخـۆی، ئـەم دەسـتە لەشـتانێکدا بـە کاری دەهێنـی پێچەوانـەی دەسـت پاکیەکەیـە، وە لـە هیـچ وڵاتیکـدا لـە هیـچ شـوێنێکدا دەسـت پیسـی، یانـی مخالفـی دەسـت پاکـی نابێتـە مایـەی پێشـکەوتن، بۆیـە ئەبینـی هەتـا لـە دنیـادا کـە ئەزانـن ئەمـە هـەر مشـکیلەیە خـۆی بۆخـۆی، یانـی بۆیـە ناچـار بـوون لـە دنیاشـدا عقوبـەی بـۆ دابنێـن، وە لـە هـەر وڵاتێکـدا کـەم تەرخەمـی لـە عوقوبـەی دەسـت پیسـیدا بکـرێ، کـەوا ئـەو کەسـە دەسـتی پیسـبێت و تەجـاوز بـکات لـە دەسـت پاکیەکـە، ئەبینـی ئـەو وڵاتـە باجەکـەی دەدات هـەر لەدنیـا، بۆیـە شـەرمی پـێ نـاوێ لـە قورئانـدا خـوای پـەروەردگار ئەفەرمـووێ: ئەگـەر کەسـێك دزی کـرد، دەبـێ دەسـتی ببـڕی، چونکـە بەبڕینـی ئـەو دەسـتە کۆمەڵگا پـاك دەبێتـەوە، کۆمەڵگا دور دەکەوێتـەوە لـە خیانـەت، تـۆ لـە ماڵـی خـۆت ئەمین نەبـی، تۆ لەسـەروەتی خـۆت ئەمیـن نەبـی، تـۆ لـە حـەق و حقوقێککـە لـە وڵاتەکـەت شـمولت دەکات ئەمیـن نەبـی، ئەهـا ئێسـتا هیـچ وڵاتێـك لەوانیـە وەك ئێمـە لـەم حەقیقەتـە تـێ نـەگات، کـە ئەگـەر سـەرەتایی نەوتـەکان، باسـی دزی بکرابایـەو باسـی دەسـت بڕیـن بکرابایـە، کەسـانێك بەلایانـەوە نارەحـەت بـوو، ئـا بـەڵام ئەبینـی لـە مـاوەی بیسـت و پێنـج سـاڵ، بیسـت سـاڵ، کـە متریـش، یانـی ئێسـتا بۆتـە بیسـت و پێنـج سـاڵ، لەمـاوە هـەر دە سـاڵی نەبـرد، دەبینـی چـۆن سـەرەنجامی ئـا ئـەم خیانەتـە، سـەرەنجامی ئـەم پەیـڕەوی نەکردنـی قورئانـە، کۆمەڵگاکـە چـۆن ئێسـتا باجـی دەدات، ئەهـا ئەگـەر لەسـەرەتاوە دەسـتی چەنـد کەسێك ببڕدرایـە، ئەوکاتـە ئـەو خەڵکـەی ئیسـتا گشـتی بـەم شـێوەیەی بەسـەردا نەدەهـات، لەبەردەمـی کامێـرا خـۆی شـین و مۆربکاتـەوەو بگرێـت و باخەڵـی دەربێنـێ کـەوا هیـچ تێدانیـە، منداڵەکـەی بـە گریانـەوە پیشـانی کەناڵـەکان بـدات و،

یانی خوا خوای بێ دەنگەکەی بگات، کە ناشگات، بۆیە دەست پاکی لە قورئاندا سابتە، کە تۆ دێی بیگۆڕی بەبیانوی ئەوەی کە وا چۆن دەبێ دەستت ببڕێ، ئەمە ناڕەحەتە دەستت ببڕێ، ناڕەحەت ئەم عقوبە چۆن دەبێ ببێ، دەبینی هەر لە دنیا ئینسانەکان باجی دەدەن، بۆیە دەبینی گۆڕینی ئا ئەم حوکمە خوایە، گۆڕینی دەست پاکی ئەبێتە دزی و خیانەتی، کەوا ئیستا ئێمە باجەکەی دەدەین.

**داوێن پاکی و داوێن پیسی:**

هەروەها داوێن پاکی لە قورئاندا سابتە، یەك ئایەتت دەست ناکەوێ، لەم سەری قورئانەوە تا ئەمسەری قورئان، یانی ڕەوایەتی بدات بە کاری بێ ئەخلاقی، بەکاری بەد ڕەوشتی، بۆیە ئەو کەلیماتانە هەر لە کۆنەوە بۆ ئیمەش ماوەتەوە، بێ ئەخلاقی، شەڕواڵ پیسی، زینا، بەڵام وەك ئێستا بەناوی پێشکەوتنەوە هەتا ئەیانەوێ ئەم ناوانە بگۆڕن، زینا بەدڕەوشتی بێ ئەخلاقی، ئیستا ناوەکان دەگۆڕن، لە ئەوڕوپا (گێڵ فرێند و بۆی فرێند) لە کوردستاندا کەپڵ، ئەها وشانێك لێرە بەکاری دەهەێنن کە خۆشیان زۆرجار نازانن ماناکەی چیە، ئەبینێ بۆ ئەوەیەیتیان ئەو موستەڵحاتانە بگۆڕن، بۆ ئەوە لەبەر چاوی خەڵکەکە جوانبێ، هەتا لە کتێبە ئینگلیزیکانیشدا، لە قاموسەکاندا کە باسی زینا و زیناکەرە دەبینین ئێستا ئەو موستەڵحاتانە بەکار ناهێنن (adultery) یانی ئێستا نابینین بۆ نمونە: کەسێکی زیناکەر لەلای ئینگلیزدا بەرکاربهێندرێ، (گێڵ فرێند و بۆی فرێند) هەتا دێن ئا ئەمانە لەبەر چاوی خەڵکی جوان بکەن، بۆنمونە: بەرنامەیکی تەلفزیۆنی دەکەن، (گێڵ فرێندەك و بۆی فرێندەك) کەپڵێك بەم حیسابە دنیایانە، کە دێنن و موقابەلی دەکەن، کچێکی جوان کوڕێکی جوان، جوان

خۆیـان گورپـەوە عەتریـان داوە لـە خۆیـان بـەو شێوەیە، بـەو پـەڕی پـاك پوختیـەوە دێنـە سـەر بەرنامـەكان، وە هەروەها بـە پێكەنینـەوە، كۆمەڵێك پرسـیاریان لـێ دەكـرێ، پرسـیارەكان هەمـووی بەشـێوەی پێكەنیـن ئاسـا دەسـت پـێ دەكات، یانـی بەشـێوەیەك ئائـەم كارە خراپـە، ئـەم (گێـڵ فرێنـد و بـۆی فرێنـد)ە، ئـەم كەپڵـە، ئـەم بـێ ئەخلاقیـە، ئەبینـی لەبـەر چـاوی خەڵكـی جـوان دەكـەن، بـەڵام بیانـەوێ بـۆ نمونـە: موقابەلـەی ژن و پیاوێـك بكـەن، ئەبینـی ژنێكـی پیـر پیاویكـی پیـر، پیربـوون ئەهـا زۆر جـار لەوانەیـە هـەر ناكۆكیـش بـن لـە ئەساسـەوە بەیەكـەوە، دێـن لێـرە كۆمەڵێـك پرسـیاری ئیحـراج كەریـان لـێ دەكـەن، وایـان لـێ دەكـەن ئـەم شـتە لـە ئەسڵەدا كـە جوانـە، زەواج كـە جوانـە، ئەخـلاق جوانـە، ئەبینیـن ئیـش لەسـەر ئـەوە ئەكـرێ كـەوا ناشـرین بكـرێ، بۆیـە یانـی داوێـن پاكـی كـە لـە قورئانـدا ئەصلـە نابـێ بگـۆڕێ، كـە تـۆ دێـی بیگـۆری ئـەو كاتـە بـێ ئەخلاقـی و، ئائـەوە كـەوا هـەر وڵاتێـك كـە گـوێ ناداتـە ئـەو بنەمـا ئەخلاقیانە،ئەبینـی خـۆی باجەكـەی دەدات، لـە وانیـە كەسـانێك كـە لـە ڕواڵـەت شـتەكان دەبینـێ، ئـا ئـەم قسـانە جێگـەی پرسـیاربێ، بـەڵام نـەك لـە گۆمەڵـگا ئیسـلامیەكاندا، نـەك لـە كۆمەڵـگای كـوردەواری ئێمـە كـە خۆمـان و ئەوانەشـی كـە مسـوڵمان نینـە، یانـی تەحەموولـی بـێ ئەخلاقـی نـاكات، كامـەی كـەوا لـە ئـەو وڵاتـەی كۆمەنیسـتە كـە حزبێكـی ئـەو پـەڕی علمانیـە بـاوەڕی بـە خوانیـە، قورئـان هەمـووی بـە خوراڧیـات دەزانـێ و، ڕەدی دەكاتـەوە، بـا ئاسـایی بـێ بەلایـەوە دایكـی بـێ ئەخلاقـی بـكات، خوشـكەكەی بیـكات، كچەكـەی بیـكات، بێتـەوە ماڵـەوە كەسـێك ببینـێ لەگـەڵ ژنەكـەی دایـە، یانـە شـتانێكە ئەمانـە لگـەڵ فیترەتـی دروستیشـدا ناگونجـێ، یانـی ئـەم بـێ ئەخلاقیـە لـە گـەڵ فیترەتێكـی پاكـدا، ئەگـەر پەیامێكـی ئیلاهیشـی بۆنمونـە وەر نەگرتبـێ هـەر ناگونجـێ، وە لـە

ئەوڕوپا خۆشی ئەبینێ چۆن عوقوبەی ئەم بێ ئەخلاقەیە دەدەن، کە چەند بۆتە بارقورسی، هەتا بۆ حوکومەتەکە خۆی بۆ وڵاتەکە خۆی، کەواتە سەدان سزاو هەزارن و هەتا دەگاتە مەلاین، ئەگەر ڕێژەی داتای وڵاتەکان گشتی وەربگرین، ئەبینی بە هۆی ئا ئەم کێشانەوە لە سجنەکاندان، حوکومەت باجیان ئەدا، توشی شوڕو مەشاکیل دەبنەوە، یانی دەبینی دگۆڕینەکەی نەهامەتیەکی بەر فراوانی دنیایی بەدواوەیە.

**مەشڕوب خۆری و خۆ پارێزی: بەهۆشی و بێ هۆشی:**
لە قورئاندا مەشروب خواردن حەڕامە، هەرشتێك ببێتە مایەی ئەوەی کەوا عەقڵی ئینسان، ئەم عەقڵی ئینسانە کە بەخششێکی خوای پەروەردگارەپێیداوە زۆر گەورەوەیە، بە هۆی ئەو عەقڵەوە لە هەرچی گیانلەبەرکانی ترە، لە حەیوانات جیای دەکاتەوە، کە چی دەبینی کەسێك بە ئیختاری خۆی دەڕوات خۆی دەکاتە حەیوان، مەشڕوب دەخواتەوە خۆی سەر خۆش دەکات، هەر لە دنیا خۆی دەکاتە گاڵتە جاری کەسانی تر، لە وانایە کەسێك بڵێ: من کەم دەخۆمەوە، من نازانم چی، بەڵام هەرشتێك کە خراپ بوو لە ئیسلامدا، هەر لەبنەوە حەڕامکراوە، هەر لە ئەساسەکەوە بن بڕی کراوە، کەم دەخۆی خۆی دوایی زیادی دەکەی، تۆ کەم دەخۆیت کەسێکی تر زۆر دەخوات، ئەم پارە کە خوای پەروەردگار لە ڕۆژی قیامەتدا کە ئەویش هەر بەخششێکەوە، پرسیارت لێ دەکرێ تۆ بیدەی بەم زەهری مارە، قانع شعرێکی جوانی هەیە، دەڵێ:

تا شەربەتی هەرمێ لەت و دۆشاو شۆکەم بۆ دەست بدات
ئارەق و ترياكی هەروەك ژەهەرمارم بۆ چیە

تۆ لەبەرامبەری ئەوە خوای پەروەردگار سەدان و هەزران مەشرووباتی حەڵاڵی بۆ حەڵاڵ کردوی، مەشرووباتی بۆ حەڵاڵ کردوی، بەڵکو لەناو ئەو مەشرووباتانە، تەنها چەند دانەیەك ئەوەی کە ئەبێتە مایەی ئەوەی عەقڵت لە دەست بدەی، کە ئاگات لە خۆنەمێنێ، کە ببیتە گاڵتەجاری خەڵکی، ئا ئەمەی حەڕام کردوە، کە کاتێك تۆ ئەم حەڕامە ئەبەزێنی، کاتێك کەوا ئەبێ ئاگات لە عەقڵت بێ شتانێك نەخۆی کەوا ببێت مایەی لابردنی عەقڵت ئەگەر بۆ کاتێکی کەمیش بێ، ئەو کاتە سەرەنجامەکەی ئەبینی،سەیری ئەو جەریماتانەکەن، بۆنموونە: لە وڵاتاندا هەیە ئەوانەی کەوا لە ئەورووپان زۆر باشتر لەمە تێدەگەن، شەممان و یەك شەممان، ئەوەی لەدەرەوە ئەیبنین چەندین جەریمات دەبێ، شەڕ دەبێ، کوشتن دەبێ، پەنجەرە شکاندن دەبێ، هەموو ئەمانە ئیلا ئاخیرهی، ئەگەر متابەعەی ئیخبارەکانیش بکەی زۆرتر ئەبینی، بۆیە بەکورتی یانی ئەگەر تۆ سەیری قورئان بکەی لەم سەرەوە هەتا وەکو ئەو سەر، هەر شتێك لە قورئاندا کە سابتەو نابێ بگۆڕێ، گۆڕینەکەی نابێتە مایەی پێش کەوتن،بەڵکو دەبێتە مایەی دواکەوتن، دەبێتە مایەی سەر گەردانی، دەبێتە مایەی ماڵ وێرانی، گۆڕینەکەی پێشکەوتن نیە، بەڵکو سابتیەکەی قیمەی پێشکەوتنە، وە هەروەها یانی کە تۆ دێی دەست کاری ئەمە دەکەی ئەبینی سەرگەردانیەك بۆ خۆت فەراهەم دەهێنی، بەڵام بەداخەوە لەوڵاتی خۆشماندا کەواتە: دێن باسی ئەوە دەکەن کە قورئان کۆنە، دەبێ بگۆڕێ، قورئان بەکەڵکی ئەم سەردەمە نایێ، نایێن باسی ئەو شتانە بکەن کەوا ئەبێتە مایەی پێشکەوتنی، بۆنموونە: بەشەریەت، دێن هەر لە ئەمانەوە دەست پێدەکەن، بۆچی دز دەبێ دەستی ببڕێ! واللە دەبێ دەستی ببڕێ، بۆچی مەشرووب خۆر دەبێ جەڵدی

لـێ بـدرێ، بۆچـی ئەمـە نازانـم چـی، لەکاتێـکـدا خـۆ ئـەم عوقوباتانـەش هـەر نیـە هێشـتا، بـەڵام هـەر دژی قورئانەکـەن، هـەر پێیـان ناخۆشـە وەك فکریـش هەبـێ، هـەر پێیـان ناخۆشـە وەك ئـەوەش کـەوا کەسـانێك بـە ئیختیـاری خۆیـان هەڵـی بژێـرن، ئەبینـی پێیـان ناخۆشـە ئـەوە بـێ، بۆیـە بەدیوێکـی تـردا ئـەو کەسانەی کـەوا دژی ئـەو حەقیقەتانـە ئەبنـەوە، ئەمە یانـی خۆیـان عەلامەتێکـی ئیسـتفهامی گـەورە، عەلامەتێکـی تەعەجوبـی گـەورە لەسـەر خۆیانـە، بۆنمونـە: کـە ئەڵێیـن دزی لـە ئیسـلامدا عقوبـەی گـەروەی بـۆ دانـدراوە، ئـو دێـت لەبـری ئـەوەی کـەوا بـاس لـە دەسـت پاکـی بـکات، لـە بـری ئـەوەی کـەوا ئـەم بەهـا جوانـە ئەخلاقیـەی خـوای پـەروەردگار داینـاوە زەقـی بکاتـەوە، بڵـێ شـتێکی باشـە،لێکۆڵینەوە لەسـەر ئەمـە بـکات، دێ هـەر تەرکیـز دەکاتـە سـەر ئـەوەی کـەوا ئـەو دەسـتە ببڕێ، بێـن بەرچـاوی خـۆت تـۆ ئـەم دەسـتە ببـڕی، خوێنـی لێـدێ، ئەمـە گۆشـتە، ئەمـە پێسـتە، لەنـاوەوە دەمـارە، یانـی یـەك دنیـا موبڕیـڕات دەهێنێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـەوا وەك وابـێ کـە ئیسـتا لێـرە دەسـتی بڕابـێ، بۆچـی دەستەکە دەبـڕێ، خـۆ ئیسـلام هـەر لـە خـۆوە نایـێ دەسـتی خەڵك ببـڕێ، ئـەوەی کـەوا دزی دەکات، ئـەوەی کـەوا ماڵـی خەڵـك بەهـەدەر دەدات، ئـەوەی کـە ماڵـی خەڵـك وێـران دەکات، ئـەوەی کـە بوجـەو قوتـی خەڵکـی دەبـڕێ، بـەڵام وەك ئەبینـی لـە بەرامبـەری ئـەوە ئەبوایـە باسـی ئـەو حەقەکـەی بکردبایـە کـە ئەمـە شـتێکی جوانـە، بـۆ ئـەوەی کـەوا ئێمـە لـە عوقوبـە دوربیـن، بـۆ ئـەوەی کـە ئێمـە ئەجـری قیامەتیشـمان دەسـت بکـەوێ، ئەوەیـە کـە ئێمـە دزی نەکەیـن، تـەواو ئیتـر ئەگـەر عقوبەکـەی مەهمـاکان قـوڕس بـێ، نارەحـەت بـێ هەرچیـەك بـێ، تـۆ ئەگـەر کسـێکی دەسـت پـاك بـی، ئەگـەر کەسـێکی ئەمیـن بـی، ئەگـەر کەسـێك بـێ، یانـی دەسـتی خیانـەت بـۆ خەڵـك درێژنەکـەی، بـا عقوبەکـەی دەسـت بڕینیـش

نەبێ سەر بڕین بێ، یا سەر بڕینیش نەبێ، یا هەر عقوبەیەك کە سەختە هەبێ لەبەرامبەری ئەم دزی کردنە، تۆ ئەگەر دەستت پاك بێ، یانی چ منەتێکت هەیە بە عقوبەکەی، یان ئەگەر تۆ داوێنت پاك بێ، چ منەتێکت هەیە بە عقوبەکەی، یان تۆ ئەگەر ها ئەمانە سابتە لە ئیسلامدا، ئەگەر تۆ یانی بەها جوانکە واز لێ دەهێنی، ئەو کاتە دەبێ تەحەمولی عقوبەکەی بکەی، ئەگەر لە دنیاشدا نەبێ لە قیامەتابێ، بەڵام وەك ئەو شتانەی کە لە سەدا بیستەکەی تری قورئان، کەوا ئەبێتە پێشکەوتنی ئینسانەکان، باڵەخانەیە هەر چۆن ئەی کەی بیکە، **(transportation)** سەیارەیە تەیارە هەرچۆن ئەی کەی بکە، هەرچی شتە بڕۆ سەیری قورئان بکە، لە سەرەتاوە هەڵی بدەرەوە دانە دانە لاپەڕە لاپەڕە بە ئیسرحات کاتی بدەرێ، چونکە حەقی ئەویە کاتی بدەیتێ، سەیری بکە بزانە شتێکت دەست دەکەوێ لەو قورئانە، یانی ڕێگربێ لەوە ئینسان پێش نەکەوێ، هەرچی ئەو شتانەی کەوا پەیوەستە بە پێشکەوتنەوە، لە قورئاندا مەشروعەیتی پێداراوە، داوا لە ئینسانەکان کراوە عەقلی بجولێنێ، دڵی بجولێنێ، هەوڵی بۆ بدات، نەمامێك ئەگەر بەدەستیەوەتی قیامەتیشی دێ هەر بینێژەن، هەموو ئەو شتانەی کەوا ئەبێتە مایەی پێشکەوتنی بەشەریەت، پێشکەوتنی ئینسانیەت، لە قۆڕئاند نەك ڕەوایەتی پێداراوە، بەڵکو بە (إِقْرَأْ) دەستی پێکردوە، بخوێنەو، هەروەها لێکۆلینەوەی لەسەر بکەو، بەردەوام بە لەسەری، ئەو شتانەشی کەوا لە ئیسلامدا سابتە کە ناگۆڕێ، هەتا قیامەت چەندی دنیا بگۆڕێ، گۆڕینی ئەو شتانە نابێتە مایەی پێشکەوتنی بەشەریەت، بۆیە دەست بگرین بە قورئانەکەوە، نەك بەم شێوە فیزیکیە بیخوێنینەوە، لێی تێبگەین، ئەو درۆیانەی کەوا بەدەم قورئانەوە دەیکەن، یانی بە

حەقیقەتی خۆمان بە چاوی خۆمان بیخوێنینەوەو پوچەڵی بکەینەوە، وە ئەو کەسانەی کەوا قورئان بەدواکەوتو دەزانن، قورئان بەوە نازانن کەوا بۆ ئەم سەردەمە ناشێ، یان شارەزای قورئان نین، یان کەسانێکی خەلەفاون، جا بۆ ئەوەی کەوا تۆ کەسێکی شارەزا بیت و نەخەلەفاوبی، سەیری قورئانەکە بکە، خۆت بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی کەوا کەسێکی تەندروست بین، وە بۆ ئەوی کەوا ئەو سودە گەورانەی کەوا لەم قورئانەدا چەسپیوە خوای پەروەردگار بەهەدیە بۆ ئێمەی ناردوە بیخوێنینەوەو لێی سودمەندبین.

# یەکێك لە جوانیەکانی قورئان!

لەگەڵمدا یەك تۆز دیقەت بدەن..
کە قورئان دەخوێنم زۆرجار وشە گەلێك دەموەستێنێت، وام لێ دەکات سەر بە دەیان کوندا بکەم بۆ ئەوەی باشتر لێی تێبگەم، ئەم بەیانیە گەشتم بە وشەی (هَضْمَا) لە سورەتی طە ئایەتی ١١٢، زۆر وشە هەر لە ڕوی زمانەوانیشەوە مانای جیاواز دەدات بە دەستەوە، بەپێی ڕستەکە، جگە لەوەش زۆر وشە هەیە لە یەك کاتدا چەند مانایەکی هەیە.
کە ڕۆشتمە ناو وردەکاری ئەو وشەوە (هَضْمَا) ئەوە دەگەیەنێت کە کەسی چاکەکار لە قیامەتدا لەوە ناترسێت کە پاداشتی کەم بکرێتەوە، جا ئەو وشە ئەگەر لەسەری بوەستیت و کەمێك بیری لێ بکەیتەوە زۆر گرنگە، لە دونیادا زۆرجار حەقمان پێ دەدرێت بەڵام هێشتا دەڵێین بەخوا حەقی تەواوی پێ نەدراوە، یان لە مەعمەلەیەکدا زۆر ئەترسین لێمان کەم بکرێتەوە، وەکو خۆی تێنەگەن، بۆیە زۆرجار مشت و مڕو موناقەشەو بگرە شەڕیشی لەسەر دەکەین، جا خیطابی قورئانی چەند جوانەو چۆن متمانەمان پێ دەبەخشێت، لە سورەتی یونس ئایەتی ٢٦ وشەیەکی زۆر جوان هاتوە کەوتەوە بیرم لەم باسی پاداشت و حەق و حقوقەدا، کە ئەویش وشەی (وَزِيَادَةٌ)یە بۆ کەسی چاکەکار نەك هەر پاداشتی دەدرێتەوەو ترسی لە کەمکردنەوەشی نابێت، بەڵکو زیادەشی دەدرێتێ، جا ئەو زیادە یەکجار خۆشە، بیهێنەرە بەرچاوی خۆت ئەگەر بڕۆیت بۆ بازاڕو کیلۆیەك تەماتە بکڕیت، دوای کێشانەکەی کابرای بەقاڵ یەك تەماتەی بچوك زیادەی تێ بکات، چەند دڵت پێی خۆشە، ئەی ئەگەر مێوژ بکڕیت و مشتێ مێوژی زیادە دوای کێشانەکە بخاتە ناو عەلاگەکەوە، چەند کابرات لا

خۆشەویست دەبێت، وات لێ دێت هەموو جارێك برۆیتەوە بۆلای، جا هەروا برۆ بۆ سەرەوە ئەگەر ئاڵتون فرۆشێك تۆزێك قورستر بیکێشێت ئەوە یەکجار نادرەو لەوەیە شتی وا نەبێت، جا ئەبێت ئەو زیادەی خوای گەورە بۆ شتی بچوك و دونیای ئەوەندە دڵخۆشکەر بێت بۆ هی قیامەتی چۆن بێت!، جا لە تەفسیری زیادەشدا هاتوە کە زیادەکە بینینی خوای گەورەیە، تەخەیولی بکە مرۆڤ لەوکاتەدا بکاتە چ ئاستێك، چون مرۆڤ هەر ئەو مرۆڤەیە دڵخۆش دەبو بە مشتێ مێوژی دونیای، جا چ جای ئەوەی ئەو زیادە بینینی زاتێك بێت کە خولقێنەری عالەمە، بۆیە ئەو پاداشتە هەرگیز بەحەق وەرناگیرێت، خۆ مشتە مێوژەکە ئەوەندە نی یە تێرمان بکات، بەڵام مەحیبەتی ئەو نێوەندە ئەوەندە گەورەیە سەدان جار تێرمان دەکات، سا خوای گەورە بە بینینی خۆی تێرمان بکات.

دەقەکانی قورئان حەرەکاتەکانیشی مانا بەخشە.

## تایبەتمەندیەکی زۆر گرنگی قورئان

کە شتێك بوبە ڕابردو ئیتر تەواو، ناتوانرێت بگۆڕدرێت، چون شتەکە بوەو دەرفەتی قسەکردنی تێدا نەماوەتەوە، بۆ نمونە هەریەکێ لە ئێمە کاتێك دادەنیشن و باس لە ڕابردومان دەکەین، ئەگەر چاکە بێت شایەنی دڵخۆشیە، ئەگەر خراپیش بێت تازە شتەکە ڕۆشتوە زەمەن ناگەڕێتەوە بۆ چاك کردنی، بەڵام دەبێت وانەی لێ وەرگرین.

لە قورئاندا باس لە شتگەلێك دەکات کە بۆ داهاتوەو وەك ڕابردو باسی دەکات بۆمان، ئەوەندە متمانەیی لەو دەقانەدا هەیە وا لە مرۆڤ دەکات پێش کۆتایی تاقیکردنەوە نەتیجەی کاردەکەی ببینێت، جگە لەوەش وەك ڕابردوو باسی دەکات لەگەڵ ئەوەشدا ئەداتی تەحقیق و تەوکیدو متمانەی زیاتری تێدا بەکارهێنراوە، کە چیتر بۆشایی نی یە

بـۆ ئـەوەی قسـەی تێـدا بکرێـت.
بـۆ نمونـە لـە سـورەتی المؤمنـون خـوای بەرزوبـاڵا دەفەرموێـت: قَـدْ أَفْلَـحَ الْمُؤْمِنُونَ
ئیمانـدارەکان سـەرکەوتن، خـۆ ئـەوەی ئێسـتە ئیمانـدارە هێشـتا لـە ژیاندایـەو نەمـردوە، کەچـی قورئـان واباسـی دەکات وەك شـتێکی بـڕاوە، جـا دوابـەدوای ئـەو ئایەتـەش هەندێـك لـە سـیفەتی ئـەو ئیماندارانـە دەخاتـە ڕوو.
بـە هەمـان شـێوە لـە جێگەیەکـی تـردا لەسـەر هەمـان وەزن خـوای گـەورە دەفەرموێـت: قَـدْ أَفْلَـحَ مَـنْ زَكَّاهَا
ئەوەی نەفسی خۆی پاك دەکاتەوە سەرکەوتووبوە.
جـا ئەگـەر سـەرنجێکی زۆرێـك لـە قەلەقـی و ناجێگیـری دەرونـی و تـا دەگاتـە نەخۆشـیەکان، زۆری ئەنجامـی نـا متمانەیـی، ناڕونـی لـە داهاتـو، تـرس لـە ئەگـەرە جۆربەجۆرەکانـە، قورئـان چـون هـی زاتێکـە کـە دروسـتکەری مرۆڤەکانـە، بەرنامەیەکـی بـۆ دانـاون نـەك دوو دڵـی و ئەگـەر لەناخـدا بنبـڕ دەکات، بەڵکـو پـڕی دەکات لـە متمانـە بـون، متمانـە بـون نـەك تەنهـا گەشـبینی و دڵخۆشـکردن، بەڵکـو متمانەیـەك وا دەرون ئـارام و جێگیـر دەکات، نـەك ترسـی لـە داهاتـوو نەبێـت بەڵکـو بگـرە پەلەشـی بێـت بـۆی.
قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ
قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا
بـا هەوڵمـان بـۆ ئیمانـداری و نەفسـمان بـۆ پاکـەکاری بێـت، تـا ئـەو ئایەتانـە شـمولمان بکات.

# گرنگی هەینی و میوانداری

وشە سازی لە قورئاندا...

زۆرجار وردەکاری سەیر هەست پێ دەکەم لە قورئاندا.
بـۆ نمونـە بەیانـی کـە ڕۆژی جومعەیـە، بـۆ ڕۆشـتن بـەدەم بانگـەوازی خوایـی و نوێـژی جومعـە وشـەی (فَاسْعَوْا) بەکارهاتـووە، لـە سـورەتی الجمعـە ئایەتـی ٩، مانـای ڕۆشـتنێکی جدیـە لەگـەڵ نیەتـدا.
بـۆ خزمەتـی میـوان و گرنگیـدان پێـی وشـەی (فَـرَاغَ) بەکارهاتـووە، لـە سـورەتی الذاریـات ئایەتـی ٢٦، مانـای ڕۆشـتنێکە بەهەڵـەوداوان، نـە ڕاکردنـە نـە خـاو وخلیچکـی، گرنگیدانێکـە میوانەکـە هەسـتی پـێ دەکات.
بـەم شـێوەیە قورئـان فێرمـان دەکات بـۆ خزمەتـی دیـن و خەڵکـی گـورج و گـۆڵ بیـن، ڕانەکەیـن و بکەویـن شـوێنێکمان بشـکێت، زۆر سـوکیش نەڕۆیـن و لـە جەماعـەت بەجـێ بمێنیـن.
ئیسلام ڕەگی تەمبەڵی بەدەقی قورئان لەبن دەهێنێت.
مەڵـێ لەبـەر تەمبەڵـی نوێـژ ناکـەم، ئیسـلام تەمبەڵیشـی قبـوڵ نـی یـە، بـەم شـێوە سـەرپێچیەکەت لەبـری یەکێـك دەبێـت بـەدوو!
---
بـە دەسـتی بـە دەسـتنوێژەوەو دوای دوو ڕکات نوێـژ لـە خزمـەت قورئانـدا سـاتێك دابنیشـە، ئەوسـا مانـای مرۆڤبونـی خـۆت تێدەگەیـت، ئەوسـا دەزانیـت تـۆ چ خوایەکـت هەیـەو چ بەرنـاو ڕێزێکـی لێناویـت.
---
لـە پاکسـتان بـۆ ئـەوەی وەك ئیمـام داتبمەزرێنـن، دەبێـت هەمـوو قورئانـت لەبـەر بێت.
پێویستە ڕۆژانە ٢ جۆر قورئان خوێندنت هەبێت.

جاری یەکەم بۆ بە ئاگایی.
جاری دووهەم بۆ تێگەشتن.
---
دەستت بە شامپۆ بشۆ و دڵت بە قورئان.
---
لە قورئاندا بۆ خۆت بگەڕێ، نەك لە ڕۆمان.
---
کلیکی دروستی دڵان (قورئان)ە.
دڵتان بە کلیکی نا دروست سلاك مەکەن.
ئەزیەتیشی مەدەن و بیشکێنن و بڵێن بۆ ناکرێتەوە!
---
سەرەتای ڕۆژت، بە قورئان خوێندن دەست پێ بکە.
کۆتای شەوت، بە گوێگرتن لە قورئان کۆتایی پێ بهێنە.
خوای گەورە قورئان بکاتە بەهاری دڵمان.
---
موعەمـەر قەزافـی هەرکـەس هەمـوو قورئانـی لەبەرکردایـە بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی پـێ دەدا.
ئای ئەم قورئانە چەن دڵ پەروەرە.
چەند مێشك و دەرون دڵ زاخاو دەرە.
هەرکەس پەروەردەی باخی قورئان بێ.
چەندێك سەروەرە چەند بەختەوەرە.
سروەی بێداری
زۆر زانکۆی بەرزو قوتابخانەم دی.
بیری فەلسەفی و چەند ئەفسانەم دی.

زانست و هونەر چەند دەستورم دی.
نەگەشتنە ئەوەی لەم قورئانەم دی.
سروەی بێداری
---
ئەگەر کەسێکیت لەوانەی کە هێشتا نازانیت قورئان بخوێنێتەوە بە دروستی، ئەوا سود لەم قورئان خوێنە وەرگرە: الشيخ محمود خليل الحصري.
لینکی یوتوبم داناوە، هەموو قورئان بەم دەنگە، ١١٤ سورەت.
الشيخ محمود خليل الحصري
لە ساڵی ١٩١٧ لە دایك بووەو لە ساڵی ١٩٨٠ وەفاتی کردووە.
بەچەندین شێوازی جۆربەجۆر قورئانی تۆمار کردووە.
جگە لە قورئان خوێندن خاوەنی چەندین کتێبە لەوانە:
أحكام قراءة القرآن الكريم.
القراءات العشر من الشاطبية والدرة.
معالم الاهتداء إلى معرفة الوقف والابتداء.
الفتح الكبير في الاستعاذة والتكبير.
أحسن الأثر في تاريخ القراء الأربعة عشر.
مع القرآن الكريم.
قراءة ورش عن نافع المدني.
قراءة الدوري عن أبى عمرو البصري.
نور القلوب في قراءة الإمام يعقوب.
السبيل الميسر في قراءة الإمام أبى جعفر.
حسن المسرة في الجمع بين الشاطبية والدرة.
النهج الجديد في علم التجويد.

رحلاتی في الإسلام.
---
مانگی ڕەمەزان مانگی قورئانە.
زۆرترن کات بدەن بە قورئان و تێگەشتن لێی.
---
بیانو بۆ فێرنەبوونی قورئان نەماوە.
بە دەنگ و نووسین و ئاسان هەمووی لەبەردەستدایە.
---

## ڕۆژوو

ئـەم شـەو و ڕۆژانـەی کەرەنتینـە، بـۆ ئـەوەی بەخێـری دونیـاو قیامەتیش بشـکێتەوە، درەنـگ دەخـەوم، وەك ڕەمـەزان چـۆن چەنـد سـاڵانێکە ڕاهاتوویـن نەخەویـن تـا نوێـژی بەیانـی، بـۆ ئـەوەی ڕۆژەکەشـی کەمتـر مانـدوو بیـن، ڕۆژوەکـەش بـە ئاسـانی بگریـن.
زۆریشـی نەمـاوە بـۆ ڕەمـەزان، ئێمـە کـە دەڵێـن (اللهـم بلغنـا رمضـان) خوایـە بمانگەیەنیـت بـە ڕەمـەزان، خـۆ ئەمـە نابێـت تەنها قسـەکردن بێت، دەبێـت مـادی و مەعنـەوی خۆمانـی بـۆ ئامـادە بکەیـن، چونکـە ڕەمـەزان یەکجـار گرنگـەو بـۆ عیبادەتێکـی گـەورەی وەك ڕەمـەزان ڕاهێنانـی پێویسـتە، وەك چـۆن یاریچیـەکان پێـش یـاری زۆرتریـن ڕاهێنـان دەکـەن، تـا لـە یاریەکـەدا ببیەنـەوە.
گـەر لـە ڕەمـەزان و ئـەو ئایەتـەی کـە باسـی مانگـی ڕەمـەزان دەکات بکۆڵیتـەوە، یـەك دونیـا سـەرت سـوڕ دەمێنێـت، کـە دەکرێـت نامـەی دکتۆرایـەك تەنهـا لەسـەر ژمـارەو حسـابات کـە کەوتوەتـە ئـەو

ئایەتـەوە بهێنرێـت، لـە کاتێکـدا وەك مانگـی ڕەمـەزان تەنهـا یـەك جـار لـە قورئانیشـدا هاتـووە، کەسـێکی وەك (الدکتـور/ أحمـد محمـد زیـن المنّـاوي) توێژینەوەیەکـی لەسـەر نووسـیوەو لـە سـایتی (طریـق القـران- Quranway) ڕێگـەی قورئـان بـڵاوی کردووەتـەوە، ئـەو کەسـانەی کـە گرنگـی بـە زانسـتی ژمارەیـی دەدەن، نووسـینەکانی ئـەو دکتـۆرە دەتباتـە دونیایەکـی تـر، لـە تێڕامـان لـە زانسـتی ژمارەیـی وشەزاسـیدا، خۆزگـە کەسـانێك لەبـری ئـەوەی خۆیـان بـە شـتی پڕوپوچـەوە خەریـك دەکـەن بەبـێ زانیـاری لەسـەر قورئـان، هیـچ نەبێـت هەندێـك سـەرنجی ئـەو توێژینەوانـە بـدەن کـە ئـەو دکتـۆرە کردویەتـی.

ئەوسـا بۆیـان دەردەکەوێـت توێژینـەوەی چ مانایەکـی هەیـە، نـەك نـاوی خـۆت بنێیـت توێژیـرەرو تەنهـا بـۆ تایتڵـی میدیـاکان!

تەنها سەرنجی وشەی مانگی ڕەمەزان (شهر رمضان) بدەن:

پیتـی الشین چ ژمارەیەکـی وەرگرتـووە لـە ڕێزبەنـدی پیتـە هیجائیەکانـدا ژمـارە ١٣

پیتـی الهـاء چ ژمارەیەکـی وەرگرتـووە لـە ڕێزبەنـدی پیتـە هیجائیەکانـدا ژمـارە ٢٦

پیتـی الـراء چ ژمارەیەکـی وەرگرتـووە لـە ڕێزبەنـدی پیتـە هیجائیەکانـدا ژمـارە ١٠

پیتـی المیـم چ ژمارەیەکـی وەرگرتـووە لـە ڕێزبەنـدی پیتـە هیجائیەکانـدا ژمـارە ٢٤

پیتـی الضـاد چ ژمارەیەکـی وەرگرتـووە لـە ڕێزبەنـدی پیتـە هیجائیەکانـدا ژمـارە ١٥

پیتـی الألـف چ ژمارەیەکـی وەرگرتـووە لـە ڕێزبەنـدی پیتـە هیجائیەکانـدا ژمـارە ١

پیتـی النون چ ژمارەیەکـی وەرگرتـووە لـە ڕێزبەنـدی پیتـە هیجائیەکانـدا ژمـارە ٢٥
کۆکـراوەی پیتـە هیجائیـەکان بـۆ وشـەی (شَـهْرُ رَمَضَـانَ) مانگـی ڕەمـەزان، یەکسـانە بـە ١١٤
بەڵـێ ئـەوەش ژمـارەی سـورەتەکانی قورئانـە! کـە قورئـان هەمـووی ١١٤ سـورەتە!
دەبینی پێش ئەوەی پیتەکان قسە بکات، ژمارە قسە دەکات!
جـا تێبینـی ورد بکـەن دوای (شَـهْرُ رَمَضَـانَ) یەکسـەر دەڵـێ: (الَّـذِي أُنْـزِلَ فِيـهِ الْقُـرْآنُ)!
قورئانـی تێـدا دابەزیـوە، هەربۆیـە تـا لـە قورئـان وردبیتـەوە زیاتـری تێـدا دەدۆزیتەوە.
واتە ئاگات لای ١١٤ەکە بێت و دیسان لە قورئانەکەدا وردبەرەوە.
پێش ڕەمەزان ئەم خۆ ئامادەکردنە وەك دەست نوێژی نوێژەکە وایە.

## نوێژ

دەبێـت دەسـت نوێـژی بـۆ بگریـت، یـان ئـاگات لـە خـۆت بوبێـت و دەستنوژیت هەبێـت گـەر بـۆ هەمـوو نوێژێکیـش نەیگریـت، چونکـە نوێـژ دەبێـت بـە ئاگاییـەوە بڕۆیتـە ناویـەوە، بۆیـە زانایـان هەتـا گەشـتونەتە ئـەو ئاسـتەی لـەوە بکۆڵنـەوە کـە لەوەیـە قسـەیەکی خراپیـش، وەك جوێـن، زەمکـردن، بەکارهێنانـی زمـان لـە تاوانـدا، دەسـتنوێژ بشـکێنێت! بـەڵام لـە کۆتایـدا گەشـتون بـەوەی نەخێـر، ئەوانـە لـە ڕێزبەنـدی بەتـاڵ کردنـەوەی دەسـتنوێژدا نیـن، جـا مرۆڤیـش بیـر بکاتـەوە لـە ڕاسـتیدا، مەعقـول نـی یـە ئاگامـان لـە قونمـان بێـت و ئاگامـان لـە دەممـان نەبێـت!

بۆیـە زانایـان دەڵێـن دەسـتنوێژ هـۆکاری سـڕینەوەی تاوانـە، بۆیـە هەتـا گـەر ئـاگات لـە دەمـت نەبـوو تاوانـت پـێ کـرد، زوو دەسـتنوێژ بگـرە، سـا بەڵکـو ببیتـە سـڕینەوەی ئـەو تاوانـەو تەوبـەی لەسـەر بکـە.

## حەج

چەنـد ئامـادەکاری پێویسـتەو پێویسـت بـە ڕوونکردنـەوە نـاکات، بۆیـە کـە دەگەیـت بـە میقـات و بـە (لبیـك اللهـم لبیـك...) دەسـتپێدەکەیت و تـا دەگەیتـە حـەرەم، دەیـان جـار مرۆڤبونـی خـۆت لای خـۆت پێناسـەی جیـاواز وەردەگرێـت.

## زەکات

ئـەو هەمـوو حسـاباتە وردە هەیـە، هەتـا حسـاباتی بیـرکاری و وردبینـی تێیـدا، بۆیـە لـە کۆتایـدا کـە دەری دەهێنیـت و دەیبەخشـیت بـە هەژارەکە، جگـە لـەوەی تـۆ ئـەدای واجبێـك دەکەیـت، دونیایـەك چێـژی هەیـە، وەك چـۆن چێـژ لـە ڕۆژوو، نوێـژ و حـەج وەردەگریـت، کـە پارەکـەت دا بـە هەژارەکـەو خەندەیەکـت بینـی، ئـەو خەنـدە ڕێـك خەنـدەی بەهەشـتە.

------

پێشـینەکان هـەردەم گرنگـەو گرنگـی پـێ بـدەن، تـا چێـژ لـە ئامانجەکـە وەرگـرن و سـەرکەوتن بـە دەسـت بهێنـن، مەعەلـە ئەسـەف بـۆ یاریەکـی دونیایـی دونیایـەك تەمریـن دەکەیـن، کەچـی بردنەوەشـمان مسـۆگەر نـی یـەو زۆربـەی جاریـش دەدۆڕێیـن، بـەڵام بردنـەوەی عیبادەتـەکان بـەو ئاگایـی و تەمرینـەی پێشـەوە، بردنـەوەی مسـۆگەری مسـۆگەرە.
بۆیـە خـوای گـەورەش هـەر بـە سـەرکەوتن نـاوی بـردووە، چونکـە ئێمـە

چاومـان لـەو جـۆرە وشـانەیە، خـوای گـەورەش خسـتویەتیە پێـش چاومـان (فَقَـدْ فَـازَ فَـوْزًا عَظِيمًـا)
بەڕاستی ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەو ناوازەیە.
سـەرکەوتن ئـەوە نـی یـە بەسـەر کۆرۆنـادا سـەرکەوتوو بیـت، سـەرکەوتن ئەوەیـە بەسـەر خۆتـدا سـەرکەویت، مـردن ڕاکـردن نـی یـە لـە دەسـتی، دەبێـت پێـش ئـەوەی بـەدوای ڤاکسـینی کۆرۆنـادا بگەڕێیـن بـەدوای ڤاکسینی هەڵـە تێگەشـتنەکانماندا بگەڕێیـن و بگەڕێینـەوە باوەشـی ئـەو ئیسـلامەی کـە هـەردەم باوەشـی کردووەتـەوەو داوات لـێ دەکات بـەرەو پیریـەوە بڕۆیـت.
ئـای چەنـد ڤایرۆسـی خراپتـر لـە نـاخ و بیـری زۆرێکمانـدا هەیـە، لەبـری ئـەوەی دەریـان بهێنـن زۆرجـار پەروەردەشـیان دەکەیـن! زۆرێـك هەیـە لەسـەر شاشـە زمانـی مترێـك دەردەهێنێـت و بـە حەماسـەتەوە بەرگـری لـەو ڤایرۆسـە دەکات!
چێژ لە باوەشی ئیسلام وەرگرن و بە قایمی بەخۆتانیەوە بنوسێنن.

## خـۆتـت خـۆش بـوێـت (بڤـە!)

ناونیشـانێکی سـەیرە وایـە؟ تۆزێـك بۆنـی لـوت بـەرزی لـێ دێـت وایـە؟
زۆر مانـای تریـش هەڵدەگرێـت وایـە؟
لەگەڵم بن بۆ وەڵامەکەی بە پێی قورئان!
ئەمـڕۆ ئایەتێکـی قورئـان ئـەو ناونیشـانەی لا دروسـتکردم، بەجۆرێکـی تـر فێـری خۆشەویسـتی کـردم! کـە بـاس لـە خۆشەویسـتی دەکرێـت، ئێمـە زیاتـرو ڕاسـتەوخۆ ڕەگـەزی بەرانبەرمـان دێتـە بیـر، زۆرجاریـش بەداخـەوە خۆشەویسـتی نێـو کچـان و کـوڕان، کـە ئـەو جـۆرە پیسـترینی

خۆشەویسـتیە، چـون پڕیەتـی لـە غەریـزەو بەرژەوەنـدی نەخـوازراو لەگـەڵ ڕێنەکەوتنـی دروسـت و شـەفافدا(عقد الـزواج).
قورئان دەفەرموێت:
(قُـوا أَنفُسَـكُمْ) خـۆت بپارێـزە لـە ئاگـری جەهەنـم، دوای خـۆت ئەوسـا دەفەرموێـت: (وَأَهْلِيكُـمْ نَـارًا) مـاڵ و منـداڵ، واتـە خۆشویسـتنی خـۆت لـە پێـش مـاڵ و منداڵیشـە، پێغەمبەرمـان هەیـە ژنەکـەی خـراپ بـوە، یـان منداڵەکـەی، یـان کەسـوکاری نزیکـی خـۆی، ئێسـتە مامۆسـتای زۆرچـاك و ئاینـی هەیـە، خێزانەکـەی خـۆی خراپـە یـان خـزم و کەسـەکەی. هەرکـەس بەرپرسـیاریەتی تـەواو لـە خـودی خۆیدایـە، بـەردەوام لەنـاو کوردیشـدا دەڵێـن دەبێـت لـە پێشـدا خۆمـان چـاك بکەیـن، ئـەو خۆچاککردنـە خۆشویسـتنی خۆتـە.
منداڵەکانمـان کـە خۆشـدەوێت، هـەر بـە منداڵـی دەسـتی بـرد بـۆ ئاگـر، هـاوار دەکەیـن دەڵێیـن بقـە بقـە نەکەیـت، دەسـت دەبەیـن بـۆ کتریەکـەو بـە پەلـە دەیگێڕینـەوە، تـا فێـر بێـت بقـە یانـی چـی، خۆشویسـتی منداڵ فێـری ئـەو هەمـو تەکنیکـەی کردویـن، کەچـی گـەورە دەبیـن تەکنیکێـك بـۆ خۆشەویسـتی خۆمـان نەزانیـن! بـۆ ئـەوەی لـە ئاگـر پارێزراوبیـن، بۆیـە گـەر خۆتـت خۆشـدەوێت هەمـوو تاوانێـك بقەیـە، بیهێنـەرە بەرچـاوی خـۆت، کـە ویسـتت تاوانێـك بکەیـت، وەك چـۆن دەسـتت بـە پەلـە دەگێڕایـەوە لـەوەی منداڵکـە فێرکەیـت نـەکات و دەسـتی لـێ نـەدات، ئـەوا بـە خێرایـی لێـی بگەڕێـرەوە چـون بقەیـە.
خۆتان خۆشبوێت، منیش هەمووتانم خۆشدەوێت.
چەنـد نەنگیـە بـۆ مـرۆڤ سـیفەتی غـروری تێـدا بێـت بەرانبـەر خـوای گـەورە
دور لـە دەنگـە دەنـگ و لـە دۆخێکـی هێمنـدا ئـەو ئایەتانـە بخوێنـەرەوەو

بیرێـك لـه خـۆت بكـەرەوە، ئەوسـا تێدەگەیـت تۆ چیـت و خـوای گەورەش چـی یـە!
یَـا أَيُّهَـا الْإِنسَـانُ مَـا غَـرَّكَ بِرَبِّـكَ الْكَرِيـمِ (٦) الَّـذِي خَلَقَـكَ فَسَـوَّاكَ فَعَدَلَـكَ (٧) فِـي أَيِّ صُـورَةٍ مَّـا شَـاءَ رَكَّبَـكَ (٨) كَلَّا بَـلْ تُكَذِّبُـونَ بِالدِّيـنِ (٩) وَإِنَّ عَلَيْكُـمْ لَحَافِظِيـنَ (١٠) كِرَامًـا كَاتِبِيـنَ (١١) يَعْلَمُـونَ مَـا تَفْعَلُـونَ .
١٠ سـاڵ عەرەبـی بخوێنیـت بـۆ ئـەوەی لـە قورئـان تێبگەیـت هێشـتا کەمـە، ئـەوە لـە کـوێ ئایەتەکـە ڕاستەوخۆ لێـی تێبگەیـت و ئـەوەش لـە کـوێ لـە ڕێگـەی تەرجومـەو تەفسـیرەوە لێـی تێبگەیـت، بـۆ گەشـتن لـە قورئـان بەشـێکی کەمـی پێویسـتی بـە تەفسـیرە، باقـی هـەر خـۆت لێـی حاڵـی دەبیـت تەنهـا عەرەبـی پێویسـتە.
کـە دەسـت لـە قورئـان دەدەیـت یەکسـەر هەسـتت دەگۆڕێـت، کـە دەیکەیتـەوە جـۆش بـە دڵتـدا دێـت، کـە دەیخوێنێـت تێکەڵـی مـۆخ و خوێنـت دەبێـت، کـە تـەواو دەبیـت هەسـت دەکەیـت شـیفات وەرگـرت.
گەر وانەبو، نوقسانیەکەی تەوبەیەکە لە دڵەوە.
کەسـەیری دەکەیـت وا دەزانیـت تەنهـا کتێبێکـە، کـە دەیخوێنیـت بـۆت دەردەکەوێـت هەمـو شـتێکە.
قورئان، وشە ناتوانێت پێناسەی بکات.
کاتێـك تەرکیـز دەخەیتـە سـەر ئایەتـەکان و بـە ئاگایـی زهـن و دڵـەوە دەیخوێنیـت، ئەوسـا لـە مـرۆڤ بونـەوە ڕۆحـت وەك فریشـتە دەفڕێنێـت، هـەروەك خەوێکـی خۆشـی لـێ دێـت و کـە خەبـەرت دەبێتـەوە نازانیـت چـۆن جارێکـی تـر بڕۆیتـەوە نـاوی.
قورئان هێزێکە تەنها لە قورئاندا ئەو هێزە هەیە.
تەزبیحەکـەی بـە دەسـتەوە بـو هـاواری دەکـرد تەزبیحەکەتـان لـە کوێـدا دانـاوە!

کاکەبرا گیان بە دەستی خۆتەوەیە ئەوەندە بە ئاگا بێرەوە!
قورئانەکـە لـە ماڵدایـەو چـارەی کێشـەکانی تێدایـە، هـاوار دەکات و لـە فەیسـبوك کردویەتـی بـە هـەرا.
قورئـان وەك تەسـبیح دانـەکان مەژمێـرن، چـون ژمـارە تـەواو نابێـت، دانـە دانـە لەسـەری بوەسـتن و هەسـتی پـێ بکـەن، ئەوسـا دەزانـن چ لـە دەسـتانایەو شـەڕیش بەکـەس نافرۆشـن.
بەنـدی ڕێکەوتنەکانمـان لەنێـوان خۆمـان و خـوای گـەورەو خەڵکـدا هەمـوی لـە قورئانـدا تۆمـار کـراوە.
پێویسـتە خوێندەواریمـان هەبێـت تـا بیخوێنینـەوەو لێـی تێبگەیـن، یـان بەلانـی کەمـەوە لای کەسـێکی سیقە وەك خـۆی بۆمـان بـاس بـکات.
خەڵکـی قەڵەمێکـی دیـاری بـە گرنگیـەوە هەڵدەگرێـت و نایبەخشـێت!
دەڵـێ: دیـاری کەسـێکی خۆشەویسـتمە!
دەبێت قورئان چەند گرنگتر بێت ؟! بە گەورەیی خۆی و بەخشەرەکەی!
لە سنگی بگرەو پێی بەختەوەربە!

## زانستی ڕاست چۆن پشتگیری قورئان دەکات؟

جـاران زەحمـەت بـوو کەسـێك بـڕوا بـکات بـە شـتێك کـە دەمـی نەبێـت و قسـە بـکات، ئێسـتە دەیـان ئامێـری جـۆر بەجـۆر هەیـەو دەمیشـی نـی یـە گیانیشـی تێـدا نـی یـەو قسـەش دەکات، هەمـوو ئەوانـە سـەلمێنەری ئـەو ئایەتـەن کـە ئەندامەکانـی لەشـمان دەبـن بـە شـایەت بەسـەرمانەوە لـە قیامەتـدا (الْيَـوْمَ نَخْتِـمُ عَلَـى أَفْوَاهِهِـمْ وَتُكَلِّمُنَـا أَيْدِيهِـمْ وَتَشْـهَدُ أَرْجُلُهُـمْ بِمَـا كَانُـوا يَكْسِـبُونَ) کەواتـە کاری چـاك بـە ئەندامەکانـی لەشـت بکـە تـا شـایەتی باشـت لەسـەر بـدەن.

بـە دڵ گـوێ لـەو مەشـهەدە بگـرە، جـن حـەدی چـی یـە دێتـە ماڵتـان نـەك نـاو لەشـتان!، ئەوەنـدە فریشـتەو ڕەحمـەت دادەبارێتـە ماڵـەوە، جێگـەی جـن نەبێتـەوە.
ئێسـتە ئـەم قورئانـەت هەیـە، بـۆ سـودی لـێ وەرناگریـت، جـا هـەر کـە نەخـۆش کەوتیـت ڕاکـە ڕاکـە واللە جنـم تێدایـە، یـان دوای مـردن، ئـادەی بـە پەلـە کەسـێك بانـگ بکـەن بـە پـارە قورئـان بخوێنێـت.

## هـونـەری پـێـکـەوە ژیـان

لـە سـورەتی ال عمـران ئایەتـی ١٥٩ خـوای گـەورە نهێنـی سـەرکەوتنی پێغەمبـەر درودی خـوای لەسـەر بێـت دەخاتـە ڕوو بۆمـان و دەفەرموێـت ( فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ ۖ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ ۖ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ)
واتـە: بههـۆی رهحمهتـی خواوهیـە تـۆ نهـرم و هێمنـی لهگهـڵ ئهوانـدا، خـۆ ئهگهـر تورهـو دڵرهـق بویتایـە، ههمـوو لـە دهـورت بڵاوهیـان دهکـرد، کهواتـە چاوپۆشـیان لـێ بکهـو لێیـان ببورهـو داوای لێخۆشـبونیان بـۆ بکـە، لـە کارو پێشـهاتا پـرس و رایـان پـێ بکـە، ئهگهـر بڕیـارت دا پشـت بهخـوا ببهسـتە چونکـە بهڕاسـتی خـوا ئهوانهـی خـۆش دهوێـت کـە پشـتی پـێ دهبهسـتن.
با ئەم ئایەتە بکەین بە بنەمای پێکەوە ژیان.
خۆشەویستی زۆرو بێ پایانم بۆتان هەیە.

## دیوی دووهەم...!

خاك بەو وشك و سەختیە كە هەڵی دەكەنیت، دواتر لە قوڵایی زەویەكەدا ئاوی تێدایە!
هەیە ئاوەكەی شیرن و خۆشە كە زۆرینەیە، هەشە سوێرەو پێویستی بە فلتەرو ئامێرە كە دەزگای خۆی پێویستە.
ڕەنگی ئاوی سوێرو ئاوی شیرین هەردوكی وەك یەك وایە، بە هەموو ژیریت سەیری بكە ناتوانیت جیاوازی بكەیت لە نێوانیاندا، كە تامت كرد یەكسەر دیارە، لەبری ئەوەی قوتی بدەیت هەوڵ دەدەیت تفی بكەیتەوە، خۆ گەر بە سوێری خواردت ئەوسا نەك تینوێتیت ناشكێنێت، بەڵكو زیاتر تینوت دەكات، لەوەیە خۆت بتوانیت ئەو فلتەرانە دروست بكەیت، بەڵام هەوڵ و ماندوبونێكی زۆری دەوێت، خۆ گەر نەتوانیت، چار نی یەو دەبێت دانی پێدا بنێیت كە ئاوەكە فلتەری دەوێت!
هیچ نكۆڵیەكیش لە ئاوەكەدا نی یە، كە فعلەن ئاوەو تەڕە، وجودی ڕاستی هەیە، بەڵام ئەو هەوڵەی پێویستە.
قورئانیش ڕێك وایە، بەرگێكی ڕەق و وشك، كە دەیدڕیتەوەو دەچێتە ناوەكەی، زوو دەگەیت بە ئاوی شیرن، لە سەدا ٨٠ی قورئان شیرینە، هەركەس عەرەبیەكی چاك بزانێت و شارەزایی بنەماكانی زمانەوانی بێت لێی تێدەگات، لە سەدا ٢٠یشی پێویستی بە فلتەرەو كەسی خۆی دەوێت لێی تێبگات، لێرەدا گرنگی ئەو زانایانە دەردەكەوێت و شێوازی فلتەرەكەیان، بنەماكانی ئەو فلتەرە یەكجار زۆرن، كە لە كتێبی (مناهج المفسرين) دا ڕوونكراوەتەوە، بۆ تێربوونی مرۆڤ پێویستی بە ئاوی شیرینە، ئاوی سوێر تا زیاتر بخۆیتەوە زگت با دەكات و زیاتریش تینوت دەبێت و تینوێتیەكەت ناشكێت!
سروشتی سوێر وایە، تەڵخی و كلس و زۆر شت دروست دەكات گەر

لـە فلتـەر نەدرێـت، ئـەوەش نهێنـی ئـەو کەسـانەیە کـە بەبـێ فلتـەری دروسـت بـاس و خواسـتی هەندێـك لـە ئایەتەکانـی قورئـان دەکـەن، قورئـان یـەك پاکێجـی گـەورەی پێکـەوە بەسـتراوە، هەمـووی پەیوەنـدی بـە یەکـەوە هەیـە، کـە دەیکەیتـەوە بـە سـورەتی فاتیحـە دەسـت پـێ دەکات، کـە هەمـووی ٧ ئایەتـە، کـۆی ئـەو ١١٣ سـورەتەکەی تـر تەفسـیری ئـەو ٧ ئایەتـە دەکات، کەواتـە ویسـتت قورئـان بـە پوختـی تێبگەیـت، لـە تەفسـیری سـورەتی فاتیحـەدا قـوڵ ببـەرەوە، کـە دەڵێـی:

اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ

دەبێـت ئـەو داوایـە بـە ئاگایـی و لـە قوڵایـی دڵتـەوە هەڵقوڵێـت، ڕێـك وەك ئامێرێکـی شـەحن وایـە، وزەکـەی ڕاسـتگۆییەو لـە دڵـەوە بونـە، هەیـە ئەوەنـدە هێـزی ئـەو ڕاسـتگۆییە تێیـدا بەهێـزە، تەنهـا نوێژەکانـی بەسـە بـۆ ڕوناکـی ڕێگەکـەی تـا مـردن، چـون هەمـوو ڕۆژ دوبـارەی دەکاتـەوە، هەشـە تـا مـردن تونێتـی ناشـکێت!

لـە کۆتایـدا ئـەو ئێمەیـن پێویسـتمان بـە ئـاوەو دەبێـت هەوڵـی دەسـتخسـتنی بدەیـن.

هەمـوو زینـدەوەرەکان لـە ئـاو دروسـت بـووە، بـۆ ئـەوەی بـە زیندویـش بمێنێتـەوە پێویسـتی بـە ئـاوە.

( وجعلنا من الماء كل شيء حي أفلا يؤمنون )

## کەمتر...!

لەگەڵم دیقەت بدەن، بە سادە سەیری مەکەن!
ئەم بایەنیە خەوێك ڕایپەڕاندم، کە هەستام کاتی نوێژی بەیانی بوو، گەر درەنگتر هەستایەم، لەوەیە نوێژەکەم بڕۆشتایە، کە زۆرجار لەم کاتەدا ئەو خەوانە دەبینم، وەك ئاگادارکردنەوەیەك و بڵێ: بە خەبەر بێ و، چیتر خەو زەرەرتە!
دوای نوێژی ویستم بخەومەوە، لە خۆیەوە ئەم شتانە بە خەیاڵمدا هات و دڵم نەیهێشت بخەومەوە، دەنگێکم دەبیست لەناخی خۆمدا پێی دەوتم: با خەڵکی هەمووی خەوتبێت، چی یە با تۆ بە خەبەر بیت، پاسەوانەکان گەر بیانوی خەوی خەڵکی بگرن، دەبێت ئەوانیش بخەون و سەرو ماڵی خەڵکی سەلامەت نەبێت، تۆش مەخەوەو کارێکیان بۆ بکە، سا بەڵکو قیامەتیان سەلامەت بێت، ئەمەش ئەو بیرۆکانە بوو کە نەیهێشت بخەومەوە!
لە بازاڕدا ئێستە هەرزانترین شت پیازە، وای دابنێ تۆ بە عەرەبانەیەکەوە کۆڵان بە کۆڵان پیاز دەفرۆشیت، هاوار دەکەیت، عەرەبانە پاڵ دەنێیت، باران لێت دەدات، گەرما دەتسوتێنێ، ڕات دەوەستێنن و دواتر نایەن، تایەی عەرەبانەکە پەنچەر دەبێت، ڕەخنە لە پیازەکەت دەگرن بچوکە یان گەورەیە، تونە یان شیرینە، چون ئیتر خەڵك وایەو حەزەکان جیاوازە، موعاناتی ئەم کارە یەکجار زۆرەو عارەق ڕشتنی زۆریشی دەوێت.
بەڵام...
لەم کارەدا تۆ کیلۆکەت کە پیازی پێ دەکێشیت فێڵێکت تیا کردووە، لە ناوەوە تۆزێکت لێ بڕیوە، یان ئێستە تەرازوی تر هەیەو دەستکاریت کردووە، بۆ نمونە وات لێ کردووە لە بری ١٠٠٠ غرام ٩٩٩ بخوێنێتەوە،

یـان واشـت نەکـردووە کـە منداڵ دێـت و پیـازت لـێ بکڕێـت سـوکتر بـۆی دەکێشـیت، هەرجارێـك یـەك پیـاز کەمتـری تـێ دەکـەیـت!
بـۆ ئـەم فێڵـە کـە لای تـۆ بچوکـە لـە پیـازدا، کـە هەرزاتریـن کاڵایـە لـە بـازاڕدا، تـۆ سـزایەکی گـەوەیـی خوایـی دەتگرێتـەوە لـە جەهەنەمـدا، وشـەی (ویـل) ی بـۆ بەکارهێنـراوە:
(وَيۡلٌ لِّلۡمُطَفِّفِينَ) واتە: هاوار وتیاچوون بۆ تەرازوو بازان.
جـا گەڕانێکـی خێـرا بەنـاو قورئانـدا بکـە، سـەیر بکـە بـزان (ویـل) بـۆ چـی تـر بەکارهاتـووە! عادەتـەن مـن بـەم شـێوەو زۆر شـێوەگەلی تـر دیقەتـی قورئـان دەدەم، هاتـووە:
ویـل بـۆ ئەوانـەی کـە پێغەمبـەر بـە درۆ دەخەنـەوە، واتـە بـۆ کافـرەکان، ئەوانـەی باوەڕیـان بـەم پەیامـە نەهێنـاوەو بـە درۆیـان خسـتووەتەوە لـە دونیانـدا (فَوَيۡـلٌ يَوۡمَئِـذٍ لِّلۡمُكَذِّبِيـنَ)
جا بگەڕێ و شتی تری زۆر سەیر دەدۆزیتەوە کە (ویل) بۆ کێی ترە!
ئـەم پیـاز فرۆشـە، لەوانەیـە کـە بانگیـدا یەکسـەر عەرەبانەکـەی بەجـێ بهێڵێـت و بـڕوات نوێژەکـەی لـە پێشـی پێشـەوە بـکات، ئەگـەر موئەزەنەکە لـەوێ نەبێـت لەوانەیـە بانگیـش بـدات و قامەتیـش بـکات، ئەگـەر مەلاکـەش لـەوێ نەبێـت، دوریـش نـی یـە ئیمامەتیـش بـکات، ئەسـڵەن پیازەکـە ئەوەنـدە قیمەتـی نـی یـە پاسـەوانی ناوێـت، کـەس یـەك سـەرکی لـێ نادزێـت تـا دەگەڕێتـەوە!
کەچـی بـەم کارە سـادە، کـە لای ئێمـە جێگـەی تێبینـی نـی یـە، خـۆی دەباتـە ڕیـزی بـێ باوەڕەکانـەوە، باوەڕناکـەم ڕۆژێـك لـە ڕۆژان ئـەم پیـاز فرۆشـە کەشـف ببێـت، کـە غەشـی کـردووە، سـوك کێشـاویەتی، کەمتـر لـە حەقـی خەڵکـی داوە، چـوون پیـاز ئەوەنـدە قیمەتیشـی نـی یـە تـا خەڵکـی بـڕوات تاقـی بکاتـەوەو دواتـر بڕۆنـە سـەری، بـەڵام ئـەم کابـرا

کە نوێژیش دەکات و عەزیەت و عارەق و گەرماو سەرمای زستانیش دەکێشێت، لە جێگەی بەزەیی خەڵکیشدایەو ئەو عەزابە دەیگرێتەوە. هەموو ئەمە بۆ چی؟ لەبەر ئەوەی حەقی خەڵکی دەخواردا کەمتری پێ دەدان! لە بری ئەوەی کیلۆیەك بۆ نمونە ١١ پیازی بچوك دەکات، ئەو ١٠ پیازی دەدا بە خەڵك، یان لەبری ئەوەی ٥ پیازی گەورە بدات بە خەڵك، ئەو ٤ پیازەی گەورەو ١ پیازی بچوکی دەدا!

لەبەر ئەم کەمتر کردنەوەی حەقی خەڵکە، کە خەڵکیش ئاگای لێی نی یە، (نەك ئەوەی خەڵك ئاگایی لێیەو هاواریش دەکات بۆی و پێی نادەنەوە!) خوای گەورە ئاگایی لێیەو لای خۆی نوسیویەتی، ئایەتێکیشی بۆ ناردبوو کە حەقی خەڵك ئەوەندە گرنگە، گەر ئەو نەشزانێت ئەوا تۆ خۆت دەبێت بزانیت، نەکەیت مافیان بخۆیت و عەزابی قورس شمولت دەکات! ئەمە ئەو خوایەیە بەم شێوەیە حساب بۆ حەقی خەڵکی و هەژار دەکات، هەشە! بێ ڕێزی بەرانبەر دەکات! دەڵێ: جا قورئان چی یە! قورئان زۆر شتە ئەوە تۆ هیچ نیت! ئەم پیاز فرۆشە لە قیامەتدا لەبەر ئەو هۆکارە دەبێت عەزابی سەخت ببینێت، چون پێچەوانەی ئەو ئایەتەی کردووەو لە کێشانەدا کەمتری بە خەڵك داوە، واتە پیازی بۆ خۆی پاشەکەوت کردووە!

جا ئەگەر کەسانێك بە هەرشێوەیەك حەقی خەڵکیان زیاتر لا بێت و لە خەڵکی بگرنەوە دەبێت چۆن بێت؟

کە ورد دەبیتەوە لە قورئان، ژیریت بە تەواوی تێر دەکات و دڵیشت ئاودەدات، لەو هەموو یاساو ڕینومایی و هەڕەشانەی کە مافی خەڵکی تێدا پاراستوە، لە پیاز فرۆشێکەوە تا سەرۆکی وڵات! بۆیە لەبەرانبەر مافی خەڵکیدا یاسای قورسی دەستبڕینی داناوە، تا خەڵکی جورئەت نەکات دەستی خیانەت بۆ قوتی خەڵکی بات و ماف و ئەمان لە

وڵاتـدا نەمێنیـت.
بـۆ پێوانـەو كێشـانەی قیامەتیـش، خـوای گـەورە زۆر جـوان متمانەمـان پـێ دەبەخشـێت، كـە خـۆی چـۆن كێشـانە دەكات لـە قیامەتـدا بـەم شـێوەیە:
لـە جێگەیەكدا وشـەی (هَضۡمًا)ی بەكار هێنـاوە، واتـە لێی كـەم ناكرێتەوە، خەمـی نەبێـت لەوەی كەمتـری بدرێتـێ! ئایەتەكەش بەم شـێوەیەیە:
(وَمَن يَعۡمَلۡ مِنَ ٱلصَّـٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَا يَخَافُ ظُلۡمٗا وَلَا هَضۡمٗا) واتە: ئـەوەش كـردەوە چاكەكانـی كردبێـت باوەڕداریـش بـوو بێـت، ئـەوە نەلـە ستەم دەترسـێت، نەلـە كـەم كردنـەوەی پاداشـتی.
هـەر بـۆ پێوانـەی خوایـی، جگـە لـەوەی لێـی كـەم ناكرێتـەوە، لـە جێگەیەكـی تـردا هاتـووە كـە زیادەشـیان پـێ دەدرێـت، هەتـا وشـەی (زِيَـادَةٌ)ی بـەكار هێنـاوە، ئایەتەكـەش بـەم شـێوەیەیە: (لِّلَّذِيـنَ أَحۡسَـنُوا الۡحُسۡنَىٰ وَزِيَـادَةٌ) واتـە: بـۆ ئەوانـەی چاكەیـان كـردوە پاداشـتی چاكتـر و زیاتریـان هەیـە.
كەواتـە حەقـی خەڵكـی ئەوەنـدە بـەلای خـوای گـەورەوە گرنگـە بـەم شـێوەیە حسـابی بـۆ كـردووە، بۆیـە هەتـا تەوبـەش بكەیـت گـەر حەقـی خەڵكـت بـەلاوە بێـت دەبێـت بیگەڕێنیتـەوە، حەقـی خەڵـك خـوای گـەورە بـە مافـی خۆشـی نەزانیـوە تـا لێـی خـۆش بێـت و داویەتـی بـە دەسـتی خـاوەن حـەق، بۆیـە گـەر كەسـێك تەوبـەی كـردو بـۆی نەكـرا بیگەڕێنێتـەوەو دواتـر چاكـەی یەكجـار زۆركـرد، لـە قیامەتـدا خـوای گەورە لەبـری چاكـە زۆرەكانـی، خـۆی خەسـارەتەكانی تـری بـۆ دەبژێرێـت، ئەویـش بـە ڕازی كردنـی خـاوەن حەقەكـەو دانـی زیاتـر پێـی.

چـاوم بـه مەلەفـی ڕابردومـدا خشـاندەوە، هاتـەوە یـادم جارێکیـان ڕۆشـتومەتە نـاو بێسـتانی حاجـی حسـێن تـا توانیـم کاڵەکـم خـوارد، هاوین بـو ئـاوم لـێ بڕابـوو لـە دەشتی شێخانداو بـەلای ئاژەڵـەوە بـووم، ڕۆشـتم بـۆلای حاجـی حسـێن بـە شـەرم و شـەرمەزاریەکەوە، دەسـتی حاجـی حسـێنم گـرت و وتـم: حاجـی حسـێن گیـان، مـن کاڵەکـی تـۆم خـواردووە، ئێسـتە گـەر دەتەوێـت یـەك پیـکاب کاڵەکـت بـۆ دەکـڕم، گـەر پـارەش هەرچەنـد داوا بکەیـت دەتدەمـێ، تەنهـا گـەردەم ئـازاد بکـە، باوەشـی پێداکـردم و وتـی: گەردەنـت ئـازاد بێـت، وتـی: هـەر کاتـی خـۆی گەردەنـی هەموویـم ئـازاد کـردووە، تەنهـا کەسێك نەبێـت کـە لێـی فرۆشـتووە!

ئێسـتە حاجـی حسـێن وەفاتـی کـردووەو منیـش هـەردەم دوعـای خێـری بـۆ دەکـەم، خـوای گـەورە لێـی خـۆش بێـت.

هیوادارم مەفهومەکە زیاتر بێت لە نوسینەکە.

رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ

## قورئان...

سەرەتایی ترین زانست بۆ تێگەشتن لە قورئان، چۆنیەتی خوێندنیەتی.
پیتەکان لە دەرچەی خۆیەوە بێتە دەرەوە، بۆ نمونە:
پیتمان هەیە سەر بە قورگەو دەنگەکەی لە قورگەوە دروست دەبێت.
پیتمان هەیە سەر بە زمانەو لەرەی زمان دەنگەکەی وەك خۆی دروست دەکات.
پیتمان هەیە سەر بە لێوەکانەو دەنگی دروستی خۆی دەردەکات.
پیتمان هەیە دەنگەکەی لە لوتەوە پەنگ دەخواتەوەو وەك خۆی دواتر دەردەچێت.
هەشە هاوبەشە لەنێواندا.
بۆ ئەوەی قورئان بزانیت بەباشی بخوێنیتەوە، دەبێت دیراسەی ئەو پیتانە بکەیت و ڕاهێنان لەسەری زانینی جێگەی دەربڕینیان، بەو شێوەیە دواتر دەربڕینێکی جوان دەردەچێت.
لەگەڵ هەوڵدان لەسەر ئەم وردەکاریانەداو زۆر شتی تر، کە قوڵای زیاترە، بۆ هەر پیتێك تۆ خێری خۆتت دەست دەکەوێت، بۆیە مامەڵە لەگەڵ قورئان و ڕۆچوون تێیدا هەم وانەو هەمیش چێژیشت پێ دەدات لەیەك کاتدا.
ئەمەی دەیبینن ئەمریکیەکەو گۆرانی بێژ بووە بوەتە مسوڵمان، بەشێوەیەك دەنگی قورئانەکەی دەردەبڕێت، قورئان خوێن دەزانێت کە حەقی بە دەرچەی پیتەکان داوە، کەواتە تۆ بۆ ڕاوەستاویت و قورئان لەبەردەستدایەو بە خۆشحاڵیەوە نایکەیتەوە، خۆشبەحاڵی ئەوەی خۆی بە دەستی خۆی قورئان دەکاتەوەو دەیخوێنێت، نەك بە پارە لەسەری بخوێنن!

# ڤایرۆسی کۆرۆنا

١-لە چیرۆکە قورئانیەکاندا بۆمان دەردەکەوێت کە گەلانێك هەبوون و ستەمی تێدا کراوەو خوای گەورە هەموویانی لەناوبردووە، هەتا ئەوەشی چاك بووە لە گەلەکەدا مادام بێدەنگ بووە لە ستەمەکە ئەویش پێوە بووە، هەشە کە بێدەنگ نەبووە نەجاتیان بووەو ئەوان لەناو چوون. چوون بەرپرسیاریەتی لە تاکەو تا کۆمەڵگە لە قورئاندا دیاری کراوە، ئەمە وانەیەکە بۆ ئەوانەی کە هەردەم وەك قەوان ئەوە دەڵێنەوە کە دین تەنها نێوانی خۆت و خوایە، نەخێر دینی تەنها نیوانی مرۆڤ و خوای گەورە نی یە، بەڵکو نێوانی گشت مرۆڤەکانیشە، ئەوەتا بچوکترین ڤایرۆس ئەو وانەمان فێر دەکات کە هەموومان پەیوەندیمان بە یەکەوە هەیەو قورئانیش ئالیەتی ئەو پەیوەندیەی دیاری کردووە!

٢-تایبەتمەندی ترین تایبەتی مسوڵمان کە لە قورئاندا دیاری کراوە، فرمان کردنە بە چاکەو ڕێگری کردنە لە خراپە، تۆیەك سین بە دورترین قارە دەزانیت و بێدەنگ دەبیت لە کوشتنی مسوڵمانێکی ستەملێکراو لەوێدا، ئێستە بێدەنگ نابیت لە ئاستی ئەو ڤایرۆسەدا، ها دەبینی دونیا وەك شەبەکەیەکی جاڵجاڵۆکی هەمووی پەیوەندی پێکەوە هەیە.

٣-خواردنی پیس و حەرام بۆ بەرژەوەندی مرۆڤەکان حەرام کراوە، هەتا هەیانە ئەسڵەن هیچ دەقی حەرامیشی لەسەرنەهاتووە، بەڵکو بە فیطرەت حەرام کراوە، واتە بە فیطرەت لەکاتی دابەزین و دەقەکاندا خەڵکی خۆی بۆ نمونە تەبیعەتی نەڕۆشتووە سەر گۆشی کەر! ئێستە سینیەکان لە فیطرەتیش لایان داوەو تەبیعەتیان دەچێتە سەر گۆشتی مرۆڤیش، لە کاتێکدا خۆ زۆر وڵات پەیوەست نی یە

بـه دەقـی ئاینیـەوە، بـەڵام زۆر لـەو گۆشـتانە نـەك هـەر نایخـوات بەڵكـو مافـی زۆریشـی پـێ دەدات، بـۆ نمونـە سـەگ، لـە سـیندا زیـادە ڕۆییەكـی یەكجـار زۆر لـە خواردنـە پیـس و حەرامەكانـدا كـراوە، بۆیـە وانەیەكـی گەورەمـان فێـر دەكات ئـەم فایرۆسـی كرۆنـا بـەم شـێوە فراوانیـە.

٤-لـە جیهانـدا چەندیـن ڕێكخـراوی نێـو دەوڵەتـی هەیـە تـا دەگاتـە ڕێكەوتنـی گـەورەی نێودەوڵەتـی و تـا UN و زۆر دەزگای تـر چـوون كارەكانـی سـەرزەوی هەمـووی پەیوەسـتی بـە یەكـەوە هەیـە، هـەر لـە ژینگـەو پیسـی ئـاو تـا دۆخـی پیسـی سیاسـی، كەواتـە سـنورەكان خۆمـان دروسـتمان كـردووەو ئەسـڵ نەبوونـی سـنورو دابـەش نەبوونـی وڵاتانـە، چـوون ئەوەتـا هەموومـان كارەكانمـان پێكـەوە گرێـدراوە!

٥-هەیـە دەڵـێ سـەلاحەدین ئیشـی بـۆ كـورد نەكـردووە! سـەلاحەدین زۆر لـە كـورد گەورەتـر بـووە، ئـەو نەیوسـتووە كـورد بـە ٤ شـارو ١٥ گونـد ڕازی بێـت و خـۆی لـە جیهـان جیـا بكاتـەوە، تـا دواتـر بەرگـەی بچوكتریـن هێـرش نەبێتـەوەو بەرگەشـی نەگرێـت، ویسـتویەتی لـەو ئومـە گـەورە دانەبڕێـت و شـەرەفی گەورەییەكەشـی بـۆ بمێنێتـەوە، دونیـا ڕێـك وەك تەسـبیحێك وایـە دانەیەكـی كـەوت ئەوەكانیـش بەدوایـدا دەكەوێـت، وەك كەشـتیەك وایـە كونێكـی تێبـوو ئـاو دەچێتـە نـاو هەمـووی، بۆیـە لـە قورئانیشـدا هـەردەم ئـەو یـەك پارچەییـەو ڕزگاركردنـی لـە گشـت خراپەیـەك جەختـی لەسـەر كراوەتـەوە، لـە كۆتایـدا ئەركـی هەمـوو كەسـێكە دەسـتی لـە چاكسـازی و گۆڕانكاریەكانـی جیهانـدا هەبێـت و بەلانـی كەمـەوە بێدەنـگ نەبێـت، خـۆ گـەر بێدەنـگ بـوو وەك چـۆن لـە چیرۆكـە قورئانیەكانـدا سـەلماوە بۆمـان باجـی ئـەو بێدەنگیـە دەدەیـن و ئەگـەر كـوڕی پێغەمبەریـش بیـن لافاوەكـە دەگات پێمـان و غـەرق دەبیـن، گـەر بێدەنگیـش نەبیـن و لافاوەكـە دونیـاش بگرێتـەوە شـاخێكی جـودی

بـۆ ئێمـە هـەر دەسـت دەکەوێـت کـە کەشـتیەکەمان تێیـدا بنیشـێتەوە. ڕزگاربوونیـش تەنهـا درێـژەدان نـی یـە بـە ٤ ڕۆژ زیاتـر لەسـەر ئـەم هەسارە، ڕزگاربـوون ئـەو ڕزگاربوونەیـە کـە خـوای گـەورە لـە قورئانـدا بـە ڕزگاربـوون و بـە سـەرکەوتنی گـەورە نـاوی بـردووە.
(فقد فاز فوزا عظيما)
(قد افلح المومنون)

## باشترین و سەرکەتووترین مرۆڤ

**بەرکوڵ:-**

لـە گشـت جیهانـدا مرۆڤـەکان دەگەوجێنرێـن و زۆرینـەی هـەرە زۆری دەبـن بـە تـۆڕی سـەرمایەداریەوە، جـا هەیـە لـە دونیـای بازرگانیـدا، هەشـە لـە دونیـای بەنـاوی سیاسـەت و هـەر بازرگانیـدا، هەشـە بەنـاوی دیـن و لەژێـر نـاوی دینیـدا، کـە دەڵێـم دیـن هەمـوو دینـەکان.
بـۆ نمونـە: بینیومـە کەسێك ڕێـکلام بـۆ کاڵایەکـی پزیشـکی دەکات، بە جل و بـەرگ و عەینەکێکـی پزیشـکیەوە، زۆر تـام و چێـژو پێداگـری تێدەخـات و وات لـێ دەکات گـەر فریـا نەکەویـت لەوەیـە بەشـت نەمێنێـت!
هەمـان کەسـم دیـوە کڵاوێکـی ئەندازیـاری و چاکەتێکی ئیشـی ئەندازیاری کردووەتـە بـەری و لـە جـاری پێشـووتر پێداگـر تـر ڕێـکلام بـۆ خانـوو وە شـتومەکی خانووبـەرە دەکات، وات لـێ دەکات فریـا نەکەوێـت لەوەیـە نەمێنێـت و دواتـر ناچـار لـەو بەردەشـتە بخەوێـت!
دیسـان هەمـان کـەس بـۆ جـل و بـەرگ بـۆ خـۆراك وات لـێ دەکاتـەوە بەهەرچەنـد بێـت بیکڕیـت!
هەمـوو ئـەو کەسانەش هـەر هەمـان کەسـە، پسـپۆڕی لـە هیـچ بوارەکانـدا

نـی یـە، تەنهـا پسـپۆڕی لـە بازاڕکردنـدا هەیـە، ئەویـش بـەو درۆو دەلەسـە، کـە لـە بەرچـاوی ئێمـە ڕۆژێـك دەبێتـە دکتـۆرو، ڕۆژێـك ئەندازیـارو ڕۆژێکیـش پسـپۆڕی جـل و بـەرگ و خـۆراك!

جـا مەرجیـش نـی یـە هەمـوو کاتەکانیـش هـەر یـەك مـرۆڤ بـن، هەرکەس بـن هـەر وەك ئـەو ئافرەتـە وایـە کـە بـە چەنـد سـەد دۆلارێـك لەنجـەولار دەکات بـۆ گـۆرانـی بێژێـك لـە کلیپێکـدا، وا دەزانیـت ئـەوە خێـزان یـان عاشـقەی گـۆرانـی بێژەکەیـە، کەچـی هەمـان ئافـرەت لـە جێگەیەکـی تـرو لەگـەڵ کەسـێکی تـردا دەیبینیتـەوە، ئەوانـە عاشـقی پارەکـەن و هەرکەس زیاتریـان بداتـێ زیاتـر بـۆی هەڵدەپـەڕن!

سـیفەتی حەیوانیـش بـۆ مـرۆڤ دەگوازرێتـەوە وەك چـۆن نەخۆشـیش دەگوازریتـەوە، ئـەم هەڵپەڕینـە سـیفەتی مەیمونـەو بـۆ مۆزێـك قونـی خۆیـت نیشـان دەدات و زۆرجـار لـە خۆشـیدا میزێـك دەکات بە ئاسماناو لچیشـی لەگەڵـدا هەڵدەقورتێنێـت.

خۆمـان چـاك چـاك دەزانیـن و هـەر خۆشـمان کەسـانێکمان کـرد بـە سیاسـی، یـان ڕوونتـر بڵێـم کردمانـن بـە بـازرگان، کـە نـە سیاسـی بـوون، نـە بـازرگان، بـەڵام ڕۆشـتین و پاڵیشـمان نـا بـە خەڵکـەوەو دەنگیشـمان پێـدان، بـە شانازیشـەوەو لـوت و دەمـی چەنـد کەسێکیشـمان شـکاند لەسـەریان، دەمانگـوت بەخـوا کەسـی چاکـە، خـۆ ڕاستیشـمان دەکـرد چاك بـوون، بـەڵام بـۆ سیاسـت و بازرگانـی نـە، بەڵکـو بـۆ ئیعـلام بـۆ نمونـە باش بـوون، هەواڵیـان جـوان دەخوێنـدەوە، بـەڵام ئێسـتە خـۆی لـە هەواڵـەوە دەردەکەوێـت کـە چـۆن خۆڵـی کـردە چاومـان.

زۆرهەیـە بەنـاوی دینـەوەو شـکڵێکی دینیـەوە ئەگـەر وریـا نەبیـن ماڵـت کاول دەکات، لـە کەسـێکی سـادەو بگـرە نیـەت پاکیشـەوە بـەڵام بەبـێ زانسـت تـا ئەوپـەڕی فاڵگـرەوە، گـەر خـۆت ژیریـت ڕۆشـنفکر نەکردبێـت

بـە دەقـە دروسـتە دینیـەکان ڕێـك ماڵـت کاول دەکات و نـەك دونیـا قیامەتیشـت لـێ دەسـەنێت!
لـە بـواری کتێـب و نووسـین و ڕۆشـنبیردا کاڵای وا سـاغ دەکەنـەوە چ فیزکـی و چ فکریـش بـە کەڵکـی پولێکـی قەڵـب نایـەت!
بـەڵام ئەقڵیەتـی زۆرینـە هـەردەم بـە ئاسـانی چەواشـە دەکریـت، دەزانـن ناونیشـانەکەی سـەرنج ڕاکێـش بـوو ئیتـر خەڵـك دەیخوێنێتـەوەو هەڵپەی بـۆ دەکات، بـەڵام دواتـر ناوەرۆکەکـەی لەبـری کەسـی سـەرکەوتوو ڕێـك دەتخاتـە ناوەڕاسـتی قوڕێکـی هـەس و مـچ بـە دە کەسـەوە نەتوانـن دەرت بهێنـن.
هـەر بـۆ نمونـە ئێسـتە لەسـەروبەندی ئـەم ڤایرۆسـی کۆرۆنـادا ڕێـکلام بـۆ سـەدان کاڵا دەکـەن کـە هیـچ پەیوەنـدی بـە کۆرۆنـاوە نـی یـە، ئاخـر هێشـتا چـارە نەدۆزراوەتـەوە لەکـوێ زانیتـان هۆکارەکـەی چـی یـە! شێرپەنجە کـە سـەدان ساڵە بـاوەو هەیـەو بـە حسـاب عیلاجیشـی هەیـە هێشـتا هۆکارەکـەی ڕوون نـی یـە، ئـەم کۆرۆنایـە چـۆن یەکسـەر گەرمـاو گـەرم زانـرا کـە دۆینـەو ترخێنـە بـۆی باشـە! مـن کەسـێکی کـوردم دی بـە جـل و بەرگـی پزیشـکی و بەدلـەی سـپیەوە لەنـاو دەرمانخانەیەکـدا بـە جـدی قسـەی دەکـردو دەیگـوت ترخێنـە یـەکای یەکـەو بیخـۆو ئیتـر خەمـت نەبێـت، کۆرۆنـا چـی یـە! باوکـی کۆرۆنـاش پێـت ناوێرێـت!
دکتـۆرو پرۆفیسـۆر هەیە لە بەریتانیـاو ئەمریکا لەگەڵ کەسێکی هاوڕێیدا دەسـت دەکـەن بەیەکـداو پێکـەوە کتێبێـك دەنووسـن، بەناونیشـانێکی لـەو شـێوەیەو خۆیانـی پـێ دەکـەن بـە سـەرمایەدار، خوێنـەران قەناعـەت بـە نووسـینەکانیان دەکـەن و ئـەوان خۆیـان قەناعەتیـان پێـی نـی یـە، ئـەوەی قەناعەتیـان پێـی هەبـووە پارەکـە بـووە کـە دەسـتیان کەوتـووە، خوێنەریـش کەوتووەتـە نـاو دونیایەکـی وەهمیـەوە ناتوانێـت لەگـەڵ

واقعـدا مامەڵـە بـكات، هـەروەك ئـەو گەنجانـەی خۆمـان كـە ئەوەنـدە ڕۆمـان و نوسـینی وەهیمیـان خوێندووەتـەوە لەسـەر ژیانـی هاوسـەری و دونیـای عەشـق و پێكـەوە ژیـان، دواتـر لەگـەڵ كەسـدا نایـان كرێـت، چونكە وەهم و حەقیقـەت دوو شتی لێك جیاوازن! هەتا مسوڵمانیشـەو حیجـاب و ڕێـك و پێـك دوای ٢ ڕۆژ تـڵاق دەدریـت، پیاوەكـە كـوڕی چـاك و بنەماڵـەی چاكـە هـەر زۆری ئێسـتە پێـش گواسـتنەوە لێـك جیـا دەبنـەوە، مـن زۆرجـار كەوتومەتـە نێوانـی ئـەو دوو چینـە هیچكامیـان حـەق نەبـوون! تەمەنێكیـش لـە خوێندنـەوەی پـڕو پـوچ بـە جەلسـەیەك كۆتایـی نایـەت!

هەربۆیـە خوێندنـەوە گـەر بـە وریاییـەوە نەبێـت، وردە وردە زۆرێكـی گوێـی مـرۆڤ درێـژ دەكات، هەیـە دەنگـی بـەرز دەكات، هەیـە دوو پێـی زیـادەی لـێ دەڕوێنیـت! هەمووشـی بـە خوێندنـەوە وای لێهاتـووە، ئەنجامەكەشـی لـەو ئاژەڵـەوە دەرچـووە!

## ئەسڵی مەطلەب

خـوای گـەورە باشـترین كتێـب كـە قورئانـە بـە باشـترین مرۆڤـدا كـە محمـدە درودی خـوای لـێ بێـت ناردویەتـی و عیـلاج و باشـترینەكانی زۆر بـە ڕوونـی دیـاری كـردووە تێیـدا، یەكجـار سـەیری ئـەو قورئانـە بكـە هـەزاران ئایەتـی تێدایـە تەنهـا بـەو ئایەتـە دەتوانیـت ڕێـڕەوی باشـترین و سـەركەوتووترینی تێـدا بدۆزیتـەوە!

دەمەوێـت نهێنیەكـی گرنـگ نیشـانی تـۆ بـدەم لـەو قورئانـەدا كـە لـە هیـچ تەفسـیرێكدا دەسـتت ناكەوێـت، یـان دروسـتترە بڵێـم بـە تەفسـیر ناكرێـت، ئەویـش تێڕامانـە لـە قورئانـدا، تێڕامـان و وردبونـەوە بـە موفەسـیر ناكرێـت، بەتـۆی خوێنـەر دەكرێـت، هەڵوێسـتەی تێدایـە بـۆ ئێمـە گـەر

هەڵوێستەی لەسەر بکەین و لەسەر ئایەتەکان بوەستین و تێڕامانی تێدا بکەین و وردبینەوەو قوڵ بینەوە تێیدا، بەڵام ئەوە بە خودی خۆمان دەکرێت نەك موفەسیر، چونکە تێڕامانەکەش دەکرێت لە هەر یەکێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز بێت، بۆیە ناکرێت زۆرجار ئەو تێڕامانانە وەك تەفسیر بنوسرێتەوە، یان هەیە زۆرجار نوسیویەتی، بەڵام کەسێکی تر هاوڕا نەبووە لەگەڵیدا چونکە ئەو بە جۆرێکی تر تێڕامانی تێدا کردووە، بۆیە لە کاتی خوێندنەوەیدا دەبێت تۆ گشت حەواسەکانت ئامادەگی هەبێت و بیری قوڵ و تێڕامانی دروستی تێدا بکەیت و لەسەری بوەستیت، ئێمە زۆر زۆر پەلەمانەو هەر دەڵێین خێراکە، ئادەی یەڵا برۆ زوو خەتمی بکە، با خێرا تەواوی بکەین، هەتا چاو دەپۆشین لە هەڵەی هەتا زمانەوانیش لە پێناو تەواو کردنیدا، بۆیە سەدان خەتم دەکەین و هێشتا قورئانمان نەناسیوە، قورئان بۆچی بە ٢٣ ساڵ دابەزی، بۆ بە یەك جار نەهاتە خوارەوەو خوای گەورە بفەرموێت فەرموو محمد ئەوە هەموویم کردووەتە ٢ تویێی کتێبێك و کۆکراوەتەوەو سەرەو بۆرەشی بۆ کراوە، تا لە کۆتایدا ئیتهامت نەکەن بەوەی بڵێن چۆن و کێ کۆی کردەوەو گومانی تێدا دروست بکەن، نەخێر وا نەکراوە، تێیدا هاتووە خەمت نەبێت لەوەی پارێزراو دەبێت (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ) کە پێغەمبەر ترسی لەبیرچونەوەو پەلەی دەکرد لە قورئانەکەدا متمانەی ئەوەشی پێدرا کە وانەکات ئەوە بیری مرۆڤە بەڵام خوای گەورە خۆی لە پشتی قورئانەکەیە (لَا تُحَرِّكْ بِهِ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِ) لە کۆتایشدا ئەوە قورئانەکەیە ئێستە لە بەردەستماندا تەنها یەك تۆز تێرامانی تێدا بکە بزان هیچ کتێبك وەك قورئان بەم شێوەیە ماوەتەوە، لەوپەڕی دونیا بۆ ئەو پەڕی دونیا بڕۆو لەوکاتەوە کە ئەو قورئانە دابەزیوە

بـزان هەمـووی هـەر وەك یـەك نـی یـە، كـە گەورەتریـن نهێنـی تێدایـە، دەیـان بابەتـی خـۆم دیـوە خەڵـك بردویەتـی و یـەك تـۆز دەسـتكاری كـردووە، یـان زۆرجـار هـەر ناونیشـانەكەی گۆڕیـوەو وەك پۆسـتی خـۆی بـڵاوی كردووەتـەوە، چونكـە نوسـینەكەی مـن پارێـزراو نـی یـە، ئێسـتە كەسێك دەتوانێـت هـەر ئـەم نووسـینە ببـات و لەنـاو دێڕەكانیـدا شـتی بـە ئـارەزووی خـۆی تێكـەڵ بـكات و منیشـی پـێ تاوانبـار بـكات، ڕیكلامێكـی فـراوان و سـەرنج ڕاكێـش و فـول HDی بـۆ بـكات نـەك خەڵكـی دوور نـی یـە خۆشـم بـاوەڕی پـێ نەكـەم!

نزیكـی ١٠ سـاڵ پێـش ئێسـتە موقابەلەیەك كرام لـە گۆڤارێك و بە مانشـێت و وێنـەی گـەورە لـە كوردسـتان بـڵاو بویـەوە دژی حیزبـە ئیسـلامیەكان، دكتـۆر سـەباح بەرزنجـی پەیوەنـدی كـرد كـە شـتی لـەو شـێوەی لـە گۆڤارێكـدا خوێندوەتـەوە، قەناعەتـی نەبـوو كـە مـن شـتی وام نوسـی بێـت، هەتـا لـە گۆڤارێـك بـڵاو ببویـەوە كـە مـن مقابەلەكـەم لـەو گۆڤـارە نەكردبـوو، ئیتـر تەشـەنەی كردبـوو، مـن خـۆم دەسـتم بـە گۆڤارەكـە نەگەشـتبوو تـا ڕۆژێـك برادەرێـك وتـی ئـەم گۆڤـارەم كڕیـوە لەبـەر وێنەكـەی تـۆ كـە بـە بەرگەكەیـەوە بـووە، كـە خوێندمـەوە سـەیر دەكـەم ناوەرۆكەكـەی گـۆڕاوە، مـن شـتی لـەو شـێوەیەم نەوتـوە، مـن ڕەخنـەم گرتبـوو بـەڵام سـوكایەتیم نەكـردووە، یـان سـفرم نەكردوونەتـەوە! بـە هـەزاران شـتی وا بـە ئاشـكراو بـە بوونـی كەسـەكانیش دەكرێـت، بـەڵام قورئـان ئەوەتـا نەكـراوەو وە ناشـكرێت!

ناونیشـانی ئـەم بابەتـە پێویسـتی بـە ئەوەنـدە وەردەكاری هەبـوو بـە گوشـراوی تـا كـە ئـەوەی دەمەوێـت بیڵێـم تـۆی خوێنـەر كـە چـاوت بـە دەقەكـە كـەوت بتوانیـت تێڕامانـی تێـدا بكەیـت، هەڵوێسـتەو هەڵوێسـت لـە دەقەكـە وەرگریـت، وات لـێ بـكات وردو قـوڵ بیـر بكەیتـەوە، خـۆت

بتوانیت خۆتی تێدا بدۆزیتەوەو ببیت بەو مرۆڤەی کە باشترین و سەرکەوتووترین بین، ئەویش زۆر سادەی و زۆر بە ئاسانی خراوەتە بەردەستمان لە تەنها نەك یەك ئایەت بەڵکو لە نیو ئایەتدا، وەڵامی ئەو ناونیشانەت دەست دەکەوێت، ئەویش ئایەتی ١١٠ سورەتی ال عمران کە دەفەرموێت (كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ تَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَتَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَتُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِۗ)
واتە: ئێوە (موسوڵمانان)، باشترین گەلێك بوون، بۆ خەڵکی هێنرابێتە دی،١- فەرمان دەدەن بەچاکە ٢- جڵەوگیری دەکەن لە خراپە ٣- بڕوا دەهێنن.
بەو شێوەیە کە من ژمارەم بۆ داناوە ئاوا سەیری ئایەتەکە بکە، کە تۆ بەچی دەبیتە باشترین و سەرکەوتوترین کەس کە تەنها ٣ خاڵ لە خۆتدا ڕەچاو بکە! ئەمە کەلامی رب العالینە نەك نووسەری بازرگانێك و هەڵخەڵەتێنەرێك، ئەمە بۆ ئەوەیە تۆ هەڵنەخەڵەتێنن!
کتێبی وا هەیە ١٠٠ خاڵی نوسیوە تەنها لەسەر شێوازی جل و بەرگ، چۆن قۆپچەکان دابخرێت، چۆن تەنسیقی جلەکان لەگەڵ یەکدا بگونجێت، خەڵکی ئەوەش دەکات بەڵام نابێتە سەرکەوتوو، لە ڕۆما موبایلێکی ئایفۆنم دۆزیەوە بەرگێکی سوری ژنانەی پێوە بوو، هەڵمگرت و لەو نزیکە پاڵم داوە پایەیەکەوەو وەستام و چاوم دەگێڕا بەچواردەوردا سا بەڵکو خاوەنی بۆ پەیدا ببێت، ئافرەتێکم بینی شڵەژابوو جلەکەی وەك بەرگی موبایلەکە بوو، بەبێ ئەوەی قسە بکات وتم بگرە ئەوە موبایلەکەتە، چونکە زانیم بەرگی موبایلەکە وەك بەشی سەرەوەی جلەکەی بووا حەپەسا کە چۆن بەبێ قسە موبایلەکەم پێداوە، هەڵمەتی دا باوەشم پێدا بکات، وتم نەکەیت خەتەرە، خوا حافیزت بێت و هیچم ناوێت!

ئـەو هەمـوو تەنسـیقانە گرنگـی پـێ دەدەن بـەڵام تەنسـیقی قورئانـی لەبیـر دەکەیـن، کـە لـە نیـو ئایەتـدا تـۆی خوێنـەری ئـەم بابەتـە دەکاتـە مـرۆڤ گـەر تەنها ئـەو نیـو ئایەتـە پەیـڕەو بکەیـت کـە تەنها ٣ داواکاریـە ئەوانیـش دووبـارەی دەکەمـەوە.

١-فەرمان کردن بە چاکە.

٢-ڕێگری کردن لە خراپە.

٣-باوەڕهێنان بەخوای گەورە.

واتـە گـەر تـۆ بتوانیـت بـە بەردەوامـی ڕێگـەی چاکـە نیشـانی خەڵکـی بدەیـت ئـەوە خاڵـی یەکەمـت جێبەجـێ کـردووە، گـەر بتوانیـت لەگـەڵ خراپـەدا نەبیـت و نەدەیـت بـە پشـتی ملتـا بـۆی و ئەشـهەدوی بـۆ بکەیـت و خراپــە بــە خراپــە هــەردەم بناسـێنیت ئــەوە لەوەشـدا سـەرکەوتوو بوویـن، گـەر ئیمانـت بـەو خـوا عەزیمـە هەیـەو لـە دڵتـدا جێگیـر بـووەو بەهیـچ نایگۆڕیتـەوەو مامەڵـەو بازرگانـی پێـوە ناکەیـت ئـەوە لەوەشـدا سـەرکەوتوو بوویـت و کەواتـە تـۆ باشـترین و سـەرکەوتووترین مرۆڤیـت.

ئێسـتە دەتوانیـت سـەیری دڵـی خـۆت بکەیـت، ئـەو بـاوەڕە تـا چەنـد لـە دڵتـدا جێگـەی خـۆی گرتـووە، بـاوەڕ کـە لـە دڵـدا جێگیـر دەبێـت دونیـات بـە تـەواوی دەگۆڕێـت، تـۆ لـە دونیـادا بـاوك و دایـك کـە خۆشـت دەوێـت هەتـا دوای مردنیشـیان لـە ڕۆژی دایـك و باوکـدا دڵـت بۆیـان دەسـوتێت و بـە هێزێکـی مەعنـەوی دەزانیـت، لـە کاتێکـدا خـۆ زۆربـەی دایـك و باوکـەکان هەتـا سـتەمیان لـە منداڵەکانـی خۆشـیان کـردووە، کەمتەرخەمـی زۆریـان نوانـدووە، کـورە دایـك و باوکـی ئێسـتە زۆربـەی هەسـتی بەرپرسیاریەتی تەواویشـی نـی یـە، ئامادەیـە منداڵەکـەی برسـی بیـت تـا زنجیـرە درامەکەکـە تـەواو دەبێـت شـیرێکی بـۆ نـەکات، هـەزار پرسـیاری لـێ بـکات جوابـی ناداتـەوە تـا هەواڵـەکان نەبیسـتێت! سـەدان

شتی تر!
بەڵام بوونی خوا لە دڵدا مرۆڤ دەکات بە مرۆڤ، وات لێ دەکات قوربانی بۆ بدەیت، ئەمر بە چاکەی ئەو قورئانە بە چاکە بکەیت و نەهی و خراپەکانیشی بە خراپە نیشان بدەیت و هەوڵ بدەیت خەڵکی تێی نەکەوێت.
ئێستە سەیری نامەی کردەوەکانت بکە تەنها لە فەیسبوکدا بزان تا چەند ئەو ٣ خاڵەی تێدا جێبەجێ کراوە، گەر وابوو شوکری خوای لەسەر بکەو بەردەوام بە، گەر وا نەبوو پەلە بکەو تەعدیلیان بکە.
ئەگەر دەتەوێت باشترین و سەرکەوتووترین مرۆڤ بیت، زۆرکەس هەیە بوەتە سەرمایەدار، یان بوەتە سیاسی و پلەو پۆستی دونیای، بەڵام ئەوانە هیچیان نە باشترینن نە سەرکەوتووترینن، گەر ئەو ٣ خاڵەی تێدا نەبێت.
قورئان بخوێنە جیاواز لەوەی کە پێشر خوێندوتە، خەزێنەیەکە ئایەتی وای تێدایە تا هەڵی بکەنیت زۆرتر گەوهەری لێوە بە دەست دەخەیت، تەنها حەواسەکانت ئامادەگی لەگەڵ قورئاندا هەبێت هەر سەیری بەرگەکەشی بکەیت شتی لێوە فێر دەبیت.
پێویستە بە چەندین شێوازی جۆراو جۆر لە مەفهومی ئایەتەکان تێبگەیت و مانا پێچەوانەکەشی وەرگریت تا بزانیت ئەسڵەکەی چۆنە، دکتۆر محمد خانی وتی کۆمەڵێك بە زانایەکی مسوڵمانیان وتووە بونی خوامان بۆ بسەلمێنە، وتی ئەو هەرچی دەگوت هەر فائیدەی نەبوو، کۆمەڵەکە باوەڕیان پێی نەدەهێنا، وتی لە کۆتایدا وتی دەی باشە برا ئەوە من نەمتوانی بونی خواتان بۆ بسەلمێنم، دەی ئێوە نەبوونی خوام بۆ بسەلمێنن! وتی بە هەموویانەوە نەیانتوانی چۆن نەبونی خوا بسەلمێنن، ئاخر ئەگەر سەلماندنی سەخت بێت نەسەلمانی

زۆر سـەختترە، تـۆ سـەیری هەرکـویێ بکەیـت هـەر بونـی دەسـەلمێنیت، گـەر بـەوە باوەڕنەکەیـت و چاویشـت بنوقێنـێ لـە ڕاسـتیدا نوقانەکـەش هـەر سـەلمانە، ئـەو وزە لـە کویـێـوە هـات تـۆ پێڵـوی چاوەکانـت پێکـەوە بنوسـێنیت!
قوربانـی قورئـان بـم یەکـەم ئایـەت بـە (اقْـرَأْ) بخوێنە دەسـتی پێکـردووە، بـەڵام چ خوێندێـك (بِاسْـمِ رَبِّـكَ الَّـذِي خَلَـقَ) کام خالقێـك ئـەو خالقـەی کـە (خَلَـقَ الْإِنْسَـانَ مِـنْ عَلَـقٍ) دیسـان چـۆن بخوێنـم (اقْـرَأْ وَرَبُّـكَ الْأَكْـرَمُ) چ جـۆرە کەرەمێـك ئـەو کەرەمـەی کـە (الَّـذِي عَلَّـمَ بِالْقَلَـمِ) وە چیتـر لـە ڕێگـەی قەڵەمـەوە (عَلَّـمَ الْإِنْسَـانَ مَـا لَـمْ يَعْلَـمْ) چەنـد خۆشـە مـرۆڤ بزانێـت لێـرەدا ببێتـە ئـەو مرۆڤـە نـەك ئـەوەی لـە دوای ئایەتەکـە باسـی دەکات (كَلَّا إِنَّ الْإِنْسَـانَ لَيَطْغَـى) دەبینـی مـرۆڤ چەنـد سەرسـەختە هـەر ئەوەنـدە دەسـتی گەشـتە پلـەو پایـەو پارەکـە ئـاوا هەمـوو شـتی لەبیـر دەچێـت (أَنْ رَآهُ اسْـتَغْنَى) ئیتـر بـەو شـێوەیە لەسـەر ئایەتـەکان ڕاوەسـتەو خـۆت و ژیانـت و سـەرکەوتنتی تێـدا بـدۆزرەوە.
بـڕوات بـە الله هـەردەم بەهێـز بێـت، ئـەوەی ئەمـری پێکـردووە تـۆش هەوڵـی بڵاوکردنـەوەی بـدە، ئـەوەی بـە خراپـە نـاوی هێنـاوە تـۆش بـە خراپـە بیناسـێنە، پێـش هەمـوو کـەس خـۆت پەیـڕەوی بکـەو بـاوەڕت پێـی هەبێـت، دەبێـت بـەو چاکتریـن و سـەرکەوتوترینە کـە خـوای گـەورە بـەو شـێوەیە نـاوی هێنابیـت نـەك بـە دەنگـی پەرلەمـان و بـە پشـتگیری کوتلەیەکـی حیزبـی.
خوای گەورەو بەرنامەکەیت لەبیر بێت و هەردەم شوکری بکە.
(فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُوا لِي وَلَا تَكْفُرُونِ)
خـۆ مـن لەبیـرت ناکـەم خوایـە گیـان تـا بکەویتـەوە بیـرم، هەمـوو چرکەیـەم کـەر فەزڵـی تۆیـە، شـوکر خودایـە.

کە سەیری قورئانیش دەکەیت ڕێك لەم گەردونە دەچێت، ئایەتەکانی لەگەڵ یەك گونجاوە، دژایەتی تێدا نی یە بەرانبەر یەك، چوون حەق نابێت دژی حەق بێت، لەگەڵ پێداویستیەکانی مرۆڤایەتیدا گونجاوە، ناخی مرۆڤەکان دەدوێنێت و ئاوی دەدات، ئەوەی لە ژیانیدا گرنگ بێت پارێزگاری لێ کراوە، هەندێکی یاسای توندی بۆ داناوە بۆ ڕێگری کردن لێی، هەندێکیشی ئەوەی یاسا ناتوانێت بیدۆزێتەوە هەڕەشی قیامەتی لێ کردووە.



پەیامەکانی قورئان

(بەرگی یەکەم و دووهەم)

د.عومەر عەلی

٢٠٢٠

ISBN 978-168454167-6